# ڕیفراندۆم

## چەسپینی ئیرادە و پارێزەری داهاتووی گەلێک

کوردۆ شابان

کوردستان، هەولێر
٢٧١٨ ک - ٢٠١٨ز

ناوی کتێب: **ڕیفراندۆم**
**چەسپینی ئیرادە و پارێزەری داهاتووی گەلێك**

نووسەر: **کوردۆ شابان**

گرافیك و دیزاین: **لوقمان ڕەشیدی**

شوێن و ساڵی چاپ: **ڕۆکسانا ـ ۲۰۱۸**

نۆرەی چاپ: **یەکەم**

تیراژ: **۱۰۰۰ دانە**

نرخ:

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی () ساڵی ۲۰۱۸ی پێدراوە.

# پێرست


پێشەکی
ناسیۆنالیزمی کورد دوای ڕیفراندۆم
خۆزگە بێ ڕیفراندۆم سەربەخۆییمان ڕا دەگەیاند
ئەرێ بەڕاست کورد نازانێ دەوڵەت بەڕێوە ببات؟
سنوور. ئەو پیرۆزکراوەی دەبوو نەفرینی لێ بکرێ
هەلێکی لەدەست نەچوو بۆ سەربەخۆیی
دامەزراندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کورد نزیك بووەتەوە
کوردستان ٣٧٥ ملیار دۆلاری قەرەبووی لای بەغدایە
هیچ ڕێککەوتنێك لەگەڵ بەغدا سەرناگرێ
ڕیفراندۆمەکەی باشووری سوودان ئەزموونە بۆ باشووری کوردستان
کورد نەبوو بە بەشێك لە تورکیا دەبێت بە دراوسێی
یەکلاکردنەوەی دۆخەکان لە سووریا، هەرێمی کوردستان لە سەربەخۆیی نزیك دەکاتەوە
ڕاگری کۆلێژی شەریعە: بە دەقی قورئان بنەمای دەوڵەت دادپەروەرییە
هەرگیز کورد هێندە بەهێز نەبووە
سەرۆکی یەکێتیی زانایان: سەربەخۆ نەبین ژیان و کەرامەت و نامووسیشمان لە مەترسیدایە
بۆچی ئەمەریکا پشتیوانیی سەربەخۆییی کوردستانی نەکرد؟
با باوەڕ بە بیردۆزی پیلانگێڕی بهێنینەوە
نیشتمانێکی پیلان بۆ داڕێژراو. گەلێکی هەڵوەشاو
بۆ پیرمام، سلێمانی لە واشنتن نزیکترە

خاڵی هاوبەش
کوڕەکەی هەژار موکریانی: بابە هیچمان ڕاست نەبووین
مەیموون نیم، دەوڵەتم دەوێ
ئێمە کێین؟
با سوود لە پیلانەکانی مالیکی بکەین
لە تەنگژەوە، ورە لەدایك دەبێ
نازییەکانی کوردستان نەك ناگیرێن چەپڵەیان بۆ لێ دەدرێ
خوا توڕەیە
کورد لە جوو دەچێ
« بارزانی دڵنیایە چی دەکات و ئەمەریکاش دژی سەربەخۆیی نییە»
پاسپۆرت و دراوی کوردستان ئامادەیە
نووسەرێکی عەرەب وەڵام دەداتەوە: ئایا کورد لەسەر حەقە یان عەرەب!
جیهاد ئەلخازن: کورد شایەنی وڵاتێکی سەربەخۆن
ئەگەرەکانی سەربەخۆیی کوردستان
دووەم فیشەکی کورد
کورد دەبێ دڵ بە چ عێراقێك خۆش بکات؟
لە بەرشەلۆنەوە بۆ هەولێر
ئێران شکستی بە کورد هێنا. ئایا واشنتن بارزانی کۆ دەکاتەوە؟
بگرە خەونی کورد نزیکتر بووەتەوە
ڕووخاین. هەڵدەستینەوە
خەونی سەربەخۆیی کورد لەجێی خۆیەتی
مارشی سەربەخۆیی

ئاخۆ کەی بێت
کاوەی کوڕم
جانتای سەفەر کاتە شانی
دەڵاڵانی شاری سنە
هاوار بکەن
سلێمانی، سلێمانی

جەلال مەلەکشا

بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کەسیی نەبوو، بڕیارێکی هەمەلایەنە بوو، ٩٣٪ی خەڵکی کوردستان بە «بەڵێ» دەنگیان دا و پرۆسەکە سەرکەوتوو بوو. بڕوایشم وایە، داهاتووی گەلی کوردستانی پاراست. ڕاستە هەندێك بەربەست لە قۆناغی دوای ڕیفراندۆم هاتنە پێش، بەڵام ئیرادەی گەلی کوردی زیندوو کردەوە. داگیرکردنی زیاتر لە نیوەی ناوچە کوردستانییەکانیش کاتییە و ناتوانێ ناسنامەی ئەم ناوچانە بگۆڕێت و هیچ گۆڕانکارییەکی زۆرەملێ بەسەر دێموگرافیای کوردستان قبووڵ ناکەین. داهاتووی دوای ڕیفراندۆم لە ڕابردووی گەشتر دەبێ.

**مەسعوود بارزانی**

چاوپێکەوتنی نیویۆرك تایمز/ حەوتی تشرینی دووەمی ٢٠١٧

# پێشەکی

ئەم موڵکە نەزمی نابێ بەبێ زەبتی واریسی
سالم

کورد بۆچی ڕیفراندۆمی کرد؟ ڕووداوە ڕاستەوخۆکانی دوای پڕۆسەکە، وای لە بەشێکی خەڵکی ڕەشبین کرد، بە هەڵەیەکی ستراتیژی و نەخوێندنەوەی لۆژیکیانەی سەردەم و دۆخ لە قەڵەمی بدەن و خودی بارزانی بە کەسێکی سەرکێش تا ڕادەی هەڵەشە تۆمەتبار بکەن کە هیچ بیرێکی لە کاردانەوەکان نەکردووەتەوە. ڕووداوەیلی دوای ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، زیاتر لە هاتنی گرووپی تیرۆریستیی داعش و بەهاری عەرەبی، سەلماندیان کە پرۆسەی ڕیفراندۆم لە کاتی گونجاوندا بوون و ئەگەر ئەو کارتە بۆ قۆناغی داهاتوو بەدەست کوردەوە نەبێت، ئەگەری هەیە وەك چۆن لە دابەشکردنی سایکس-پیکۆت بێبەش کرا، لە گۆڕینی نوێی دیمۆگرافیای ناوچەکە، جارێکی تر بەشی دەخورا.

وەك شیکەرەوەیەك و ڕۆژنامەنووسێك کە بەردەوام هەنگاو بە

هەنــگاوی پرۆســەی ڕیفراندۆمــم لــە چەنــد مانگــی پێــش وادەکــەی و تێپەڕبوونــی ســاڵێك بەســەریدا ڕووماڵ کــردووە و بــۆ هــەر هەنگاوێکــی خوێندنــەوەی خــۆم هەبــووە، هەروەهــا بەهــۆی ئــەو پێوەندییانــەی لەگــەڵ خەڵکــی بیانــی و ئــەو گەڕانــەی بەســەر میدیاکانیــان کردوومــە، هەمیشــە بــە زووم-ئــاوت تەماشــای پرۆســەکەم کــردووە. شــیکارانی هــەر دۆخێــك، کاتێــك لــە نــاوەوە و زووم-ئیــن بــۆ ڕووداوەکان دەکــەن، ناتوانــن پشــوودرێژ بــن و هەمــوو لایەنەکانــی بابەتەکەیــش نابینــن. کاتێــك مەودای بینینــت بــۆ هــەر شــتێك فــراوان بکەیــت، وێنــە گەورەکــە دێتــە بــەر چاوت، بــەو هۆیــەوە دەتوانــی خوێندنەوەیەکــی دروســتری بــۆ بکــەی. ئــەم تێڕامانــە دوورە بــۆ جیۆپۆلەتیکــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــە گشــتی وای کــردووە، هەرگیــز بــۆ ســاتێکیش گومانــم لــە گونجاویــی کاتــی ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم نەبــێ. ئێــران پڕۆســەیەکی پاوانخوازیــی ئایینیــی مەزهەبــی بــۆ ســەر ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت دەســت پــێ کــردووە و ســوود لــە هەمــوو قەیــران و دۆخێکــی نەخــوازراوی وڵاتانــی ئــەم ناوچەیــە دەکات بــۆ ئــەوەی ســەرەتا دەســت بخاتــە کاروبارەکانییــەوە، ئینجــا خــۆی بــە تــەواوی بچێتــە نــاوی. ئــەم هەنگاوانــەی کۆمــاری ئیســلامی، کاتێــك دەبینــی لــە یەمــەن، لوبنــان، ســووریا، ئیــمارات، بەحرەیــن، عومــان، قەتــەر و تەنانــەت نــاو سعوودیە و میسرِ جێــی بووەتــەوە و عێراقیــش بــە شــێوەی نیمچــە تــەواو بەشــێکە لــە خــۆی، چــۆن دەبــێ پێــت وا بێــت، دەســتی ناگاتــە باشــووری کوردســتانیش؟ ڕیفرانــدۆم بکرایــە یــان نــا، ئــەوان هــەر دەبــوو هەنگاوەکانیــان بهاویــژن بــۆ ئــەوەی بیکەنــە ڕێگەیەکــی ئاســان تــا دەگاتــە ســەر ســنووری ئیسرائیــل. کاتێــك لــە نــاو عێراقێکــی تــەواو ملکــەچ بــە خــۆی، لــە نــاو کۆمەڵــێ وڵاتــی لاوازی عەرەبــی کــە سعوودیە و هاوڕێکانــی لــێ دەرچــێ، بــە دەگمــەن هەڵوێســتیان بەرانبــەری دەبــێ،

باشووری کوردستان هەڵدەستێتەوە و داوای سەربەخۆیی دەکات، دەبێتە پرۆسەیەکی تەواو جیهانی و تا ئەو ڕۆژەیش کە ڕیفراندۆمەکە کرا، سۆزی وڵاتان لەگەڵ بڕیاری کوردستان بوو.

ئەم سۆزە بۆ کتوپڕ گۆڕا و هەموو وڵاتان لەماوەی چەند سەعاتێکدا، سیاسەتی پاشگەزبوونەوە لە پشتیوانیی گەلی کوردیان هەڵبژارد، تا ئەو کاتەی زیاتر لە نیوەی خاکی کوردستان بە دەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و سوپای قودس بە هاوکاریی دەستێکی ناخۆیی داگیر کرا، ئینجا دەنگێك لە ڕووسیا و دەنگێك لە فەرەنسا بۆ پشتیوانی کورد بەرز بووەوە و وردە وردە دەنگەکان زیادیان کرد! تۆ بڵێی پاشگەزبوونەوەکە لەخۆڕا بووبێ و پاشان پشتیوانییەکانیان بۆ گەڕانەوەی دۆخی ئابووریی کوردستان، ئەویش لەخۆڕا بووە؟ هەڵبەت ئەوە نەزانییە بڵێین: بەڵێ. وەڵامە ڕاستەکە ئەوەیە، جیهان بەوپەڕی چاودێرییەوە دەڕوانێتە هەرێمی کوردستان و بە هیوایەك بۆ ڕاگرتنی پاوانخوازیی ئێران و دیوارێك بۆ نەگەیشتن بە ئیسرائیل تەماشای دەکەن، بەڵام هەمیشە زلهێزەکان، هەتا قۆناغێك بە تەواوی پێ نەگات، نایانەوێ قۆناغی داهاتووی بەسەردا بێت و پێیان خۆشە لە بەرژەوەندیی قۆناغی نوێ بۆ خۆیان مسۆگەر بن، ئینجا ڕێگەی پێ بدەن، هەر ئەمەیشە وای کردووە، پێیان وا بێ، وێڕای دەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی، چاوەڕێ بکەن تا دوایین هەناسەی سوودوەرگرتن لە عێراق و نەوتەکەی. ئەم چاوەڕێییە، لە ڕووی مرۆیییەوە، بێ ویژدانییە بەرانبەر ئەو خەڵکانەی لەو ناوچانە دەژین کە دەکەونە ژێر پلان و پیلانەکانەوە، چونکە دەبنە قوربانیی یەکەم بۆ ئەو چاوەڕوانییەی ئەوان پێیان وایە جارێ کاتی نەهاتووە.

ئـەم کتێبـە، بریتییـە لـە بەرهەمـی سـاڵێك، شـەش مانـگ پێـش ڕۆژی ڕیفراندۆمەکـە و شـەش مانگـی دوایـی و کارێکـی ڕۆژنامەوانیـی تاکەکەسـییە کـە زۆربـەی لـە هەفتەنامـە و ماڵپـەڕی «وشـە» بـڵاوم کردوونەتـەوە، بەشێکیشـی لـە میدیـای دیکـە و تەنانـەت بەشێکیشـی لـە پێگـە تایبەتەکانـی خـۆم لـە تۆڕەیلـی کۆمەڵایەتـی. ئەگـەر لـە داهاتـوودا، کەسـێك بیـەوێ هەمـوو شـتێك لەسـەر ڕیفرانـدۆم بزانـێ، ئـەوا ئـەم پەرتووکـەی بەردەسـتی، بـە تەنیـا تێـری نـاکات، بەڵکـوو دەکـرێ ببێتـە بەشـێك لـە پڕۆژەیەکـی گـەورە لەسـەر ڕیفرانـدۆم. مـن هەوڵـم نـەداوە لـەم کتێبـەدا، وردەکاریـی ڕیفراندۆمەکـە وەك پانۆرامایەکـی ڕووداوەکان بگێڕمـەوە، زیاتـر ویسـتوومە ئـەو ڕوانگانـە بخەمـە ڕوو کـە پێـم وایـە، لـە شـوێنی تـر بـەو شـێوەیە و بـەم خوێندنەوەیـە دەسـتت ناکـەوێ.

بـە گشـتی کـۆی کتێبەکـە، بەشـێکە لـە ئەرشـیفێکی گـەورە لەسـەر ڕیفرانـدۆم، هـەر بۆیـە هەنـدێ بابەتـی تێدایـە، ڕەنگـە بـۆ خوێنـەری دوای ڕووداوەکان گرنـگ نەبـێ، بـەڵام بـۆ نـەوەی داهاتـوو کاتێـك دەیانـەوێ بـە شـێوەیەکی ئەکادیمـی خوێندنـەوە بـۆ ڕیفرانـدۆم و ڕووداوەکانـی بکـەن، بـە دڵنیاییـەوە لـە ڕێـی ئـەم کتێبـەوە، کۆمەڵـێ بابەتیـان دەسـت دەکـەوێ کـە هەرگیـز نابـێ بازیـان بەسـەردا بدرێـت.

زۆرینـەی ئـەو راپـۆرت، شـیکاری، توێژینـەوە، دیمانـە، وتـاری کەسـانی بەناوبانگـی جیهانـی کـە خـۆم کارم لەسـەر کـردوون، لێـرەدا دامنـاون، لەگـەڵ بەشـێك لـە وتـار و بۆچوونەکانـم کـە زیاتـر ئەوانـەی ڕای خۆمـن، جووڵاندنـی هەسـتی ناسیۆنالیسـتییە و پێـم وایـە، ئـەوەی ڕیفرانـدۆم بـۆ خزمەتـی ناسـیۆنالیزمی کـورد کـردی، کۆکـراوە و بەرهەمـی خەباتـی سـەد سـاڵی ڕابـردووی کوردسـتانە، بۆیـە دەبـێ بەتەنیـا بەقـەدەر ڕەنجـی سـەدەیەك تەماشـا بکـرێ.

# ناسیۆنالیزمی کورد دوای ڕیفراندۆم

بەهـۆی شـەڕی ناوخـۆوە، جووڵەیـەك و قوتابخانەیەکـی فکـری لـە باشـووری کوردسـتان دروسـت بـوو کـە بـڕوای بـە ناسـیۆنالیزم نەمێنـێ، ئـەم جووڵەیـەش لەوانـەوە سـەری هەڵـدا کـە بەهـۆی قەیرانەکانـی ئـەو وەختـەوە ڕوویـان لـە ئەورووپـا کـرد، ئەورووپایەك کە دوای ئەوەی لەسـەر بنەمـای ناسـیۆنالیزم، زۆربـەی میللەتـەکان دەوڵەتـی سـەربەخۆی خۆیـان دروسـت کـرد، ئینجـا لـە نەتەوەییبوونـەوە بانگەشـەی نیشـتمانیبوونیان دا، بـۆ ئـەوەی بـەو دەسـتی کارە ڕۆژهەڵاتـی و ئەفەریقـی و ناوەڕاسـتی ئاسیایانە بڵێـن، وەرنـە وڵاتەکەمانـەوە کار بکـەن، هەمـان مافـی ئێمەتـان هەیـە و دەبنـە هاونیشـتمان. ئەمـەی بانگەشـەی بـۆ کـرا، بـە چەند سـاڵێك ئاشـکرا بـوو کـە درۆیەکـی گەورەیـە و بگـرە وڵاتانـی زلهێـزی ئابـووری و کەپیتاڵیزمـەکان، بەندایەتییەکـی نوێیـان داهێنـا و جارێکـی دی چینایەتـی دروسـت بـووەوە، تەنیـا لەبـەر ئـەوەی مافـی هاونیشـتمانبوون دەدەنـە

ڕۆژهەڵاتییەك و پاسپۆرتی پێ دەبەخشن، تەمەنی لێ دەستێننەوە و هەمووی دەکەنە قوربانیی ئەو هاونیشتمانە ڕەسەنانەی لە بنەڕەتدا هەستی ناسیۆنالیستبوون تێیداندا نەوەك نەمردووە، بەڵکوو بەهۆی چوونی پەنابەرەوە، بووە بە ڕاسیست.

ئەم کوردانەی تاراوگە، کاتێك دەبینن دوو حیزبی بانگەشەکاری نەتەوەیی، شەڕی براکوژی دەکەن و ئەوانیش لە ئەورووپا مافی ژیانیان هەیە، وەك دژە ڕەفتار، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ناسیۆنالیزمیان دا و بانگەشەکانی ئەورووپایان کۆپی و هاوردە کرد و دەرخواردی ئەو خەڵکەیان دا کە بۆ ڕێگەیەك دەگەڕان تا لەدەست ئەو ڕۆژە دژوارانە ڕزگاریان بکات. هەر وەك چۆن ئێرانییەك لە دژی کۆماری ئیسلامی لە ئایین هەڵدەگەڕێتەوە، یان کاتی خۆی لە دژەڕەفتاری کەنیسە، خەڵکی شۆڕشیان بەسەر ئاییندا کرد. هەر شۆڕشێك تەنیا دژەڕەفتار بێت، ڕەسەنیی بە خۆیەوە نابینێ و زوو دەمرێ. هۆکاری سێیەم کە زۆر کوشندەتر خەڵکیی لە هەستی ناسیۆنالیستی دوور خستەوە، گەندەڵیی چەند ساڵەی کوردستان و ناعەدالەتیی لە دابەشکردنی سامانە، هەمیشەی یان زۆربەیشی لەلایەن کەسانێکەوە کە لە سەردەمی خەبات و شاخدا، قارەمانەکانی میللەت بوون، هەر بۆیە بە شێوەیەکی زۆر خێرا و خراپ، ئەم هەستەی لە ناو زۆرینە سڕییەوە.

لەم کاتەدا، ڕەوتێکی نوێی ناسیۆنالیزمی کورد لە دەرەوەی بازنەی حیزبەکان دروست بوو، ڕەوتێك بڕوای وایە بنیادی نەتەوە پێش بنیادی نیشتمان و وڵاتە و هەتا نەتەوە بەهێز نەبێ، ناتوانی وڵاتێکی سەربەخۆ دروست بکەیت. هەڵگرانی ئەم ڕەوتە ئەگەرچی بەشێکیان ئەندامای حیزبە نەتەوەییەکان بوون، بەڵام بە ئامانج و ئایدیای خۆیان و بڕوای خۆیان کاریان دەکرد و هۆکارێکی باش بوون تا

دەماری نەتەوەییبوون جارێکی تر چەکەرە بکات. تا ڕیفراندۆم هات.

کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆییی کوردستانی دەکرد، گەلی کورد دوو قۆناغی بڕی بوو، قۆناغێکی سەردەمی گەشەی ئابووری کە وای کرد هەستی ئینتیمای تاکەکان بۆ بازنەی خۆیان بەهێز بێت و بازنە فراوانەکەی پێی دەگوترێ نەتەوە، بە تەواوی کاڵ ببێتەوە. دوای ئەم قۆناغە، بریتییە لە قۆناغی هاتنی داعش و تەنگژە ئابوورییەکانی کوردستان کە هەردووکی جارێکی تر هەستی نەتەوایەتی هێنایە خوارەوە و خەڵکی وا لێ کردبوو، لە نێوان گەڕانەوەی مووچە بۆ دۆخی خۆی یان سەربەخۆیی، بڕیار لەسەر مووچە بدات. لەگەڵ ئەوەیشدا، بارزانی توانی ڕووبەڕووی تەواوی ئەو ڕێگریانە بە ڕووی هەستی نەتەوایەتی ببێتەوە و تا ڕادەیەك بە تەنیا، ٩٣٪ی بەشداربوانی ڕیفراندۆمی ڕازی کرد، دەنگ بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی بدەن، تەنانەت هەرە نەیارەکانیشی، لە ڕۆژی ڕیفراندۆم، ڕۆیشتنە سەر سندووقەکان و دەنگیان دا. ئەمەیش سەلماندی، خوێنی کورد لەو جۆرەیە، ناچارە ناسیۆنالیزم بێت، ئاخر بەرانبەرەکانمان هەمیشە شۆڤینزم بوون، بۆیە هەرگیز لە نەتەوەییبوونی پەشیمان نابێتەوە و کۆڵ نادات. خەونی سەربەخۆییی کوردستان، وێڕای ئەو خاڵانە کە هەستی نەتەوایەتییان کاڵ کردەوە، هێشتا لە هەناوی هیچ تاکێکی کورددا نەڕەوییەوە، چونکە بەبێ ئەو هیوایە ناسووڕێ، خوێنی نێو دەماری کورد.

# خۆزگە بێ ڕیفراندۆم سەربەخۆییمان ڕادەگەیاند

ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان، هاوکات بوو لەگەڵ ڕیفراندۆمی زیاتر لە ٢٠ ناوچە یان نەتەوەی ئەورووپی کە خوازیار بوون لە وڵاتی ناوەند جیا ببنەوە، دیارترینیان هەرێمی کەتەلۆنیا بوو، بەڵام ئەویش هاوشێوەی ڕیفراندۆمی کوردستان، سڕ کرا و بگرە سەرۆکەکەیان دەزگیر کرا. ئەم هاوکاتییە وای کرد، هەموو وڵاتانی ئەورووپا سڵ لە ئەنجامی ڕیفراندۆمی کوردستان بکەنەوە، پێیان وا بوو، ئەگەر هەر بڕیارێکی ئەرێیی بدەن، زیانی زۆر بە خۆیان دەگات، چونکە نزیکی هەموو وڵاتێکی ئەورووپیی گەورە، هەرێمێك یان چەند هەرێمێکی تێدابوو، دەیانویست ڕیفراندۆم بکەن و چاوەڕێی ئەنجامی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و هەرێمی کەتەلۆنیایان دەکرد. بۆیە بەلاتەوە سەیر نەبێ، ئەو ئەورووپا گەورەیە، بەهۆی ڕیفراندۆمی کوردستانەوە، ترسی لە پارچەپارچەبوونی خۆی هەبوو،

ئەمەیـش وای کـرد، مەدریـد بـە تونـدی وەڵامـی بەرشـەلۆنە بداتـەوە و ئەورووپـا خۆیـان کـڕ بکـەن لـە هـەر بڕیارێکـی تونـدی بەغـدا بەرانبـەر هەولێـر.

لەبـەر ئـەم هـۆکارە و تەنانـەت لـە دەرەوەی هۆکارەکەیـش، پێـم وابـوو ئەگـەر کـورد یەکسـەر سـەربەخۆیی ڕا بگەیەندایـە، جیهـان دەکەوتـە هەڵوێسـتی خواسـتی دۆخ و بەهـۆی بەرژەوەندییـە ئابـووری و جیۆپۆلەتیکـەکان، ناچـار دەبـوون ددان بـەم سـەربەخۆییە بنێـن.

پێـش سـەد سـاڵ، کاتێـك بریتانیـا و فەڕەنسـا، بڕیاریـان لەسـەر دابەشـکردنی خاکـی کـوردان دا، هیـچ کوردێـك لـەو هۆڵـەدا نەبـوو تـا ڕای لـێ وەربگـرن و «بەڵـێ»ی ئـەو بکرێتـە هەوێنـی ئـەو چـوار پارچەکردنـە، بەپێچەوانـەوە، بـێ ویسـتی خۆمـان، لکێندراویـن بـە خەڵکـەوە، ئەمـەش دووره بنەمـای نەتەوەیەکگرتـووەکان و یاسـا نێودەوڵەتییـە پیادەکـراوەکان. لەکاتێکـدا، زۆرینـەی ئـەو گەلانـەی لـە چوارچێـوەی وڵاتـی گەلـێ یـان چەنـد گەلێکـی دیکـەدا جێیـان بووەتـەوە، بـە ویسـتی خۆیـان بـووە و یەکێـك لـە دوو تەرەفـی واژووەکـە، گەلـی لکێنـدراو بـووە. بەپێـی ئـەم بنەمایـەش، لـە بنەڕەتـدا پارچەبـوون و لکاندنـی ئێمـە بـەو وڵاتانـەوە، نایاسـاییە و شـتی نایاسـاییش بـە هەڵوەشـاندنەوەی چـارە دەکـرێ نـەك بـە گرتنەبـەری ڕێگەیەکـی یاسـایی کـە بـۆ جۆرێکـی دیکـەی لکاندنـە. بـۆ نموونـە، سـکۆتلەندا و ئایرلەنـدا بـە واژووی خۆیـان بوونەتـە بەشـێك لـە ئینگلتـەرا، ویلایەتەکانـی ئەمەریـکاش بـە واژووی خۆیـان هەرێمێکـن سـەر بـەو وڵاتـە، کانتۆنەکانـی سـویسرا بەهەمـان شـێوە، کەتەلۆنیـا و باسـك لـە ئیسـپانیاش هـەر وا.

کوردسـتان کـە هاوشـێوەی کشـمیر (دابـەش بـوو بەسـەر هیندسـتان و پاکسـتان) و دارفـۆر و باشـووری سـوودان (لکێنـدراو بـە سـەر وڵاتـی

سـوودان) بـە بـێ ویسـتی خـۆی کـراوە بەبەشـێك لـە وڵاتانـی دیکـە، چەند ئەگەرێکـی لەبەردەمـە بـۆ ئـەوەی جیـا ببێتـەوە، ئاسـانترینیان ئەوەیـە کـە باشـووری سـوودان و دارفـۆر لەگـەل حکوومەتـی خەرتـووم کردیـان، ئەویـش بریتییـە لـە ڕیفرەنـدم، ئـەم پرۆسـەیەش پێـش جێبەجێکردنـی، پێویسـتی بـە ڕێککەوتـن و ڕەزامەنـدی وڵاتـی لکێنـدراو هەیـە، بـەڵام ئایـا بەغـدا ئـەرێ بـۆ ئـەم ڕاپرسـییەی ئێمـە دەدا؟.

وێـڕای ئەمیـش، بڕیـاردان لەسـەر ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم، سـەد قـات لـە بڕیـار نـەدان باشـتر بـوو، چونکـە وەك بارزانـی دەڵـێ، داهاتـووی کوردسـتانی پاراسـت.

# ئەرێ بەڕاست کورد نازانێ دەوڵەت بەڕێوە ببات؟

مەشــاری ئەلزایــری، نووســەرێکی گــەورەی ســعوودیەیە، لــە نــاو وڵاتانــی عەرەبــی ناوبانگێکــی زۆری هەیــە، دوای ڕیفرانــدۆم، وتارێکــی لــە ڕۆژنامــەی «شــەرق ئەوســەت» لەســەر کوردســتان نووســی و ســەرنجی لەســەر گوتارەکــەی ڕەجــەب تەیــب ئەردۆغــان، ســەرۆکی تورکیــا دا کــە گوتبــووی، «کــورد نازانــن دەوڵەتــداری بکــەن». دەقــی وتارەکــەم وەك خــۆی وەرگێڕاوەتــە ســەر زمانــی کــوردی:

کــوردی عێــراق بــە ســەرکردایەتیی ڕابــەر مەســعوود بارزانــی، ســووربوونی خــۆی هەتــا کۆتــا ســەلماند و ڕیفراندۆمــی ســەربەخۆیی و جیابوونەوەیــان لــە عێــراق ئەنجــام دا کــە دەیانــەوێ ببنــە وڵاتێکــی تــەواو ئــازاد. ئــەم هەنــگاوە گەورەیــە وەك چــاوەڕوان دەکــرا، بوومەلــەرزەی لــە سیاســەتی ناوچەکــە دروســت کــرد و شــڵەژاندی، وەك دیــارە کــورد پشــتیوانێکیان بــۆ هەنگاوەکەیــان لــە هاوپەیمانانیان وەك واشــنتن، لەندەن،

پاریــس، ڕیــاز و قاهیــرە نەبینــی و هەموویــان ئامۆژگاریــی هەولێریــان کــرد، بــە دانایــی بڕیــار بــدات و هەڵــی بگــرن بــۆ کاتێکــی تــر، بــۆ ئــەوەی ســەرنجەکان لەســەر شــەڕی داعــش دوور نەکەونــەوە بــۆ ئــەوەی هێــزەکان لــە بەرەنگاربوونــەوەی تیــرۆر پەرشــوبڵاو نەبنــەوە.

بــەڵام تورکیــا و کۆمــاری خومەینیــی ئێرانــی بــە زمانــی هەڕەشــە قســەیان کــرد و شمشــێری بریقەداریــان ڕووە و کــورد کــرد! لێــرە دەمــەوێ ســەرنج لەســەر تورکیــا بــدەم.

ڕۆژی دوای ڕیفراندۆمەکــە، ڕەجــەب تەیــب ئەردۆغــان ســەرۆکی تورکیا گوتــی، کــوردی عێــراق نازانــن دەوڵەتــداری بکــەن، ســەرۆکی کوردســتانی بــە خائیــن وەســف کــرد و گوتــی تــا دوا ســاتەکانیش باوەڕمــان نەدەکــرد ئــەو هەڵەیــە بــکات!

ئــەوەی ســەیرە بەلامــەوە، جگــە لــەوەی کــورد بــە جــۆرە بوونەوەرێــك دادەنــێ کــە توانــای دەوڵەتدارییــان نییــە، دەڵــێ: «ئەگــەر بارزانی پەشــیمان نەبێتــەوە، ئــەوا تووشــی عەیبــەی مێــژوو دەبــێ، چونکــە ناوچەکــە دەخاتــە نــاو شــەڕێکی ئایینــی و مەزەوییــەوە!» ئەمــە جگــە لــەوەی هەڕەشــەی گرتنــەوەی بۆڕییــە نەوتەکانــی کــردووە و بــە ئاشــکرا هەڕەشــەی گەمــارۆی ئابــووری دەکات.

دەمــەوێ پرســیارێك لــە ســەرۆکی تورکیــا بکــەم، ئــەو دەڵــێ بارزانــی ناوچەکــە دەخاتــە نــاو شــەڕێکی ئایینــی و مەزەوییــەوە، نازانــم چــۆن ئــەو قســەیە دەکات، بۆچــی کــورد موســڵمان نیــن، ئــەی بۆچــی ســوننە نیــن؟ مەبەســتت چییــە شــەڕی ئایینــی و مــەزەوی؟ کەواتــە ئــەو ئابڵووقــە ئابوورییــەی دەیکەیتــە ســەریان، ســتەمێکی گــەورە نییــە لــە گەلێکــی موســڵمان و ســوننە؟

پرســیارێکی دیکەیــش لــە ئەردۆغــان، تــۆ دەڵێــی کــورد نازانــن

دەوڵەتـداری بکـەن، ئـەی باشـە ئیخـوان موسـلیمین و جەبهـەی نوسـڕە کە بـە پێودانگـەکان تیرۆریسـتن و ئێـوە پشـتیوانیان دەکـەن، لـە دەوڵەتـداری زۆر دەزانــن؟

لۆژیـك و زانینـی هەڵبژاردنـی شـتەکان بنەمـای دانایـی و دەسـەڵاتن، ئایـا ئێـوەن کـە نایزانـن یـان کـورد؟

# سنوور
# ئەو پیرۆزکراوەی دەبوو نەفرینی لێ بکرێ

کورد و ئەمازیغی و کشمیر کە هەر یەکەیان بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش بوون، لە بەردەم دوو ئەگەرن بەبێ سێیەم، یان جیابوونەوە بە یەکگرتوویی، یان جیابوونەوە بە چەند قەوارەی جیاواز، بەڵام هەرگیز سێیەم ئەگەر، وەك خۆی نامێنێتەوە کە تا سەر بەشێك بن لە داگیرکەرانیان.

سنووری کوردستان لە کوێوە دەست پێ دەکات؟ ئەی سنووری ئێران، تورکیا، ئەڵمانیا، بەریتانیا. هتد؟ خەڵکی ئەو گوند و شارۆکانەی لەسەر سنوورەکانن، بە کام زمان دەدوێن و لەسەر کامە کولتوورن؟ ئایا لە هاوسنووریان نیکترن یان لە ناوەڕاست و پایتەختی وڵاتەکەی خۆیان؟ ئەمانە وایان کردووە، هەمیشە مرۆڤ پێی خۆشە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە هیچ سنوورێك لە نێوان پارچە جیۆگرافییەکاندا نییە، چونکە خەتکێشانەی بۆ ئەو پارچانە دروست

کـراون و بـوون بـە سـنووری جیۆگرافیـای وڵاتـەکان، دەسـتکردی مرۆڤـە بـە پێـی بەرژەوەندیـی سـەردەمێکی جیـاواز، بـەڵام خەڵکـی سـەردەمانی دوای خـۆی دەبـێ پیـرۆزی بکـەن و شـەڕی لەسـەر بکـەن، چەنـدان جەنـگ و کوشـتار بەهۆیـەوە ڕوو بـدات، لـە کاتێکـدا ڕەنگـە خـودی خاوەنـی ئـەو زەوییانـە، خۆیـان بڕیاریـان لـەم قاژقاژکردنـە نەدابێـت و هیـچ بۆچوونێکیـان لەسـەری وەرنەگیرابێـت، وەك سـنووری دابەشـکراوی کوردسـتان.

دوو کێشـە ڕووبـەڕووی گـۆی زەوی بووەتـەوە، هەریەکەیـان لـەوی تـر مەترسـیدارترە، ئەوانیـش بریتیـن لـە هەڕەشـەی تیـرۆر و کێشـەی سـنوورەکان، سـنووری نێـوان مەکسـیك و ئەمەریـکا، یۆنـان و تورکیـا لـە قوبـرس، پارچەکانـی کوردسـتان لـە نێـوان ئێران-تورکیا-عێراق-سـووریا، کشـمیر لـە نێـوان هیندستان-پاکسـتان، جـۆلان لـە نێـوان لبنان-ئیسرائیـل، دورگەکانـی کەنـداو لـە نێـوان ئیمارات-ئێـران و چەنـدان نموونـەی تـر کـە بـە شـێوەیەکی بـەردەوام، سـەرچاوەی لەناوبـردن و کوشـتارن.

### تەنگژەیەکی کۆنی نوێ

هەمیشـە کێشـەی سـنوورەکان تەنگـژە بـوون، چونکـە ئـەوەی تۆکمـەی کـردوون، زەبـری دیـواری بـەرز، تەلبەنـد، یاسـای تونـد و پشـتێکی سـەربازییە، نـەك هیـچ هەسـتێکی جیـاکاری لـە نێـوان خەڵکـی ئـەو دوو سـنوورە کـە یەکتریـان لـێ دیـارە و ناچـارن ئـەم بڵـێ مـن خەڵکـی ئـەم وڵاتـەم و ئـەوی تـر بڵـێ مـن خەڵکـی وڵاتێکـی تـرم، وەك هەورامییـەکان کـە ئامـۆزا و پـوورزای یەکـن و پێیـان دەگوتـرێ عێـراق و ئێرانـی، یـان خەڵکـی قامیشـلۆ و نسـێبین و زۆر شـوێنی تـر، ئـەوان تەنانـەت شتومەکەکانیشـان کـە دەگوازنـەوە، بـە قاچاخچـی لـە قەڵـەم

دەدرێـن و دەکرێنـە ڕیـزی ئەوانـەی خەریکـی فرۆشـتنی قەدەغەکـراو و مـادەی هۆشـبەرن، وەك بازرگانانـی سـنووری نێـوان مەکسـیك و ئەمەریکا.

ئـەوەی ئـەم کێشـانەی هەڵکشـاندووە ئەوەیـە، هەرگیـز سیاسـییەکان نایانـەوێ پێوەندییەکـی جگـە لـە دیپلۆماسـی لـە نێـوان ئـەو سـنوورانەدا هەبـێ و پێیـان خۆشـە تەنیا لـە ڕێـی فڕۆکەخانە یـان بازگـە فەرمییەکانەوە هاتوچـۆ بکرێـت، خەڵکـی سـنوورەکانیش هەرگیـز نایانـەوێ چـۆك بـۆ ئـەو داوا بـە یاسـا کـراوە بکـەن و وەك مافێکـی خۆیـان دەیانـەوێ هاتوچـۆ و ئاڵوگـۆڕی کۆمەڵایەتـی و بازرگانـی نێوانیـان بـەردەوام بێـت و تێـك نەچێـت. لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەم دوو بیرکردنـەوە جیـاوازە کـە هەریەکەیـان داکۆکـی لـە ئایدیـای خـۆی دەکات، ئەمیـان پۆلیس و سـەرباز لەسـەر ڕێگـەکان دادەنـێ و ئـەوی تـر بێباکـی دەنوێنـێ، تەنگژەیەکـی گـەورە دروسـت دەبێـت کـە بـە یەکـەم لەسـەر ئاسـتی هەمـوو دونیـا هەژمـار دەکـرێ.

کێشـەی ئـەم سـنوورانە، چەنـدان جـۆر ڕووداوی لـێ دەکەوێتـەوە، لەسـەر ئاسـتی وڵاتەکـە خـۆی و لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتیـش، لـە ئەنجامیشـدا ئـەوەی زیانـی لـێ دەکـەوێ، خەڵکـی نیشـتەجێی ئـەو سـنوورانەن کـە هەمیشـە دەبنـە قوربانـی، بۆیـە یەکێـك لـە چیرۆکـە نەبڕاوەکانـی هەمیشـە بەشـی بـۆ زیـاد دەکـرێ، هـەژاری و هەڕەشـە و کوشـتار و لەناوبردنـی خەڵکـی ئـەو سـنوورانەیە.

### مێژوویەکی بێ سەروەری

عوسـمانییەکان، مـاوەی نزیکـی شـەش سـەدە لەسـەر دەسـەڵات بـوون (١٢٩٩- ١٩٢٣ز)، لـە ژێـر سـنوورەکەیاندا، جگـە لـە تـورك، خۆیـان لـە تورکمانسـتانەوە هاتبـوون و ئـەو خاکەیـان داگیـر کـرد کـە ئێسـتە پێـی

دەگوترێ تورکیا، توانییان میلەتانی تری وەك کورد، عەرەب، فارس و بەشێکی نەتەوەکانی ئەورووپا بکەنە ژێر ئیمپراتۆرییەکەیانەوە. ئەگەرچی جیاوازی چینایەتی و جیاوازی لە نێوان ئەو میلەتانەدا دەکرا، بەڵام خاڵێکی باشی هەبوو کە بریتییە لە دانەنانی سنوور لە نێوان گەلاندا، کوردێك لە شارەزوورەوە بێ پاسپۆرت و ناسنامە، دەیتوانی بەسەر هەولێردا بپەڕێتەوە و بگاتە دیاربەکر و بە قامیشلۆدا بگەڕێتەوە و سەریش لە کرمانشان بدات. دوای لاوازبوونی عوسمانییەکان کە بە پیاوە نەخۆشەکە ناو دەبرا، فڕەنسا و بەریتانیا دەستیان بە گرتنی ئەو ناوچانە کرد، بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانیان لەم خاکە داگیرکراوانەدا نەگاتە پاریس و لەندەن، لە ساڵی ١٩١٦دا ڕێککەوتنی «سایکس-پیکۆت»یان ئەنجام دا.

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، دەوڵەتە زلهێزەکان کەوتبوونە گفتوگۆ لەپێناوی ئەوەی کە زۆرترین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیر بکەن، بەتایبەتی ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ئیتر پەیماننامەی «مارك سایکس»ی نوێنەری بەریتانیا و «جۆرج پیکۆت»ی نوێنەری فڕەنسا واژوو کرا کە بەشێکیشی لە ترسی ڕووسیا بوو، بەڵام هەر نەشیانتوانی ڕووسیا بێبەش بکەن، چونکە مێژوویەکی کۆنتری هەبوو لە ناوچەکەدا. بەپێی ڕێککەوتنەکە، ناوچەکانی باکووری کوردستان لەگەڵ ئیستەنبوڵ و دەربەندەکانی ڕۆژهەڵات درا بە ڕووسیا، ناوچەکانی باشووری کوردستان و هەندێك ناوچەی باکووری درا بە فڕەنسا، ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك خۆی لە ژێر دەستی ئێراندا مایەوە.

ئەم ڕێککەوتننامە نهێنییە، بەهۆی کشانەوەی ڕووسیا ئاشکرا بوو، چونکە لەو وڵاتە دوای ساڵێك شۆڕش هەڵگیرسا، پاشان فڕەنسا و

بەریتانیاش بە شێوەی ڕاستەوخۆ هێزەکانیان لە ناوچەکە کشاندەوە و چەند دەوڵەتێك لە ژێر ئەو نەخشەیەی بە ڕاستەکەی دەستی سایکس-پیکۆت، دروست کرابوو، هاتە ئاراوە کە بریتی بوون لە عێراق، تورکیا و سووریا کە لە سەرەتا لە ژێر ڕکێفی ئەو دوو زلهێزە بوون و دواتر بوون بە وڵاتی تەواو سەربەخۆ و مافی کوردیش بە تەواوی کرایە چاڵەوە.

**سنووری دەستکرد کێشەی چارەسەر نەکردووە**

کشمیر، گەلێکی دابەشبووە بەسەر هیندستان، پاکستان و چیندا، لە دۆڵەکانی زنجیرەچیای هیمالایا دەژین، ژمارەیان زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەسە، نەتەوەیەکی جیاوازن لەو سێ وڵاتە، بەبێ ویستی خۆیان دابەش کراون و خەونی لەمێژینەیان ئەوەیە یەك بگرنەوە، بەڵام بەهۆی ئەو کێشە ناوخۆییانەی لەلایەن سێ وڵاتەکەوە بۆیان دروست دەکرێ، نەیانتوانیوە ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بکەن کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٧ بە نەتەوە یەکگرتووەکانیان دابوو. خەڵکی کشمیر کە زۆربەیان موسڵمانن، هیندستان شەڕی ئایینییان لەگەڵ دەکەن و پاکستانیش شەڕی نەتەوە.

بەپێی ڕێککەوتنەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، نەخشەی وڵاتی سوودان لە ئەفەریقا دیاری کرا، ئەو سوودانە کە بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی، تەنیا ٢٠٪ خەڵکەکەی عەرەبن، ئەوی تر نە عەرەبن نە موسڵمان و ماوەی دەیان ساڵە لە ژێر ئەو سیاسەتەدان و ناچار کراون بەشێك بن لەو سنوورە.

ئەمازیغییەکان لە باکووری ئەفەریقا، بەسەر وڵاتانی جەزائیر، مەغریب، لیبیا و توونس دابەش بوون کە عەرەب نین و نەتەوەیەکی

جیاوازن و خاوەنی زمان و کولتوور و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانن، ژمارەیان زیاتر لە ٣٠ ملیۆن کەسە و خاوەنی ئاڵایەکی تایبەت بە خۆشیانن کە گەلەکە هەڵیان بژاردووە، بەهۆی ئەو سنوورەی بۆیان دیاری کراوە، دەبێ بە پاسپۆرت و پەڕینەوەی فەرمی سەردانی یەکتر بکەن، ئەمەش وای کردووە هەستێکی نەتەوەیی لە ناویاندا دروست ببێت و هەوڵی خۆ کۆکردنەوە بدەن، بەڵام توندی و دڕندەیی ئەو وڵاتانە کە بە نەتەوەی دووەم تەماشا دەکرێن، نەیانتوانیوە بگەن بە زۆربەی مافەکانیان.

ئێرلەندا، گەلێکی جیاوازن لە بەریتانیا، بەڵام کرابوون بە بەشێك لە شانشینی یەکگرتوو، لە کاتێکدا ئەوان نەتەوەیەکی جیاوازن، دوای جەنگی دووەمی جیهانی کە شۆڕشیان بەرپا کرد و ویستیان سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، بەریتانیا ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست کرد و نەیهێشت بە یەکگرتوویی بمێننەوە و ناچاری کردن ببنە دوو بەش، ئێرلەندای باکوور و ئێرلەندای باشوور. تا ئێستە بەشی باکووری وڵاتەکە هەرێمێکی کۆنفیدراڵییە لەگەڵ بەریتانیا و تەنیا باشوورەکەی بە تەواوی جیا بووەتەوە، خەڵکی ئەو دوو وڵاتە کە یەك نەتەوەن، دەبێ بە پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی سەردانی یەکتر بکەن.

کوردستان شێوەیەکە لە هەموویان، گەلێکی جیاواز کە زمان و کولتوور و فەرهەنگی تایبەت بە خۆی هەیە و دابەش بووە بەسەر چوار وڵات و گەلەکەی بە تەواوی پەرتەوازە بووە و زیاتر لە ١٠ ملیۆنی لە دەرەوەی خاکی خۆیان دەژین، وەك ئەو گەلانەی تر کە لەلایەن وڵات هەرێمییەکانەوە، کێشەی ناوخۆییان بۆ دروست کردوون، هەر هەوڵێکیش هەبێ بۆ ڕیفراندۆم یان سەربەخۆیی، بە کەنارێکی تردا دەبرێ و تێك دەشکێنرێ.

**دەبێ جارێکی تر نەخشەی سنوورەکان بکێشرێنەوە**

خەڵکی باشووری سوودان، دوای دەیان ساڵ پێکەوەژیانی زۆرەملێ لەگەڵ وڵاتی سوودان کە نە ئایین نە نەتەوە نە کولتووریان یەکە، ڕۆژی نۆی کانوونی دووەم/ یەنایەری ٢٠١١ ڕیفراندۆمیان ئەنجام دا تەواوی تێیدا ٩٨٪ی گەلی باشووری سوودان کە ژمارەیان نزیکی نۆ ملیۆن کەسە، دەنگیان بە «بەڵێ» بۆ جیابوونەوە دا و لە تەمووزی هەمان ساڵ بە فەرمی جیابوونەوە و «جوبا»یان کرد بە پایتەختی خۆیان.

یەکێتیی سۆڤییەت کە بریتی بوو لە وڵاتێکی گەورە کە لە چەندان نەتەوەی جیاواز پێك هاتبوو، زۆربەیان وەك ئەفغانستان، چیچان، ئۆکرانیا، ئازربایجان، ئەرمینیا، جۆرجیا، تورکمانستان، ئۆزپاکستان، تاجکستان. هتد، جیا بوونەوە و ئێستە هەریەکەیان خاوەنی وڵاتی سەربەخۆی خۆیەتی و هەندێکیان لە زۆر بواردا، ڕکابەریی ڕووسیا دەکەن و بەشێکی زۆریان چوونەتە ناو ئەورووپا و ئابوورییەکی بەهێزیان هەیە.

چەندان نموونە دەری دەخەن، ئەو سنوورانەی بە تایبەتی لە دوای یەکەم جەنگی جیهانی نەخشێنراون، زۆربەیان دەبێ جارێکی تر دابڕێژرێنەوە، چونکە نەوەك چارەسەری کێشەکانی نەکردووە، هۆکاری زۆربەی ئەو کێشانەن کە دروست بوون، وەك کێشەی ئاوارەبوون و کۆچکردن کە بەپێی دوایین ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، نزیکی ٢٤٠ ملیۆن کۆچبەر لە دونیادا هەن، هەروەها کێشەی بڵاوبوونەوەی مادەی هۆشبەر و تیرۆر کە هەمووی لە ئەنجامی ئەم سنووره دەستکردانەیە.

## سنوورەکانی داهاتوو دەبێ سروشتی خاك و خەڵك فەرامۆش نەکات

ڕەنگە هەرگیز عەرەب نەتوانن لە ناو یەك وڵاتدا جێیان بێتەوە، بەڵام دەتوانن لە چەند وڵاتێکدا بژین کە بەپێی جیۆگرافیا، ویستی خەڵکەکان دەگۆڕێ و نەریتیشیان جیاواز دەبێ، بۆ نموونە ناتوانی عەرەبێکی لبنانی بێنی لە سعوودیە دایبنێیت، هیچ شتێك کۆیان ناکاتەوە زمان نەبێ، یان عەرەبێکی مەغریبی لە عێراق دابنێیت، ئەمە ناگونجێ، بەڵام دەگونجێ چەند وڵاتێکی سەربەخۆ بن بەپێی بەرژەوەندیی خەڵك و پاراستنی سروشتی خاکەکەیان، خەڵکی ئیمارات لە بیابانددا دەژین، خەڵکی سووریا کێوین، بەم شێوەیە.

چیك و سلۆڤاکیا، ماوەی چەندان ساڵ بوو پێکەوە دەژیان، بەڵام دواتر جیابوونەوە، ئەگەرچی زۆرترین خاڵی هابەشیش لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام ئەمەی ئێستەیان باشترە بۆ خۆیان، وەك خەڵکی ئەڵمانیا و نەمسا، یان کۆریای باکوور و کۆریای باشوور، بەریتانیا و سکۆتلەندا.

گەلی کورد یەك ڕێگەی لە بەردەمە، ئەویش داڕشتنی سنوورێك بۆ خۆی کە لە ڕووی جیۆگرافییەوە هیچ گرانییەکی تێدا نییە، چونکە لە هەر چوارپارچەکەیدا، خاکی کورد و زمان و کولتوورەکەی، تەواو جیاوازە لە وڵاتی داگیرکەری، بەڵام وەك توێژەران باسی دەکەن، وەك نموونەی چەندان گەلی تر، دەکرێ چەند قەوارەیەکی هەبێ کە بەرژەوەندی خەڵکەکەی لەسەری کۆك بن، ئەم ڕێسایە بۆ کشمیر، ئەمازیغ و چەند گەلێکی ئەفەریقاش دروستن.

سەرچاوەکان:
- مأسات إنسانيه فى الحدود
حدود الإقليم وفق القانون الدولى
الحدود الدوليه والمياه الإقليميه
- ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان
- كيف صنع جنوب السودان كيانه
- ويكيپيديا
- ازمه كشمير
- صناع الحدود

# هەلێکی لەدەست نەچوو بۆ سەربەخۆیی

ڕژێمـی ئەسـەد بـە تـەواوی شـاری «حەلـەب»ی کۆنتـڕۆڵ کـردەوە، ڕووسیا سـەلماندی، ئـەو گـرەوەی لەسـەر سووریا کردوویەتـی، نایدۆڕێنێ، لـە بەرانبـەر دا عێراقیـش دەبـێ بـۆ ئەمەریـکا بێـت. لـەم دابەشـکردنە نوێیـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، کـورد دەتوانـێ سـەربەخۆییەکی بەهێزی لـێ بەرهـەم بهێنـێ.

ڕەنگـە ئـەو دەنگۆیـە ڕاسـت بێـت کـە هەڵبژاردنـی «ریکس تیلرسـۆن» بـە وەزیـری دەرەوەی ئیـدارەی دۆناڵـد ترەمـپ، هێنـدەی ئەمەریـکا، بـۆ ڕووسـیاش قازانـج بێـت، ئاخـر ئـەو بازرگانـە و باشـتر لـە شـەریکەبەش و دابەشـکردنی بەشـەکانی نێـوان دوو بازرگانـی ڕکابـەر تـێ دەگات. ئـەی شـەڕەکەی ئەمەریـکا و ڕووسـیا لەسـەر وزەی ئەتـۆم، بەرنامـەی ناوەکـی، چەکـی قـورس و تیـژڕۆ و نـەوت نییـە؟ بۆیـە چـاوەڕێ دەکـرێ، ئـەو لێڵییـەی تـا سـاڵی ٢٠١٦ هەبـوو، زۆر بـە ڕوونـی لـە سـاڵی داهاتـوو

و ساڵانی دواتر، لە دابەشکردنی کێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوون ببێتەوە و ڕووسیاش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، دەستەکەی ئاشکرا بکات. یەکەم هەنگاویش لە سەرەتاوە گرەوی لەسەر کرد کە سووریا بوو، بە تەواوی بە نەوت و ئابوورییەکەیەوە لە ژێر ڕکێفی مۆسکۆ دەبێت، لە بەرانبەر دا، بەتەواوی دەست لە عێراق بەردەدا و بۆ واشنتنی بەجێ دەهێڵێ. بەڵام لێرەدا، ئێران چۆن ڕازی دەبێت!.

ئەگەر ڕووسیا، چەقی بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە سووریا چڕ بکاتەوە، ئەوا هێندەی پێویستیی بە تورکیایە کە بەهۆی ئەوەی دراوسێی خۆی و دراوسێی سووریاشە، هێندە پێویستی بە ئێران نابێت، ئەنکەرەش ئەگەرچی چەند جار «ئاشتۆن کارتەر» وەزیری بەرگریی ئەمەریکا هۆشداری داوەتێ، لە دوای کۆدەتاکەوە، هەموو ئامادەییەکی دەربڕیوە تا بکەوێتە ژێر باڵی ڕووسیاوە، واتە دروستکردنی هێڵێکی زەمینی لە مۆسکۆ تا دیمەشق، بەمەش دەکرێ ڕووسیا دەستبەرداری ئێران ببێت.

ئێران کە پیلان و خەونی چەند ساڵەی ئەوەیە، ئاخوندێک لە «قوم» سواری ئۆتۆمبێلەکەی بێت، لە «نەجەف» و «کەربەلا» زیارەتەکانی بکات و بچێ لە «دیمەشق» و «بەیرووت» پشوو بدات، چۆن ئێستە تەنیا بەو گۆڕینی هاوکێشەیە ڕازی دەبێت کە ڕووسیا لەگەڵ ئەمەریکا ڕێك دەکەون لەسەری! ئایا ئەو ڕێککەوتنەی باس دەکرێ، «بەحرێن» و «یەمەن» لەگەڵ بەشێکی کەنداوی بدرێتێ، بە عێراقی دەگۆڕێتەوە! ئەمە جگە لەوەی «سعوودیە» و «ئیمارات» هەموو شتێك دەکەن تا ئەو بارەیان لەسەر نەمێنێ و لە «ئوم قەسر» نەپەڕنە خوارەوە.

هیچ چارەیەك لە بەردەم ئێراندا نییە، هەر دەبێ خۆی لە

ئیـدارەی نوێـی ئەمەریـکا نزیـك بکاتـەوە، بـۆ ئـەوەی ببێتـە شـەریکە بـەش لـەو عێراقـەی بەپێـی ڕێککەوتـن لەگـەڵ ڕووسـیا، بـەری کەوتـووە، چارەسـەریش هاتنـەوەی نـووری مالیکییـە بـۆ سـەر دەسـەڵات. لـە لایەکی تـرەوە، جارێکـی تـر ئێـران دەخاتـەوە نێـو گەمەیەکـی قووڵـەوە، ئەویـش لەدەسـتدانی سـووریا و پـردی پێوەندییـە لەگـەڵ حیزبـوڵا، هـەر بۆیـە چـاوەڕێ دەکـەم، ئیـتر کۆتـا بـەو گەمەیـەی ئێـران بێـت و زلهێزییەکـەی لـە ئاسـتی تورکیـا، میسـر و سـعوودیە تێنەپـەڕێ و ناچـار بێتـە هەمـان سیاسـەتی تورکیـا مامەڵـە لەگـەڵ ئەمەریـکا و ڕووسـیا بـکات، وەك شـیعرەکەی عەبـدوڵا پەشـێو: «هـەم تـۆم خـۆش دەوێ، هـەم ئەویـش».

باشـووری کوردسـتان، لـە سـاڵی ١٩٩١ تـا ئێسـتە، چەنـدان هەلـی سـەربەخۆبوونی لـە بـەردەم بـووە، بـەڵام هەمـوو جـارەکان، بەهـۆی ناتەبایـی ناوخۆیـی و دەسـتێوەردانە نێودەوڵەتییـەکان، بـە ئاسـانی لـە دەسـتی داوە. ئـەم جـارە هەلێکـی تـر لـە بـەردەم کـوردە، ئەویـش کاڵبوونـەوەی شەڕپێفرۆشـتنی ئێـران و پێویسـتیی ئەمەریکایـە. ئێـران، ئامادەیـە نەجـەف و کەربـەلا تـا بەغـدای لـە دەسـت نەچـێ، نەبێتـە ڕێگـر لـە بـەردەم سـەربەخۆیی کوردسـتان، چونکـە دەزانـێ ئـەو دەوڵەتـە هاوکێشـەکە بـۆ ئەمەریـکا ڕێـك دەخاتـەوە و زۆر بـە پـەرۆش نابێـت بـۆ عێـراق. ئەمەریـکاش بـە هەمـان شـێوە، جارێکـی تـر متمانـە بـە شـیعە ناکاتـەوە، بەشـێکی زۆری متمانـەی بـە تورکیـاش هەیبـوو نەیـماوە، بۆیـە پێویسـتی بەوەیـە، ئـەو سـێ پایـەی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دروسـتی کـردووە، کـە یەکێکیـان لـە کەنـداوی کوێـت، ئـەوی تـر لـە بیابانـی سـعوودییەیە و سـێیەم لـە تورکیایـە، دەیـەوێ ئـەوەی تورکیـا، بهێنێتـە کوردسـتان. فڕۆکەخانـەی هەریـر ئامادەیـە و زۆری نەمـاوە دەسـت بـە گواسـتنەوەی هەمـوو یـان بەشـێکی بنکـەی ئەنچەرلیـك بـکات.

هەوڵــە دەرەکییەکانــی مەســعوود بارزانــی داویەتــی، لەگــەڵ ئــەم دابەشــکردنە نوێیــەی کێکــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت لــە نێــوان ڕووســیا و ئەمەریــکا یــەك دەگرێتــەوە، بــەڵام ئەوەنــدەی کــە ســپاردوویەتی بــە حیزبەکــەی بــۆ یەکخســتنەوەی ناوخــۆ، تــا ئێســتە جێــی ئومێــد نییــە. چـاوەڕێ دەکـەم لـە گـەڕی داهاتووی دانوسـتان لەگـەڵ حیزبـەکان، خودی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان یـان نێچیرڤـان بارزانـی، بـە شـێوەیەکی ڕژد و ڕاسـتەوخۆ، بچنـە نێـو مێزەکانـی گفتوگـۆ، چونکـە دۆخەکـە زۆر خێـرا دەڕوا و ڕەنگـە ئـەم هەلـە، دوایەمیـن بێـت تـا دەیـان ساڵی تـر کـە ڕۆی، نەیەتــەوە.

# دامەزراندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کورد نزیك بووەتەوە

وڵاتانــی نیشــتمانی عەرەبــی لــە باشــووری ڕۆژئــاوای ئاســیا، میســڕ لــە باکــووری ڕۆژهەڵاتــی ئەفەریقــا، لەگــەڵ تورکیــا و ئێــران، ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت پێــك دێنــن، هەندێــك جاریــش دەســتەواژەیەکی تــر بــاس دەکرێ کــە پێــی دەگوترێ، «ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتی گــەورە» کــە تــەواوی وڵاتانــی کەنــداو، دەریــای عــەرەب، دەریــای ســوور و خــوارەوەی دەریــای ناوەڕاســت پێــك دێنــن.

هەمیشــە ســەقامگیریی گــۆی زەوی پێوەســت کــراوە بــە ســەقامگیریی ئــەم ناوچەیــەوە کــە نزیکــی نیــو ملیــار خەڵکــی لــێ دەژی و بەســەر زیاتــر لــە ٢٥ وڵات دابــەش کــراون، هەمیشــە ســەرچاوەی کێشــەکان بــووە و مێــزی تاوڵــە یــان مێــزی شــەترەنجی یاریکــەرە گەورەکانــی وەك ئەمەریــکا، ڕووســیا، ئەورووپــا بــووە، باشــترین وڵات لــەم ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتە، ئەوەیانــە کــە توانیبێتــی لۆژیکــی هێــزی ئــەو زلهێزانــە لــە بەرژەوەندیــی

خـۆی کـۆ بکاتـەوە، سـنوورەکەی پارێـزراو بـکات لـە هـەر هەڕەشـەیەکی دەرەکـی و لــە نــاوەوەش هــەم ئابوورییەکــی بەهێــزی هەبــێ، هــەم نەیەڵـێ ببێتـە سـەرچاوەی گەشـەکردنی تیـرۆر.

کوردســتان لــە هــەر پارچەیەکــی تەماشــای بکــەی، کەوتووەتــە چەقـی کێشـەکانی ئـەم ناوچەیـە، وەك چـۆن زلهێـزەکان یەکلاکردنـەوەی کێشـەکانیان دێننـە ئێـرە، وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیش دەیانـەوێ لـە خۆیـان دووری بخەنـەوە و بـە کوردسـتان و لاوازتریـن وڵاتانـی بسـپێرن کـە عێـراق و سـووریایە.

چــی دەبــێ ئەگــەر چــوار پارچەکــەی کوردســتان یەکیــان گــرت، کەواتــە ئــەو کێشــانە لــە کوردســتان دوور دەکەونــەوە و ئــەو چاڵــەی هەڵیـان کەنـدووە، خۆیانـی تـێ دەکـەون، ئـەی چـی دەبـێ ئـەم چـوار پارچەیـەی کوردسـتان یـەك نەگـرن، بـەڵام چـوار قـەوارەی سـەربەخۆ یـان نیوچـە سـەربەخۆ دامەزرێنـن کـە کێشـە لەگـەڵ یەکـتر دروسـت نەکـەن؟ پسـپۆڕانی جیۆسـتراتیژی بـە دووری نازانـن و دەسـتەواژەیەکی نوێیـان بـۆ پێـك هێنـاوە و ناویـان لـێ نـاوە، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی بچـووك، یـان «ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی کـورد».

**خەونێکی نزیك لە ڕاستی**

سـیهرۆن ئـال کـە پسـپۆڕێکی زانسـتە سیاسـییەکانە، لـە بابەتێکـی شـیکاریدا بـۆ «ئۆپـن دیموکراسـی»، پێشـبینیی دروسـتبوونی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی کـورد لـە داهاتـوودا بـە نزیـك دەزانـێ و دەڵـێ «ڕووداوی سـووتاندنی ئـاڵای کوردسـتان کـە ئـاڵای فەرمیـی هەرێمـی کوردسـتانی عێراقـە لـە شـاری عامـوودا لـە کانوونـی یەکەم/دیسـێمبەری ٢٠١٦ لەلایەن یەپەگـەوە، کێشـەی قووڵـی نێـوان هێـزە کوردییـەکان ئاشـکرا دەکات،

بـەڵام ڕووداوی هەڵکردنـی ئـاڵای کوردسـتان لـە دامـەزراوە فەرمییەکانـی کەرکـووك کـە هەمـوو حیزبەکانـی هەرێمـی کوردسـتان پشـتیوانیان کـرد، نیشـانی دا هەمیشـە دەرفەتێـك و هێڵێـك هەیـە کـورد یەکدەنـگ بـێ، ئـەم یەکدەنگییـەش دەیانـکات بـە یاریکـەر لـە ناوچەکـەدا نـەك یـاری پێکـراو».

دکتـۆر سـیرهۆن ئـال دکتـۆرای لـە زانسـتە سیاسـییەکان هەیـە و مامۆسـتای بەشـی پێوەنـدی نێودەوڵەتـی و زانسـتە سیاسـییەکانە لـە زانکـۆی «ئەزمیـر» لـە تورکیـا، هەمیشـە وتارەکانـی لەلایـەن ڕۆژنامـە بەناوبانگەکانـی دونیـاوە، وەك «لۆمۆنـد»ی فڕەنسـی و دامـەزراوەی «کارنیـگ»ی بـۆ ئاشـتی و «تایـم»ی بەریتانـی و چەنـدان شـوێنی تـر بایەخـی پـێ دەدرێ.

پێوەندیـم پێـوە کـرد بـۆ ئـەوەی چاوپێکەوتنـی لەگەڵـدا بکـەم، ئـەو نەیخواسـت زیاتـر لـەوە بڵـێ کـە لـە داوییـن بابەتیـدا بـڵاوی کردووەتـەوە و گوتـی «ئەوانـە بۆچوونـی منـن، پێـم وایـە داهاتـووی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـۆ کوردسـتانە کـە خاوەنـی دوو هێـزی ڕکابـەری سـەرەکییە کـە هێـزی بارزانـی و هێـزی ئۆجەلانـە، ئـەم دوو هێـزە ئەمـڕۆ بێـت یـان سـبەی، دەگـەن بـە ڕێککەوتنێـك کـە هەریەکەیـان لـە سـنووری خـۆی قەوارەیەکـی هەبـێ، ئەگـەر بەرژەوەندیـی هاوبەشـیش کۆیـان نەکاتـەوە، هیچیـان دژی بەرژەوەندیـی ئـەوی تـر کار نەکـەن».

لە نێوان یەکگرتن و شەڕدا

«سـتێڤن ئـەی. کـووك» لـە شـیکارییەکدا بـۆ ڕۆژنامـەی «ئەتلانتیـك» نووسـیویەتی، ڕێککەوتنێـك لـە نێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان بـۆ دروسـتکردنی هاوسـەنگی لەگـەڵ هێـزە هاپەیمانەکانـدا هەیـە کـە لـە ڕۆژئـاوا هاوئاهەنگیـی پەیـەدە دەکـەن بـۆ

لێدان لە داعش، بەڵام بارزانی چاویشی لەوەیە کە دەبێ تورکیا تووڕە نەکات، چونکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان خەریکی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە لە باکووری عێراق، هەر نزیکبوونەوەیەك لەگەڵ پەکەکە لەم کاتەدا، دەرفەت دەدات بە تورکیا کە هەڵوێستی دژبە سەربەخۆیی دەرببڕێ.

کووك، توێژەری پسپۆڕە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفەریقا و مامۆستای زانکۆی ئۆکسفۆردە لە بەریتانیا، هەرچەند ساڵێك بۆ دۆسیەیەکەوە خۆی تەرخان دەکات و دواتر لە چەند کتێبێکدا بەچاپیان دەگەیەنێ. دوای تەواوبوونی دۆسیەی میسر، ماوەی ساڵێکە خۆی بۆ کورد تەرخان کردووە.

لەو شیکارییەیدا هەروەها نووسیویەتی: تورك زۆر لە لایەنەکانی کوردستان دەترسن، بۆیە دەیانەوێ ئەمەریکا بە هەمان ئەو چاوەی سەیری پەکەکەی قەندیل دەکات، سەیری پەیەدە بکات لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام بە پێچەوانەوە، واشنتن هاوکارییان دەکات و جیایان دەکاتەوە.

لای خۆیەوە، دکتۆر سیرهۆن ئال پێی وایە، داعش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی کورد یەك بخات، چونکە هەمیشە هێزی نەتەوەیی پێش جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکان دەکەوێ، بەڵام ڕیشەی جیاوازییەکانی حیزبەکەی بارزانی و حیزبەکەی ئۆجەلان مێژوویەکی درێژی هەیە، تەنانەت لەگەڵ بوونی داعشیشدا نەیانتوانی فەرامۆشی بکەن، بۆیە هەمیشە ئەگەری پێکدادان لە نێوانیاندا هەیە. بەڵام چی دەبێ ئەگەر ڕێگەی دووەم بەکار بێنن و هەموو گرووپ و حیزبە کوردییە ڕکابەرەکان، ڕێك بکەون، ئەوکاتە دەبینن دونیا لە بەردەم نیشتمانێکی تایبەت دەبێت بۆ کوردەکان.

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کورد**

ئـەو دوو پسـپۆڕە و چەنـدان توێـژەری نێودەوڵەتیـی تـر کـە شـارەزان لەسـەر دۆخـی کـورد و کێشـەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، پێشـبینی ڕێگەچارەیەکـی نـوێ دەکـەن کـە پێیـان وایـە «ئەگەرچـی تـا ئێسـتە کـورد هەنـگاوی بـۆ نەنـاوە، بـەڵام لـە داهاتـوودا کاتـی ئـەو هەنـگاوە دێـت». هەندێکیـان پێیـان وایـە لـە دوایـدا سـەربەخۆییەکەی بارزانـی دێتـە ئـاراوە، چونکـە هـەر هەنگاوێـك بـە ڕووی کوردانـی پارچەکانـی تـر، پلانەکـەی بارزانـی تێـك دەدات و تەنانـەت لـە ناوخـۆی هەرێمەکـەی خۆشـیدا کێشـەکانی بـۆ قـووڵ دەکەنـەوە. ئـەو ڕێگەیـە هاوشـێوەی وڵاتانـی عەرەبییـە، هەریەکەیـان سـنووری جیۆگرافیـای خـۆی هەیـە و خاوەنـی سـەروەریی تایبـەت بـە خۆیەتـی، بـەڵام هیـچ یەکێکیان هەڕەشـە نیـن بـۆ سـەر شـکۆی ئـەوی تـر، ئەمـەش بـە باشـترین چـارە دەزانـن بـۆ پارچەکانـی کوردسـتان.

دروسـتبوونی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی کـورد، دەبـێ لـە نێـوان یەکپارچەیـی کـە خەونـی کـوردە بەهـۆی ئـەوەی هەموویـان خاوەنـی یـەك کولتـوور و زمانـن، یـان چـوار قـەوارەی سیاسـیی جیـاواز، دووەم نزیکـترە، چونکـە هەمـوو هەوڵێـك بـۆ یەکـەم، لـە جیاتـی باشـترکردنی دۆخەکـە، زیاتـر بـەرەو شـەڕی ناوخۆیـان دەبـات، ئەمەیـە کـە پێـی دەگوتـرێ بەرهەمهێنانـی دونیایـەك بـۆ کـورد. سـیرهۆن ئال وای نووسـیوە.

سەردەمی سەروەریی کورد

توێـژەران پێیـان وایـە، هەنگاوەکانـی بارزانـی لـە باکـوور و پەیـەدە لـە ڕۆژهـەڵات، داهاتـووی نوێـی کـورد نزیـك دەکاتـەوە و سـەردەمی بەکارهێنانـی «کارتـی فشـاری کـورد» لەلایـەن هێـزە هەرێمییەکانـەوە ئیـتر بـەرەو نەمـان دەچـێ، ئەگەرچـی بۆچـوون و سیاسـەتی جیـاواز بەردەوامی

دەبێـت، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی ڕای گشـتیی کوردسـتانی ئیـتر قبووڵـی نـاکات بریـکاری خەڵکـی بـن، بەڵکـو کاتـی ئـەوە دێـت تەنیـا بریـکاری خۆیـان بـن. ئـەم تێگەیشـتنە هزرییـە کیشـوەرێك بـۆ کـورد دروسـت دەکات، پارچەیەکیـان لـە ڕۆژهـەڵات و ئـەوی تـر لـە ڕۆژئـاوا و لـە باکـوور و باشـووریش هەریەکەیـان پارچـەی خـاوەن سـەروەریی خۆیـان دەبێـت.

پێشـمەرگە لـە هەرێمـی کوردسـتان، هێزێکـی سـنووریی تۆکمـە و هاوئاهەنگـە لەگـەڵ هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتـی، یەپەگـە لـە سـووریا هێزێکـی تۆکمـەی دژ بـە داعشـن، بـەڵام کـوردی عێـراق هەنگاوەکانـی باشـتر بڕیـوە بـۆ سـەربەخۆیی و لـە هەموویـان نزیکـترە، بۆیـە هـەر خێراییـەك لـە هەنگاوەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، ڕێگـەی ڕیفرانـدۆم لـە ڕۆژئـاوا زیـاد دەکات.

توێـژەران پێـش ڕووداوەکان کەوتـوون و ئـەوە دەخەنـە ڕوو کـە سـەروەریی چـوار وڵات یـان چـوار قـەوارە بـۆ کـورد کـە خۆیـان بڕیـار لەسـەر خۆیـان بـدەن، هەنـگاوی دووەمـی دوای باشـوور و ڕۆژئاوایـە و ئـەم قۆناغـەش لـە ڕووی کاتـەوە وەك قۆناغەکانـی پێشـتری خەباتـی کـورد نابـێ، بەڵکـو خێراتـر دەڕوا.

ئـەوەی لای ئـەوان جێـی گومانـە، ئایـا کـوردەکان دەتوانـن ئـەو چـوار قەوارەیـە لـە قۆناغـی داهاتـوودا، یەکێتییەکـی وەك وڵاتانـی کەنـداوی عەرەبـی دروسـت بکـەن؟ ئەگەرچـی بـە لاوازیشـی دادەنێـن، بـەڵام وای بـۆ دەچـن، ئەگـەر کـورد بیـەوێ، دەتوانـێ هاوپەیمانییەکـی بەهێـزی وەك یەکێتیـی ئەورووپـا دامەزرێنـێ.

# کوردستان ٣٧٥ ملیار دۆلاری قەرەبووی لای بەغدایە

دوای سـەربەخۆیی کوردسـتان، عێـراق دەبـێ بودجـەی ١٠ سـاڵی کوردسـتان ئامـادە بـکات و ئـەو پارەیـەی کوردسـتان لـە قەرەبـووی زیانەکانـی لـە عێـراق دەسـتی دەکـەوێ لـە نـەوت و گازەکـەی زیاتـرە.

کوردسـتان بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ عێـراق کێشـەکانی یـەکلا بکاتـەوە، ئەگـەر بێـت و بتوانـێ بەشـێوەیەکی تۆکمـە و داتـا بەڵگەکانـی بخاتـە ڕوو، تەنیـا بـەو قەرەبـووە داراییيانـەی لـە ئەنجامـی دەسـەڵاتە یـەك لـە دوایەکەکانـی عێـراق لێـی کەوتـووە، بودجـەی چەنـد سـاڵی داهاتـووی وڵات دابیـن بـکات، ئەمـەش پێویسـتی بـە لێزانینـی شـێوەی مامەڵـەی ئـەو لیژنانەیـە کـە لەگـەڵ بەغـدا و نەتـەوە یەکگرتـووەکان و دادگای نێودەوڵەتـی دادەنیشـن.

قەرەبووکردنـەوەی جینۆسـاید و قوربانییەکانـی تـر بەدەسـت ئـەو وڵاتـەی لێـی جیـا دەبێتـەوە یـان لێـی ڕا دەکات، نەتـەوە یەکگرتـووەکان

ددانی پێدا ناوه و له کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی دەکرێ. تا ئێستەیش ئەڵمانیا قەرەبووی جینۆسایدی «هۆلۆکۆست»ی جووەکان دەکاتەوە و بەپێی ڕێککەوتنی «لۆکسەمبۆرگ» کە ساڵی ١٩٥٢ لە نێوان ئەڵمانیا و ئیسرائیل واژوو کراوه، ئەو وڵاتە قەرەبووی هەموو ئەو زیانانە دەکاتەوە کە ڕژێمی نازیی هیتلەر تووشی کردوون.

جگە لەو پارەیەی ساڵانە دەدرێت بە حکوومەتی ئیسرائیل، قوربانییانی هۆلۆکۆستەکە و نەوەکانیان تا هەتایە لەلایەن حکوومەتی ئەڵمانیاوە مووچەیان هەیە، ئەمە جگە لەوەی تا ئێستەیش ئەڵمانیا لە ئەنجوومەنی ئاسایش نەیتوانیوە ببێت بە ئەندامی جێگیر، هەمیشە دەگوترێ وڵاتانی پێنج کۆ یەك، هەرگیز ناگوترێ شەش و بەشێك لەو ڤیتۆ و مافانەی ئەو پێنج وڵاتەی تر هەیانە، ئەو ناتوانێ بیگاتێ. کورد ئەگەر بزانێ وەك جوو مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی بکات، قەرەبووەکەی دە هێندەی ئەو کەیسانەیە کە ئیسرائیل لە ئەڵمانیای دەست کەوتووە.

### بودجەی ٣٠ ساڵی دەوڵەتی کوردستان

ئەیاد کاکەیی سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و شارەزا لە کەیسەکانی قوربانیانی کورد بەدەست ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵانی ١٩٦٨ تا ٢٠٠٣، لەبارەی قوربانییەکانی کورد گوتی، کوردستان بە ١٦ دۆسیە داوای قەرەبوو لە حکوومەتی عێراق دەکات، بەڵام تەنیا شەش دۆسیەیان تا ئێستە پەسند کراون و ١٠ دۆسیەی تر ماوە کە هێشتا کاری تەواویان لەسەر نەکراوە و دەبێ ئەوانیش هەژمار بکرێن. ئەمە جگە لەوەی هەندێ دۆسیە هەن لەناو خۆیاندا چەند پاکێجێکن و کراون بە یەك دۆسیە، بۆ نموونە

هەڵەبجە جگـە لـە کیمیابارانـی ١٩٨٨، کانـی ئاشـقان و بۆردمانـی سـاڵی ١٩٧٤یشـە، یـان بـارزان ١٦ جـار سـووتێنراوە و کـراوە بـە یـەك دۆسـیە.

بەپێـی زانیارییـەکان، تەنیـا ئـەو شـەش دۆسـیەیەی حکوومەتـی عێـراق ددانـی بـە قەرەبووکردنەیـان داوە، بـە ٣٧٥ ملیار دۆلار خەملێنراوە. شـەماڵ ئیبراهیـم پسـپۆڕی ئابـووری، بە»وشـە«ی گـوت، ئەگـەر بێتـو بەغـدا ئـەو قەرەبـووە بـە هەولێـر بداتـەوە، دەوڵەتـی کوردسـتان دەتوانـێ مـاوەی چەنـدان سـاڵ کێشـەی ئابـووری نەبـێ، چونکـە ئەگـەر بەشـێوەی قسـتیش بدرێتـەوە، بەشـی بودجـەی ٣٠ سـاڵی کوردسـتان دەکات، ئەگەرچـی بـە زۆری لـەو قەرەبووانـەدا ماوەیەکـی درێژتـر دادەنـرێ، وەك دانـەوەی قەرزەکانـی ژاپـۆن کـە لـە سـەردەمی ڕژێمـی بەعـس وەرگیرابـوون و قەرەبووکردنـەوەی زیانەکانـی کوێـت.

سـەرۆکی لقـی هەولێـری سـەندیکای پارێـزەران دەڵـێ، کۆمەڵێـك شایسـتەی دارایـی هـەن، تەنانـەت دوای ئـەوەی کوردسـتانیش دەبـێ بـە دەوڵـەت، پێویسـتە لـە ڕێـی دادگای دادی نێودەوڵەتییـەوە لـە عێراقـی وەربگرێتـەوە، چونکـە ڕوونـە خـۆی ناچێتـە ژێـر باریـەوە، بۆیـە پێویسـتە بەشـێوەیەکی نێودەوڵەتـی کاری لەسـەر بکـرێ.

**ئەمە هەموو قەرەبووەکە نییە**

تـا ئێسـتە کوردسـتان لەبەرئـەوەی بەشـێك بـووە لـە عێـراق و بەپێـی دەسـتووری ئـەو وڵاتـە تەنیـا قەرەبـووی سـەردەمی ڕژێمـی سـەدامی داتـا کـردووە. ئەیـاد کاکەیـی دەڵـێ، پێویسـتە حکوومەتـی کوردسـتان درك بـەوە بـکات، ئێمـە تـا ئێسـتە قەرەبووەکانمـان دادگای بـاڵای عێـراق یاسـای ژمـارە ١٠ی سـاڵی ٢٠٠٥، بـاس لـە قەرەبووەکانـی سـاڵی ١٩٦٨ تـا ڕووخانـی سـەدام دەکات، بـەڵام ئێمـە لـە سـەردەمی عەبدولکەریـم قاسـم

و ڕژێمەکانی تری عێراق مافەکانمان پێشێل کراون، پێویستە هەموو ئەوانە داتا بکرێن و بخرێنە ناو گفتوگۆی دانوستانەکانەوە.

شۆڕشی شێخ مەحموود، ڕاپەڕینی بارزانییەکان، سەرکوتکردنی ڕێپێوانی شاری سلێمانی ساڵی ١٩٦٠ و دەیان دۆسیەی تر هەن کە دەبێ قەرەبوویان بکرێتەوە، یان سیاسەتی تەعریب کە بەشێکی پێش ڕژێمی بەعس بووە، یان شەهیدانی شۆڕشی ئەیلوول، بۆیە دەبێ سەرلەنوێ داتایەکی تر لەلایەن وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانەوە ئامادە بکرێ. ئەیاد کاکەیی وای گوت.

**لیژنەیەك سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئەو ئامارانەیە**

فوئاد عوسمان گوتەبێژی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان، بە«وشە»ی گوت، لیژنەیەکی تایبەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانیش ئەندامە تێیدا، ئاماری تەواوی ئەو زیان و قوربانییانەیان تۆمار کردووە کە بەپێی مادەی ١٣٢ لە دەستووری عێراق، ددان بە قەرەبووی زیانەکانی جینۆساید دەنێ، هەروەها دەتوانین پشت بەو داوایە ببەستین لە دانوستانەکانی پێشتردا لەگەڵ بەغدا داوامان کردووە، لە ڕێی لیژنەیەکی تایبەتەوە ئەنجام درا کە لە دەرەوەی جینۆسایدە و حکوومەتی عێراق ددانی پێدا ناون، وەك پڕکردنەوەی کانیاوەکان، بێسەروشوێنکردنی خەڵك و زۆری تر کە بە وردی تۆمار کراون.

سەردەمی حکوومەتی نووری مالیکی، لیژنەکەی نێوان کوردستان و عێراق، قەرەبووی هەموو زیانەکانی ڕادەستی ئەو کرد، بەڵام وێڕای ڕەزامەندی، بە بیانووی ئەوەی پارەیان لە بەردەست نییە و پێویستیشە پەرلەمانی عێراق بڕیاری لەسەر بدات چونکە بڕەکەی زۆرە. ئەگەرچی

حکوومەتـی کوردسـتان ئامـادە بـوو بەشـێوەی قسـت بـدرێ، بـەڵام ئـەوان بەوەیـش ڕازی نەبـوون. فوئـاد عوسـمان وای گـوت.

بەپێـی ئـەو زانیارییانـە، تەنیـا لـە کـۆی شـەش دۆسـیە، کوردسـتان ٣٧٥ ملیـار دۆلاری قەرەبـوو لـە عێـراق داوا دەکات، ئەگـەر تـەواوی هـەر ١٦ دۆسـیەکە پەسـند بکرێـن کـە تەنیـا سـەردەمی ڕژێمـی بەعسـە، نرخەکـە بەلایەنـی کەمـەوە دەبێـت بـە دوو هێنـدە، بـەڵام ئەمـە تـەواوی ئـەو قەرەبـووە نییـە کـە کوردسـتان لـە عێراقـی دەوێ، پێویسـتە لـە سـەرەتای دامەزراندنـی عێراقـەوە، لـە سـاڵی ١٩٢١ تـا ١٩٦٨ بـە تایبـەت بـاس بکـرێ، دوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراقیـش کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٣ تـا ئێسـتە ٢٠١٧ دەکات، ئەویـش بـە جیـا هەژمـار بکـرێ. تەنیـا قۆناغـی دوای ڕژێمی بەعـس، بەلایەنـی کەمـەوە کـورد ٥٠ ملیـار دۆلاری لـەلای حکوومەتـی عێراقـە، کـۆی گشـتی ڕەنگـە بگاتـە یـەك ترلیـۆن دۆلار.

# هیچ ڕێککەوتنێک
# لەگەڵ بەغدا سەری نەگرتووە

ڕۆژی ١١ی ئـەم مانگـە، فراکسـیۆنی پارتــی دیموکراتیــی کوردســتان لــە ئەنجوومەنــی نوێنەرانــی عێــراق، لەگــەڵ حەیــدەر عەبــادی ســەرۆک وەزیرانــی وڵاتەکــە کــۆ بوونــەوە و دواتــر فراکســیۆنی پارتــی ڕایــان گەیانــد، لە کۆبوونەوەکـەدا چەنـد تەوەرێـك بـاس کـراون، یەکێکیـان باسـی «ڕیفرانـدۆم و ســەربەخۆیی کوردســتان» بــووە و ســەرۆکی حکوومەتــی عێــراق لاری نەبــووە و گوتوویەتــی، ڕیفرانــدۆم و ســەربەخۆیی مافــی گەلــی کــوردە.

ئــەم هەنــگاوە دەســتپێکی هەنگاوێکــی پێشــکەوتووی ڕاگەیاندنــی وادەی ڕیفراندۆمـە و ئەگـەر سـەربگرێ، ئـەوا تاکـە ڕێگەچارەیە لـە بەردەم عێــراق کــە بــە ڕێگەیەکــی ئاشــتی جیابوونــەوە ئەنجــام بــدرێ، چونکــە ئەگــەری هەیــە کــورد جارێکــی تــر نەچێتــەوە نــاو هیــچ ڕێککەوتنێکــەوە لەگــەڵ بەغــدا، بــە تایبــەت کــە ئەزموونەکانــی ڕابــردوو نیشــانی دەدەن تەنیــا «ڕێککەوتــن بــۆ ســەربەخۆیی» دەبــێ ئەنجــام بــدرێ.

**مێژوو دەڵێ هیچ ڕێککەوتنێك لەگەڵ بەغدا سەرناگرێ**

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی باشووری کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق هەڵ بدەینەوە، دەبینی هەمیشە دوای پێکدادان و خەبات و قوربانییەکی زۆر، ڕێککەوتنێك لەگەڵ حکوومەتی عێراق کراوە، دواتر ئەوان لە خاڵەکانی ریککەوتنەکە پاشگەز بوونەتەوە و جارێکی تر بۆ قۆناغی خەبات و شاخ، کوردیان گەڕاندووەتەوە.

دوای ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٥٨ لە نێوان مستەفا بارزانی سەرکردەی شۆڕشی کورد لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی عێراق و بەڵێنی پێدانی بەشێك لە مافەکانی کورد، بە تێپەڕبوونی کەمتر لە دوو ساڵ، بە تەواوی بەغدا ڕێککەوتنەکە دەشکێنێ و لە ساڵی ١٩٦١ هەڵمەتێکی سەربازیی توند دژی کورد دەست پێ دەکەن.

کاتێك عەبدولسەلام عارف دەبێتە سەرۆك، پەیمانی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تر بە کورد دەدات و لەگەڵ بارزانی و چەند سەرکردەیەکی تری کورد ڕێك دەکەوێ بەشێکی زۆر لە مافەکانی کورد بدەن، وەك مافی کولتووری و زمان و زۆر بواری تر، بەڵام ئەویش زۆری پێ ناچێ و لەڕێی عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە، جارێکی تر ڕێککەوتنەکان دەشکێنرێ و قۆناغی خەباتی شاخ دەست پێ دەکاتەوە و ماوەی نۆ ساڵ شەڕ بەردەوام دەبێت، بۆیە بە ناچاری حکوومەتی عێراق ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ مستەفا بارزانی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان واژوو دەکەن کە تێیدا «حوکمی زاتی» بۆ کورد و خوێندن بە زمانی دایك و هاوکات کوردیی ببێتە بە زمانی دووەم، ساڵی ١٩٧٧ دیاریکرا بۆ سەرژمێری لە شاری کەرکووك، ئەگەر کورد زۆرینە بوو، شارەکە بێتەوە سەر ناوچەی حوکمی زاتی، بەڵام عێراق پێش ئەوەی ئەو وادەیە بێت، جارێکی تر ڕێککەوتنەکانی تێك دا، بە تایبەتی

دوای ئـەوەی مسـتەفا بارزانـی گوتـی: کـورد مافـی خـۆی هەیـە لـە نەوتـی کەرکـووك.

دوای چـوار سـاڵ لـە ئـاداری سـاڵی ١٩٧٤، عێـراق تاکلایەنـە حوکمـی زاتـی ڕاگەیانـد کـە سـەرکردایەتی کـورد لەگەڵـی نەبـوون، چونکـە سـوور بـوون لەسـەر ئـەوەی کەرکـووك، خانەقیـن و شـنگال سـەربە ناوچـەی حوکمـی زاتـی بـن، عێراقیش بـە هیـچ شـێوەیەك دەسـتبەرداریان نەدەبوو، ئـەم سـووربوونەی کوردیـان بـە ڕاگەیاندنـی شـەڕ زانـی و هەڵمەتێکـی توندیـان لـە دژی کـورد ئەنجـام دا. بەشـێك لـە هەڵمەتەکـە بریتـی بـوو لـە رێککەوتـن لەگـەڵ شـای ئێـران بـە دەسـتبەرداربوونی «بەنـداوی عـەرەب»، لـە بەرانبـەر دا هاوکارییەکانـی بـۆ شۆڕشـی کـورد رابگـرێ، ئـەم ڕێککەوتنـە بـوو کـە نسـکۆی بـەدوای خۆیـدا هێنـا.

بـە درێژایـی تەمەنـی سـەدام حوسـێن لەسـەر دەسـەڵات کـە لـە ١٩٧٩ دەسـتی پـێ کـرد، هیـچ ڕێککەوتنێـك لەگەڵـی نەگەیشـتە ئەنجـام، تەنانـەت نیسـانی ١٩٩١ کاتێـك بـەرەی کوردسـتانی بـە سـەرۆکایەتیی مەسـعوود بارزانـی و جـەلال تاڵەبانـی ویسـتیان لەگـەڵ ڕژێمـی عێـراق ئـەو خاڵانـەی حوکمـی زاتـی ئـاداری ١٩٧٠ نـوێ بکەنـەوە، نەگەیشـتنە ئەنجـام تـا ڕووخانـی سـەدام، بـەڵام لـە دوای راپەڕینـەوە تـا هێڵـی ٣٦ بەدەسـت کـورد بـوو کـە کەرکووکـی تێـدا نەبـوو.

لـە دوای ڕووخانـی عێـراق کـە وڵاتەکـە بـۆ یەکـەم جـار لـە دەسـت دەسـەڵاتێکی تاکـڕەوی سـوننە ڕزگاری بـوو، هەلێـك بـوو کـورد ناوچـەی خـۆی و شـیعە ناوچـەی خـۆی وەربگرنـەوە و خاکـی سـوننەش بەدەسـت خۆیانـەوە بمێنێتـەوە. بـەڵام کـورد جارێکـی تـر کەوتـەوە ژێـر خۆشـباوەڕی و ڕێککەوتـن لەگـەڵ بەغـدا و عێراقێکـی مـردووی ئیفلیجـی بـە کۆمەڵـێ سـەرکردەی بـێ ئەزمـوون لـە حوکمڕانـی، خسـتەوە سـەرپێ، بـە مەرجـی

ئـەوەی کوردسـتان ناوچەیەکـی نیمچـە سـەربەخۆ بێـت.

دەسـتووری عێـراق گەرەنتیـی مافـە سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، کولتووری و ئابوورییەکانـی کـرد و کەرکووکیـش بـە مـادەی ١٤٠ کـە لـە دەسـتوورەکەدا هاتـووە، دوای سـەرژمێری و ڕاپرسـی، چارەنووسـی یـەکلا بکرێتـەوە، بـەڵام دیسـان دەسـەڵاتدارانی بەغـدا، ئەگەرچـی جـاران سـوننە بـوون و ئێسـتە شـیعەن کـە کـورد زۆر متمانـەی پـێ کردبـوون، لـە مـاوەی ١٤ سـاڵی ڕابـردوودا نـە کەرکووکیـان یـەکلا کـردەوە نـە هەنگاویـان بـەرەو ئـەو پێکەوەژیانـە نـا کـە کـورد وەك گەرەنتیـی مانـەوە لـە عێـراق لـە دەسـتووردا جێگیـری کردبـوو، بەڵکـو لـە ڕووی ئابـووری و سیاسـییەوە، کوردسـتانیان بـە تـەواوی بەسـتەوە و لـە هەمـوو لایەکـەوە ڕێگەیـان لـە گەشـەکردنی گـرت.

ئـەم خێـرا هەڵدانەوەیـەی لاپەڕەکانـی مێـژووی تەنیـا ٦٠ سـاڵی کـورد لەگـەڵ عێـراق، نیشـانی دا هەرگیـز ڕێگەیـەك نەمـاوە بـۆ پێکەوەژیـان لـە عێراقێکـی هاوبـەش و فرەییـدا، تـەواوی ئـەو دەسـتەواژانە لەلایـەن دەسـەڵاتداران لـە بەغـدا، تەنیـا بـۆ خوڵکردنـە چـاوی کـورد بـووە.

**تەنیا ڕێککەوتن بۆ جیابوونەوە چارەسەرە**

مـاوەی ٦٠ سـاڵ دەبـێ، باشـووری کوردسـتان، هـەوڵ دەدات لەسـەر بنەمـای پێکەوەژیـان و یەکسـانی و مافـی تـەواوی خەڵـك لەگـەڵ عێراقـدا بـژی، بـەڵام هەمـوو ئـەو ڕێککەوتنانـە کاتـی بـوون و هیچـی ئەوەنـدە بـڕی نەکـردووە کـورد لـە بەختەوەریـدا خـۆی ببینێتـەوە، ڕەنگـە درێژتریـن مـاوەی ڕێککەوتنـی نێـوان کـورد و بەغـدا، ئـەوە بێـت کـە دوای ڕووخانـی سـەدام، تـا سـەردەمی نـووری مالیکـی سـەرۆکی پێشـووی عێـراق ڕووی دابێـت، لـەو ماوەیـەدا کـە تەمەنـی کەمـتر لـە ١٠ سـاڵ بـوو، تـا ئاسـتێك

ئـەوەی کوردسـتان دەیویسـت بـەو شـێوەیە بـوو. وێـڕای هەمـوو گەندەڵی و کەموکوڕییەکیـش، کـورد بـۆ دونیـای سـەلماند ئەگەر هەڕەشـەی تەناهیی لەسـەر نەبـێ و دۆخـی سیاسـیی و ئابـووری سـەقامگیر بێـت، دەتوانـێ وەك هـەر میلەتێکـی تـری دونیـا بـژی و پێـی دەکـرێ ڕکابەریـش بـکات.

ئـەو هەنـگاوەی فڕاکسـیۆنی پارتـی بـە کۆبوونـەوە لەگـەڵ سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق ناویەتـی، ئەرێنییـە و پێویسـتە لەسـەر ئـەو چەمکـە کار بکرێـت، چونکـە ڕەنگـە قسـەکانی عەبـادی کـە گوتوویەتـی ڕێگـری لـە ڕیفرانـدۆم نـاکات و سـەربەخۆیی بـە مافـی گەلـی کـورد دەزانـێ، گفتێکـی ڕژد نەبـێ، تەنیـا قسـەی سـەرزارەکی بێـت، بـۆ ئـەوەی ببێتـە گفـت و بڕیـار، دەبـێ بـە ڕێککەوتنێکـی فەرمیـی دووقۆڵـی کـە لایەکیـان هەرێمـی کوردسـتان و لاکـەی تـر بەغـدا بێت و بـە گەواهیـی نەتـەوە یەکگرتووەکان واژووی لەسـەر بکـرێ، بـەم شـێوەیە کـورد بـە ئاسـانی دەتوانـێ بـۆ یەکـەم جـار لـە مێـژووی دا، ڕێککەوتنێـك لەگـەڵ بەغـدا بـکات کـە ئەنجامەکـەی بـە دڵـی خـۆی بێـت.

ئـەم ڕێککەوتنـە پێـش ئـەوەی ئەنجـام بدرێـت، پێویسـتە بۆچوونـی کوردسـتانی لەسـەر یـەك بخرێـت و تـەواوی حیزبـەکان کـۆك بـن و سـەرکردایەتی و لیژنەیەکـی فراوانـی بـۆ ئامـادە بکـەن، ئەم سـەرکردایەتییە دەتوانـی بەغـدا ناچـار بـکات بـە واژووکردنـی «ڕازیبـوون و ڕێگـری نەکـردن لـە ڕیفرانـدۆم و قبووڵبوونـی دەرئەنجامەکـەی».

خـۆ ئەگـەر بەغـدا ئامـادە نەبـوو بـە شـێوەیەکی فەرمـی و واژووکـراو ڕەزامەنـدی لەسـەر ڕیفرانـدۆم بـدات، ئـەو کاتـە وەك لـە چاوپێکەوتنێکـی پێشـتردا د. محەمـەد ئیحسـان چاودێـری سیاسـی و سـەرۆکی پێشـووی دەسـتەی گشـتیی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان، بە»وشـە»ی ڕاگەیاندبـوو، پێویسـتە کـورد پەنـا بـۆ کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی

ببـات بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە، دڵنیاشـم کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـەم ئەرکـەی خـۆی هەڵدەسـتێت، وەك باشـووری سـوودان بـە نموونـە (لـە شـیکارییەکی تایبەتـدا، هەنگاوەکانـی باشـووری سـوودان تـا گەیشـت بـە سـەربەخۆیی، بـڵاو دەکەینـەوە) بـەڵام ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمیـش وا بـە ئاسـانی ناکرێـت، بەڵکـو پێویسـتە بەرنامـە و پـلان و دیاریکردنـی کات و کاتـی ئەنجامـدان و چارەسـەری کێشـەکان و کێشـەی دیاریکردنـی سـنوور بکرێـت، بۆیـە ئێمـە لـە قۆناغێکدایـن پێویسـتە زۆر بـە وردی توێژینـەوەی بـۆ بکەیـن.

لـەم دوو سـێ سـاڵەی ڕابردوو سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان کاری زۆر گـەورەی کـردووە و بەشـێکی زۆری کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی تێگەیانـدووە کـە بۆچـی دەمانەوێـت ببیـن بـە دەوڵـەت و سـەربەخۆ بژیـن، هەروەهـا کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـش ناچـارە ڕێـز لـەو داخوازییانـەی گەلـی کـورد بگرێـت و ئێسـتەش کات کاتـی ڕاگەیاندنـی دەوڵەتـی کوردییـە. ئیحسـان وای گـوت.

# ڕیفراندۆمەکەی باشووری سوودان ئەزموونە بۆ باشووری کوردستان

ئـەوەی باشـووری سـوودان لـە هەرێمـی کوردسـتان جیـا دەکاتـەوە، سـەرکردایەتییەکی هاوڕایـان هەبـوو کـە پێکـەوە کاریـان بـۆ ڕیفرانـدۆم کـرد و گەلیـش بـە تـەواوی متمانـەی بـە بڕیارەکانیـان بـوو تـا گەیشـتن بـە سـەربەخۆیی و ئیـتر شـەڕی ناوخـۆ دەسـتی پـێ کـرد، لـە کوردسـتان پێـش سـەربەخۆیی، لایەنـەکان لەسـەر هیـچ کـۆك نیـن و گەلیـش متمانـەی پێیـان نەمـاوە.

باشـووری کوردسـتان لـە بـەردەم هەنگاوەکانـی بـەرەو ڕیفراندۆمـە بـۆ ئـەوەی بڕیـاری خەڵکـی لەسـەر مانـەوە وەك بەشـێك لـە عێـراق یـان سـەربەخۆیی بزانـرێ. هەندێـك لـەو هەنگاوانـە، تایبەتمەندیـی کوردسـتانە بـەو وڵاتـەی پێـوەی لـکاوە و هەندێکیشـی دەبـێ ئـەو ڕێگـە یاسـایی و عورفـی و پلانانـە بگیرێتـە بـەر کـە وڵاتانـی تـری دونیـا لەسـەری ڕۆیشـتوون و هەنگاوەکانـی بـەرەو سـەربەخۆییان تـێ پەڕانـدووە. نموونـەی سـێ

ڕیفراندۆمـی هاوچـەرخ لـە بـەردەم هەرێمـی کوردسـتانە تـا سـوودیان لـێ بـکات، یەکێکیـان ئـەوەی سـکۆتلەندایە کـە بـە مانـەوە لەگـەڵ ئینگلتـەرا وەك وڵاتێکـی کۆنفیدڕاڵـی ئـەو گەلـە دەنگیـان دا، دووەمیـش باشـووری سـوودانە کـە بـە جیابوونـەوە لـە سـوودان دەنگیـان دا و پـاش ماوەیـەك سـەربەخۆییان ڕاگەیانـد، سـێیەمیش کـە هێشـتا ئەنجـام نـەدراوە، ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کەتەلۆنیایـە تـا لـە ئیسـپانیا جیـا ببنـەوە. هەریـەك لەوانـە، ئەزموونێکـی بـاش بـە هەرێمـی کوردسـتان دەدەن، ڕەنگـە لەبـەر ئـەوەی ئەنجامەکـەی بـە «بەڵـێ» بـووە، ئـەوەی باشـووری سـوودان باشـتر ئەزمـوون بـە باشـووری کوردسـتان بـدات.

**بۆچی باشووری سوودان لە هەرێمی کوردستان نزیکە؟**

لـە کتێبـی «دەوڵـەت لـە نێـوان کوردسـتان و باشـووری سـوودان» کـە ئەحمـەد زاوێتـی نووسـەر و ڕاگەیانـدکار بـە زمانـی عەرەبـی لـە سـاڵی ٢٠١٢ لـە دیمشـەق بـە چاپـی گەیانـدووە، کۆمەڵـێ هـۆکار ئاشـکرا دەکات کـە بریتیـن لـە خاڵـی هاوشـێوە و خاڵـی جیـاوازی نێـوان ئـەم دوو شـوێنە کـە ئەگەرچـی کـورد لـە پێـش ئەوانـەوە خەباتیـان بـۆ سـەربەخۆیی کـردووە، بـەڵام باشـووری سـوودان زووتـر پێـی گەیشـتن. لـە کتێبەکـەدا زاوێتـی ئـەوە دەخاتـە ڕوو، لـە زۆر بنەمـای بـە دەوڵەتبوونـەوە، کوردسـتان لـە باشـووری سـوودان نزیکـترە، کـورد زمانێکـی تایبـەت بەخـۆی هەیـە کـە جیـاوازە لـە تـەواوی ئـەو وڵاتانـەی پێـوەی لـکاوە و کولتووریشـی جیـاوازە، بـەڵام باشـووری سـوودان لەبـەر ئـەوەی زمانێکـی گشـتگیری نەبـوو، ئینگلیـزی وەك زمانـی فەرمـی هەڵبـژارد.

ڕەنگـە خاڵێکـی هـەرە پێشـکەوتوو کـە باشـووری سـوودان و کوردسـتان لێـك نزیـك بکاتـەوە وەك دکتـۆر حـازم ڕەفاعـی نووسـەری نـاسراوی میسـڕ

دەڵـێ، دوو هـۆکار بێـت، یەکێکیـان، هەردووکیـان لـە قۆناغێکـی دواتـری مێـژوودا، بڕیـاری شـۆڕش و خەباتیـان دا بـۆ بـەرەو سـەربەخۆبوون، دوای شۆڕشـی چیـن دژی ئیمپراتۆڕیـی ژاپۆنـی و میسـڕ دژی فڕەنسـا و زۆری تـر، ئەمـەش وای کـردووە کـە خاڵێکـی تـر لـە هەردووکیـان دروسـت بێـت کـە بریتییـە لـە شـەڕی ناوخـۆ کـە دەردێکـە هـەردوو وڵاتـی گرتووەتـەوە و ئێستەیشـی پێـوە بێـت باشـووری سـوودان لێـی دەربـاز نەبـووە.

ئێمـە لێـرەدا نموونـەی باشـووری سـوودان بـۆ ئـەوە ناهێنینـەوە لەبـەر ئـەوەی ئەزموونێکـی سـەرکەوتووە، ئەوەتـا زۆرێـك لـە نووسـەرە عەرەبـەکان بـە گاڵتـەوە باسـی داوای کـورد بـۆ سـەربەخۆیی دەکـەن، دەڵێـن دەتانـەوێ وەك باشـووری سـوودانتان لـێ بێـت، ببینـن چـۆن بەدەسـت شـەڕی ناوخـۆ و تەنگـژەی ئابـووری دەناڵێنـن، ئەمـەش وەك بیانـوو دەیهێننـەوە تـا پارچەیەکـی تـر لـە نیشـتمانە عەرەبییە بـەدرۆ دروسـتکراوەکەیان لـەت نەبێ کـە لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتەکـەی کـورد و باشـووری ڕۆژئاواکـەی ئەمازیغـی و باشـوورەکەی سـۆماڵ و ئەریتیریـا و باشـووری سـوودانی بـە بەبـێ هیـچ بنەمایـەك پێـوە لـکاوە، لە کاتێکـدا خۆیـان پارچەپارچەن. باسـکردنی نموونەی باشـووری سـوودان، تـا ئـەو ڕادەیـەك کارایـە کـە چـۆن خەباتـی سیاسـی و سـەربازی و دیپلۆماسـییان بـە شـێوەیەکی پلانـی تۆکمـە داڕشـت تـا گەیشـتن بـە ئـاوات، ئێمـە دوای گەیشـتنیان هەڵدەگریـن بـۆ خۆیـان، گەیشـتنی خۆشـمان بـە سـەربەخۆیی بـۆ خۆمـان هەڵدەگریـن، ئـەو کاتـە نموونـەی ئیسرائیـل دەکەینـە پێـوەر بـۆ خۆمـان، لـە زۆر ڕووەوە بـۆ دوای سـەربەخۆیی لەیـەك نزیکیـن، ڕەنگـە تـا خاڵـی زۆر پێشـکەوتووی ئـەوان جیۆگرافیاکەیـان بێـت، لایەکـی بـە دەریـا بەسـتراوە و ئەوبەریـان ئەورووپـا یـە، باشـووری کوردسـتان هەمـوو لاکانـی وڵاتانـی داگیرکـەر تەنـراوە، ئەگەرچـی لـە ڕووی خاکـەوە، لـە ڕۆژهـەڵات و باکـوور و ڕۆژئـاوا، کـوردی داگیرکـراوی وڵاتانـی

تـرن و تەنیـا باشـوورەکەی هـەم لـە ڕووی جیۆسیاسـی و هـەم لـە ڕووی جیۆگرافـی لێـك دووریـن.

**باشووری سوودان کوێیە؟**

کۆمـاری باشـووری سـوودان دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتـی کیشـوەری ئەفەریقـا و «جوبـا» پایتەختـی وڵاتەکەیـە، لـە ڕۆژهەڵاتـدا لەگـەڵ ئەتیۆپیـا، لـە باشـووردا لەگـەڵ وڵاتانـی کینیـا، ئۆگەنـدا و کۆنگـۆ، لـە ڕۆژئـاوادا لەگـەڵ کۆمـاری ئەفریقـای ناوەڕاسـت و لـە باکـووردا لەگـەڵ وڵاتـی سـوودان هاوسـنوورە. لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە لەگـەڵ سـوودان بـە میسـڕەوە لکابـوون، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٥٦ کاتێـك سـوودان سـەربەخۆیی ڕاگەیانـد، ئەمانیـش بـوون بـە بەشـێك لـەو وڵاتـە و ڕاسـتەوخۆ لـە دوای ئـەوە خەباتیـان لـە دژی حکوومەتـی ناوەنـد دەسـت پـێ کـرد (نزیکـی کاتـی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە باشـووری کوردسـتان)، ئەمـەش وای کـرد حکوومەتـی خەرتـووم سـاڵی ١٩٧٢ ڕێککەوتنیـان لەگەڵـدا ئەنجـام بـدات و حوکمـی زاتییـان پـێ بـدات (دوو سـاڵ دوای ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ی کـورد و عێـراق بـۆ هەمـان مەبەسـت)، ئـەم ڕێککەوتنـەی باشـوور و ناوەنـدی سـوودان، تـا سـاڵی ١٩٨٣ بـڕی کـرد و جارێکـی تـر شـەڕ دەسـتی پـێ کـردەوە و تـا سـاڵی ٢٠٠٥ بـەردەوام بـووە، ئینجـا جارێکـی تـر لەسـەر حوکمـی زاتـی ڕێـك دەکەونـەوە، ئەمـەش وا دەکات وەك هەرێمێکـی نیمچـە سـەربەخۆ هاوشـێوەی هەرێمـی کوردسـتان، پێوەندیـی نێودەوڵەتـی لـە دەرەوەی خەرتـووم دروسـت بـکات و دۆسـیەکەی بـەرز بکاتـەوە بـە هەموو دونیـای بناسـێنێ تـا وای کـرد دوای چەنـد سـاڵێك، کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و حکوومەتـی ناوەنـد ناچـار بـکات بـە ڕیفرانـدۆم ڕازی بـن و ئەنجامەکەشـی ئەوەبـوو خەڵـك دەنگـی بـە «بەڵـێ» دا و سـەربەخۆییان ڕاگەیانـد. بـەڵام

ئــەوەی جێــی هەڵوەســتەیە، تەنانــەت دوای ڕاگەیاندنــی ســەربەخۆییش، نەیانتوانــی ناکۆکییەکانــی نێوانیــان بــە شــێوەیەکی دیموکراتــی و تەنیــا لەســەر ســندووقی دەنگــدان یــەکلا بکەنــەوە، بــەڵام شــەڕە ناوخۆیییەکانــی نێوانیــان، کێشــەکانیانی بــەردەوام کــرد.

### هەنگاوەکانی ڕیفراندۆمەکە

پەرلەمانــی ســوودان لــە ٢٩ی کانوونــی یەکــەم/ دیســێمبەر، بــە زۆرینــەی دەنــگ ڕەزامەنــدی لەســەر ڕیفراندۆمــی هەرێمــی باشــووری ســوودان (هەرێمــی جوبــا) دا بــەوەی دەیانــەوێ لەگــەڵ ســوودان بمێننــەوە یــان جیــا ببنــەوە. بــۆ ئەمــەش ماوەیەکــی کاربەڕێکردونیــان دانــا کــە تــا یۆلیــۆ/ تەمــووزی ٢٠١١ بــوو، مەرجــی پەرلەمــان ئەوەبــوو شــەش مانــگ پێــش تەواوبوونــی ئــەو ماوەیــە، دەبــێ ڕیفراندۆمەکــە بکــرێ، ئەگــەر نــا ئــەو ڕێگەپێدانــە نامێنــێ.

ئــەو کاغــەزەی لــە بــەردەم هاووڵاتییانــی باشــووری ســوودان بــوو، دوو ژمــارەی لەســەر بــوو، ژمــارە ١ واتــە ڕازیبــوون بــە مانــەوە لەگــەڵ ســوودان بەپێــی ئــەو ڕێککەوتنــی ئاشــتییە گشــتییەی لەســەری واژوویــان کردبــوو، ژمــارە ٢ واتــە جیابوونــەوە لــە ســوودان و ســەربەخۆیی.

کۆمیســیۆنێك بــە نــاوی کۆمیســیۆنی ڕیفراندۆمــی باشــووری ســوودان بــە هەماهەنگیــی حکوومەتــی ناوەنــد و چاودێریــی نێودەوڵەتیــی دروســت کــرا. ئــەم کۆمیســیۆنە پلەیەکــی بــاڵای هەبــوو کــە لەلایــەن ســەرۆکی کۆمــاری ســوودانەوە سەرپەرشــتی دەکــرا و دوو بــارەگای هەبــوو، یەکێکیــان لــە خەرتــووم پایتەختــی ســوودان و ئــەوی تــر لــە جوبــا پایتەختــی هەرێمــی باشــوور، کۆمەڵــێ لیژنــەی بــاڵا و لیژنــەی لاوەکــی هەبــوون کــە لــە هەمــوو بەشــێکی باشــووری ســوودان بارەگایــان هەبــوو، لــە ڕووی داراییــی

و تەکنیکەوە سەربەخۆیی تەواوی هەبوو، دەیتوانی خۆی بڕیار بدات بەبێ پەستانی حکوومەتی ناوەند یان دەسەڵاتی هەرێمی باشوور و بەوپەڕی بێ لایەنی و شەفافییەت کارەکانی دەکرد و هەمیشە چاودێرە نێودەوڵەتییەکان چاویان لەسەری بوو.

**مەرجەکانی بەشداریکردن لە ڕیفراندۆمەکەدا**

ئەو کەسەی کە دەیەوێ بەشداری لە ڕیفراندۆمی باشووری سوودان بکات بە مانەوەی لەگەڵ خەرتووم یان جیابوونەوە، دەبوو چەند مەرجێکی تێدابێت، یەکێکیان بریتییە لەوەی دایك و باوکی هەردووکیان یان یەکێکیان بە ڕەسەن خەڵکی باشووری سوودان بێت، یان خۆی پێش کانوونی دووەم/ یەنایەری ١٩٥٦ لەو وڵاتە لە دایك بووبێت، یان بە ڕەچەڵەك خەڵکی ئەوێ بێت.

مەرجێکی تر بریتی بوو لەوەی دەبێ بە شێوەیەکی بەردەوام و بێ پچڕپچڕی لە باشووری سوودان ژیابێت، یان یەکێك لە دایك و باوکی بەبێ پچڕی، پێش کانوونی دووەم/ یەنایەری ١٩٥٦ لەوێ ژیابن.

بەڵام ئەوە بە مەرج نەگیرابوو کە دەبێ لە شوێنێکی دیاریکراو دەنگ بدەن، وەك چۆن لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە، بەڵکو هەر کەس لە کوێ بیویستایە دەیتوانی دەنگی خۆی بدات، بەڵام ئەوانەی کە پێش سەربەخۆیی سوودان (١٩٥٦) لەوێ ژیاون و دواتر چوونەتە شوێنی تر نیشتەجێ بوون، دەبوو بگەڕێنەوە بۆ باشوور و هەر لەوێ دەنگ بدەن. بەڵام ئەوانەی کە ناچار بوون لە باکووری سوودان دەنگ بدەن، دەبوو بە هەماهەنگیی ڕێکخراوەکانی باشووری سوودان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران (IOM) سندووقیان بۆ دابنرێت و ئەو لیژنانەش دەنگەکانیان هەژمار دەکرد.

ئەوانـەی لـە دەرەوەی سـوودانن و بە بەڵگەکانی پێشـوو دەیسـلەمێنن کە بـە ڕەچەڵـەك خەڵکـی باشـووری سـوودانن، سـەرۆکی بەشـی هەماهەنگیـی کۆمیسـیۆنی ڕیفرانـدۆم، لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی باشـووری سـوودان، لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـە ڕێککەوتـن و بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە ناویانـدا و بـە سەرپەرشـتیی لیژنەیەکـی نێودەوڵەتـی دەنگـەکان کـۆ دەکرانـەوە.

**پاراستنی ڕیفراندۆمەکە**

لیژنەیەکـی حکوومەتـی هەرێمـی باشـووری سـوودان، کۆمەڵـێ لیژنـەی بـۆ پاراسـتنی شـوێنەکانی دەنگـدان پێـك هێنـا کـە بریتـی بـوون لـە پۆلیسـی هەرێمەکـە و ئاژانسـەکانی پاراسـتنی نیشـتمانیی کـە حکوومەتـی هەرێمـی باشـووری سـوودان دایانمەزراندبـوو، حکوومەتـی ناوەندیـش لـە ڕێـی پۆلیـس و ئاژانسـە تەناهییەکانـی خۆیـەوە، شـوێنی دەنگدانـی ناوچەکانـی باکـووری سـوودانی دەپاراسـت.

**یاسای وەرگرتنی ئەنجامی ڕیفراندۆم**

هـەر بەپێـی ئـەو یاسایانەی پەرلەمانـی سـوودان دەری کرد، دەبـوو ڕێژەی بەشـداربووانی ڕیفراندۆمەکـە لـە ٥٨٪ کەمـتر نەبـێ، خـۆ ئەگـەر نەتوانـرا ئـەو ڕێژەیـە بچنـە سـەر سـندووقەکانی دەنگـدان، دوای ٦٠ ڕۆژ لـە ڕاگەیاندنـی ئەنجامەکـەی لەلایـەن کۆمیسـیۆنەوە، جارێکـی تـر ئەنجـام بـدرێ. مەرجـی دەنگدانەکـەش بـە قبووڵکردنـی هـەر لایـەك بـە زۆرینـەی ئاسـایی بـوو کـە بریتییـە لـە ٥٠٪ +١٪، واتـە هـەر بژاردەیـەك ئـەو ڕێژەیـە بەدەسـت بهێنـێ، ئـەوا دەنگدانەکـە پەسـەند دەکرێـت، بـۆ ئەمـەش لـە لایـەن کۆمیسـیۆن و حکوومەتـی ناوەنـد و حکوومەتـی باشـووری سـوودان، مافـی بانگەشـە درابـوو بـۆ هـەر لایـەك کـە مانەوەیـە لەگـەڵ سـوودان یـان جیابوونـەوە.

### ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە

لـە ڕۆژی نـوێ کانوونـی دووەم/ یەنایـەر تـا دەگاتـە ١٥ی هەمـان مانگـی سـاڵی ٢٠١١، ڕیفراندۆمـی باشـووری سـوودان بەپێـی ئـەو یاسـا و ڕێککەوتننانـەی پێشـتر بـاس کـران، ئەنجـام درا و لـە حەوتـی شـوبات/ فێبرایـەری ٢٠١١ ئەنجامـەکان بـە شـێوەیەکی فەرمـی لەلایـەن کۆمیسـیۆنی بـاڵای ڕیفراندۆمـی باشـووری سـوودان بـە زۆرینـەی نزیکـی هەمـوو ٩٩٪ دەنگـەکان بـۆ جیابوونـەوە لـە سـوودان ڕاگەیەنـرا، ڕێـژەی بەشـداربوونیش سـەرووی ٩٠٪ بـوو. دوای چەنـد مانگێـك بـە شـێوەیەکی فەرمـی و جیابوونەوەیەکـی ئاشـتییانە لەگـەڵ حکوومەتـی ناوەنـد، لـە نـوێ تەمـووز/ یۆلیـۆی هەمـان سـاڵ واتـە دوای شـەش مانـگ، سـەربەخۆیی باشـووری سـوودان ڕاگەیەنـرا کـە جوبـا پایتەختەکەیەتـی و هـەردوو سـەرۆك عومـەر بەشـیر سـەرۆکی سـوودان و سـیلڤا کیـر سـەرۆکی باشـووری سـوودان و ژمارەیـەك سـەرۆکی وڵاتانـی ئەفەریقـی و دونیـا لـە ڕێوڕەسـمێکدا ڕایـان گەیانـد.

### پێش ڕیفراندۆمەکە

تـا گەیشـتە ئـەو قۆناغـەی بـە ڕێککەوتنێکـی ئاشـتییانە، پەرلەمانـی سـوودان دەنـگ لەسـەر ڕیفراندۆمـی باشـووری سـوودان بـدات و لەلایـەن حکوومەتەکـەوە سەرپەرشـتیی پرۆسـەکە بـدرێ، کۆمەڵێ هەوڵ و تێکۆشـانی گـەورە درا، ئـەوەش نابـێ لـە یـاد بکـرێ، ئـەم ڕیفراندۆمـە دوای زیاتـر لـە ٥٠ سـاڵ خەبـات و قوربانـی دێـت کـە بـە سـەدان هـەزار خەڵکـی هـەردوو لا کـوژران و سـەدان هـەزار دەربـەدەر بـوون و ئابووریـی وڵاتەکـە بـە تـەواوی کەوتـە ژێـر مەترسـییەوە، بـەڵام هەمـوو ئەمانـە حکوومەتـی ناوەنـدی ناچـار نەکـرد دان بـە بوونـی قەوارەیـەك بنـێ لـە باشـووری سـوودان، ئەگـەر

سیاسەتی سەرکردایەتیی باشوور نەبووایە کە زۆر بە تۆکمە و دیپلۆماسی دۆسییەکەیان گەیاند بە گوێی نەتەوەیەکگرتووەکان و تەواوی دونیا، تا حکوومەتی سوودانی ناچار کرد بە حوکمی زاتی و دواتر بە فیدراڵی، بەڵام ویستی باشووری سوودان کە مافێکی ڕەوا بوو بە پێی یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەری بونیاد نراوە بۆ سەربەخۆیی، بەوەندە ڕانەوەستان و هەمیشە هەوڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی بەردەوام بوو، بە تایبەتی هەوڵەکانی سەرۆك سیلڤا کیر تا بە تەواوی خەرتووم ناچار کرا دان بەو ڕیفراندۆمە و ئەنجامەکەی بنێ.

بوونی سەرکردایەتییەك کە تەواوی وڵات پشتیان پێ بەستبوو بۆ گەیشتنیان بە کەناری ئارامی کە سەربەخۆییە، هۆکاری گەورەی سەرکەوتنی پرۆسەکە بوو، چونکە بەبێ متمانەیی میلەت، هەوڵە دیپلۆماسییەکان بە تەنیا کاری خۆی ناکات، ئەوەش کە وای کرد دوای سەربەخۆیی نەگەن بەو خەونانەی کە وایان دەزانی ئەگەر لە سوودان جیا ببنەوە، دۆخی تەناهی و ئابووریان باش دەبێ، کێشە ناوخۆییەکان بوو. کێشەی ناوخۆیی پێش سەربەخۆیی نایەڵێ پێی بگەی، دوای سەربەخۆییش نایەڵێ گەل بە مافە سادەکانی بگات کە ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەرانە.

# کورد نەبوو بە بەشێك لە تورکیا دەبێت بە دراوسێی

ئـەوەی کەمێـك لاپەڕەکانـی مێـژوو هەڵبداتـەوە تـا دەگاتـە سـەرەتای ساڵانی نەوەتـی سـەتەی ڕابـردوو، پێوەندییەکـی پتـەوی نێـوان تورگـوت ئـۆزاڵ سـەرۆکی ئەوکاتـی تورکیـا و جـەلال تاڵەبانـی سـکرتێری یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان دەبینـێ، ئـەم پێوەندییـە ئەوەنـدە بەهێـز بـوو، هـەردوو کەسـەکە پلانیـان بـۆ لێکردنـەوەی باشـووری کوردسـتان لـە عێـراق دارشـتبوو تـا ببێـت بـە هەرێمێـك سـەربە تورکیـا. کۆمەڵـێ خاڵـی هاوبـەش هەیـە لـە نێـوان ئـەو پێوەندییـە و ئەمـەی ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان سـەرۆکی ئێسـتەی تورکیـا و مەسـعوود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان.

ئـەم دوو سـەرۆکەش هەمـوو هەوڵێـك دەدەن بـۆ نزیکبوونـەوەی باشـووری کوردسـتان لەگـەڵ تورکیـا، بـەڵام کۆمەڵـێ خـاڵ ئەمەیـان لـەوەی تاڵەبانـی و ئـۆزاڵ جیـا دەکاتـەوە، هەندێکیـان گـۆڕینـی سـەردەمەکان

دروستی کردوون و هەندێکیش دەگەڕێتەوە بۆ ئایدیا و بینین و خەونی کەسەکان، بۆ نموونە جاران بۆ کوردستانی باشوور باسی فیدراڵی دەکرا لەگەڵ تورکیا، ئێستە باسی سەربەخۆیی دەکرێ کە ببێت بە دراوسێیەکی باش و هاوپەیمان لەگەڵی بە تەواوی سەروەرییەوە.

**سەردەمی دووەمی کۆماری تورکیا**

ئەگەر مستەفا کەمال ئەتاتورك، سەردەمی یەکەمی بڕینی قۆناغی دەوڵەتی عوسمانیی بێت لە سیستەمێکی بۆماوەیی ئیسلامیی قۆرخکارەوە بۆ کۆماریی عەلمانی، بەڵام بەهەمانشێوە دژی مافی گەلانی تری وڵاتەکە، ئەوا سەردەمی تورگوت ئۆزاڵ کە لە ساڵانی ١٩٨٩ بۆ ١٩٩٣ سەرۆکی تورکیا بووە، قۆناغی دووەمی ئەو کۆمارەیە، چونکە ئیتر لێرەوە هەنگاوی یەکەم بە ڕووی ئیسلامییەکاندا دەستی پێ کرد و موسڵمانیش دەیتوانی لەژێر وڵاتێکی عەلمانیدا مافی سیاسییان هەبێ، نەتەوەکانی تریش دەیانتوانی بگەن بە کەمێك لە مافەکانیان، بەگشتی لە سەردەمی ئەمدا هەنگاوەکانی بەرەو دیموکراتی لە تورکیادا گەشەی کرد و بە باوکی ڕاستیی لیبراڵییەت لەو وڵاتە هەژمار دەکرێ.

ئۆزاڵ ئەگەرچی دوای کۆدەتایەکی سەربازی دەسەڵاتی وەرگرت و ماوەی شەش ساڵ (١٩٨٣-١٩٨٩) سەرۆك وەزیرانی تورکیا بوو، پێش ئەوەی بۆ چوار ساڵی داهاتوو ببێت بە سەرۆکی وڵات، ئەو هەوڵی زۆری دا تا ڕۆڵی سەرباز کەم بکاتەوە، ئەگەرچی هیچ پێکهەڵپژانێکی لەگەڵ ئەواندا دروست نەکرد.

ساڵی ١٩٨٩ هەزاران کوردی لە گرتووخانەکان ئازاد کرد کە دەیان سەرکردەی باڵای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)شیان لەناودا

بـوو، بـەڵام ئـەو حیزبـە بـەردەوام بـوون لـە چالاكییەكانیـان. سـاڵی ١٩٩١ كەمێـك لـە قەدەغـەی قسـەكردن بـە زمانـی كـوردی هێـواش كـردەوە و خەڵكـی دەیانتوانـی لـە شـارە كوردییـەكان بـە كـوردی بدوێـن، تەنانـەت خـۆی ئاشـكرای كـرد كـە بـە ڕەگـەز كـوردە و ڕێـی دا لەژێـر چاودێریـی حكوومەتـدا، بڵاوكـراوە بـە زمانـی كـوردی چـاپ بـبن، بـەڵام بەبـێ هیـچ ئاماژەیەكـی سیاسـی، ڕۆژنامـە و گۆڤـاری وەك «وەڵات، ئۆغـر كۆنـدام و نەوبەهـار» چـاپ كـران. سـاڵی ١٩٩١ پەیمانگـەی كـوردی لـە ئیسـتەنبوڵ كرایـەوە.

ئـەوەی نەیهێشـت هەوڵەكانـی ئـۆزاڵ تـا سـەر بـن، سـوپای توركیـا كـە بەدەسـت شـۆڤێنییەكانەوە بـوو، لەگـەڵ ئۆقرەنەگرتنـی پەكەكـە، هەردوولا سـوور بـوون لەسـەر ئـەوەی دەبـێ بـە توندوتیـژی كێشـەكانیان چـارە بكـەن و هیچیـان نەیانتوانـی وەك پێویسـت پابەنـد بـن بـەو هەواڵانـە و ڕێزیـان لـێ نەگـرت. تەنانـەت لـە سـاڵی ١٩٩٢ سـوپای توركیـا هێزێكـی سـەربازیی تۆكمـەی هێنایـە باشـووری كوردسـتان تـا لێـرەوە ڕاسـتەوخۆ لـە پەكەكـە بـدات، بـەڵام هەوڵـەكان بـە تـەواوی شكسـتی هێنـا و زیانـی گیانـی زۆریـان تـێ كـەوت.

**ئۆزاڵ و تاڵەبانی**

تورگـوت ئـۆزاڵ ڕەنگـە تـا ئـەو سـەردەمە، تاكـە سـەرۆكی توركیـا بێـت كـە پێوەنـدی باشـی لەگـەڵ سـەركردەیەكی كـورد دا هەبووبێـت كـە جەلال تاڵەبانیـی سـكرتێری یەكێتیـی نیشـتمانیی كوردسـتانە، ئـەم پێوەندییانـە قسـەی زۆری لەسـەر دەكـرا، ئێسـتە ناتوانیـن بڵێیـن ئـەم پێوەندییـە بـوو كـە وای كـرد سـوپای توركیـا سـنووری خاكـی باشـووری كوردسـتان ببەزێنێ كـە لـە ڕووی دیپلۆماسـییەوە بەزاندنـی عێـراق بـوو، هەڵبـەت ناشـتوانین

بڵێـن وا نەبـووە، چونکـە هـەردوو حیزبـی زلهێـزی کوردسـتان بەشـدارییان لـەو شـەڕەدا کـرد، هەڵبـەت پەکەکەیـش لەلایـەن ئێرانـەوە پشـتیوانی دەکـرا، بۆیـە ئـەو شـەڕە دیسـان خرایـە نـاو ئـەو جەنگـە گەورەیـەی بـۆ ڕێگریکردنـی پاوانخوازیـی تـاران دەکـرێ و کوردسـتانیش لـە بـەرەی دژی ئێـران بـووە، تـا سـاڵی ١٩٩٦ کـە ویسـتی بـە هاوکاریـی سـوپای پاسـداران شـەڕی ناوخـۆ لـە پارتـی بباتـەوە و بەپەلـە بـە داوایەکـی نێودەوڵەتـی سـوپای عێـراق لـە ٣١ی ئـاب هـات و ڕێـی نـەدا ئـەو هەوڵـە سـەر بگـرێ و هەولێـر بکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی ئێـران.

بـا واز لـەو بەشـەی مێژوو بهێنیـن و بگەڕێینـەوە بۆ شـەڕەکەی پەکەکە و سـوپای تورکیـا. دوای ئـەوەی تورکیـا نەیتوانـی لـە ڕێـی سـەربازییەوە کۆتـا بـە پەکەکـە بێنـێ، بـە داوایەکـی بەپەلـە، نـاردی بەشـوێن جـەلال تاڵەبانیـدا و بـە هەلیکۆپتەرێکـی تایبـەت لـە قەڵاچۆلانـەوە بـۆ ئەنکـەرە گوازرایـەوە، ئەمـەش بـۆ سـەرەتای سـاڵانی نەوەتـی سـەدەی ڕابـردوو، بـۆ کـورد بـە شـتێکی زۆر و گرنـگ دەهاتـە ژمـاردن، تـا ئـەو کاتـەش تاڵەبانـی و یەکێتـی، لەلایـەن تورکیـاوە بـە هێزێکـی نزیکـتر لـە خۆیـان هەژمـار دەکـران. (ئەگەرچـی لـە ڕووی جیۆگرافیـاوە نزیکـتر بـوون لـە ئێـران و ئەوانیـش بـە هەمانشـێوە دەیانویسـت ئـەو نزیکییەیـان دەسـت بکـەوێ و وەك پێشـتر ئامـاژەی پـێ کـرا، ئێـران لـەم یارییـەدا یەکێتیـی دەسـت کـەوت). لـەو سـەردانەدا، ئـۆزاڵ داوای لـە تاڵەبانـی کـرد ببێتـە نێوانگیـری حکوومەتـی تورکیـا و پەکەکـە، ئەوەبـوو جـەلال تاڵەبانـی گەیشـتە دیمەشـق و لەگـەڵ عەبـدوڵا ئۆجـەلان ڕابـەری پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان کـۆ بـووەوە و توانـی ڕازی بـکات، لـە ٢٠ی ئـاداری ١٩٩٣ ئاگربەسـتیان ڕاگەیانـد، ئەمـەش هەڵبـەت بەبـێ ڕەزامەندیـی ئێـران نەکـرا.

پێوەندیـی تاڵەبانـی و ئـۆزاڵ وای کـرد نـەك جارێـك، چەنـدان جـار

سـەردانی دیمەشـق و تورکیـا بـکات و بـووە هـۆی کۆمەڵـێ ئاگربەسـت لـە نێـوان پەکەکـە و ئـەو وڵاتـەدا و مێـژوو لـە یـادی نـاکات، زۆریـی ئـەم سـەردانانە بـوو وای کـرد پاسـپۆرتی تورکیـای بدرێتـێ تـا بـوو بـە سـەرۆك کۆمـاری عێـراق، وەك هاووڵاتیــی تورکیــا هەژمــار دەکــرا و ئۆتۆمبێلــە گولەنەبڕەکەیشــی لەوێــوە بــە دیــاری بــۆ هاتبــوو.

**تاڵەبانی و فیدراڵی لەگەڵ تورکیا**

تــا ئێســتەیش هەندێــك پســپۆڕی سیاســیی ئەمەریکــی پێیــان وایــە، تورگــوت ئــۆزاڵ ڕۆڵێکــی گــەورەی هەبــوو بــۆ ئــەوەی کــوردی عێــراق شــوێنێکی ســەقامگیری تایبــەت بەخۆیــان هەبــێ، بەتایبەتــی بەهــۆی ئــەو پێوەندییــە باشــەی لەگــەڵ جــۆرج بــۆش هەیبــوو، لــە ســەردەمی ڕاپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١ و داگیرکردنــی کوێــت لەلایــەن ســەدامەوە و ڕزگارکردنەوەی لەلایــەن ئەمەریــکاوە، ڕۆژانــە پێوەندیــی تەلەفۆنــی لــە نێــوان ســەرۆکی تورکیــا و ســەرۆکی ئەمەریــکادا هەبــوو. ئــۆزاڵ پێــی وابــوو پێویســتە کوردی عێــراق بــە تــەواوی لەژێــر دەســەڵاتی ســەدام دەربهێنرێــن و ئەوانیــش وەك نیازپاکــی یــان وەك هــەر مەرامێکــی تــر بێــت، سەرپەرشــتیی ئــەو ناوچانــە بکــەن و شــێوەیەکی نیمچــە فیدراڵــی لــە نێــوان هەرێمــی کوردســتان و تورکیــادا دروســت ببێــت.

هەڵبــەت مەرامەکــەی تــری ئــۆزاڵ بریتــی بــوو لــە هەنگاوێــك بــۆ بەهێزکردنــی تورکــمان و گەیشــتنیش بــوو بــە شــاخەکانی کوردســتان بــۆ هێرشــکردنە ســەر پەکەکــە. لای خۆشــییەوە جــەلال تاڵەبانــی یەکــەم کــەس بــوو لــە میدیاکانــی تورکیــا و لــە چەنــد گوتارێکــدا گوتبــووی، «ئێمــە وەك گەلــی کــورد بــە تــەواوی لــە عــەرەب دووریــن و تێکەڵبوونــی مێژووییــمان لەگــەڵ تورکــدا هەیــە، بۆیــە هــەوڵ بــۆ ئــەوە دەدەین ببیــن بــە هەرێمێکی

فیدڕاڵی لەگەڵ تورکیا و بۆ ئەمەش لەگەڵ سەرۆك ئۆزاڵ هەنگاومان بڕیوە». ئەم هەنگاوانەی ئۆزاڵ و تاڵەبانی پێشوەختە بوون، بۆیە تا ئێستەش وا بڵاو دەکرێتەوە کە لەلایەن شۆڤێنییەکانی تورکیاوە، سەرۆکەکەیان ژەهرخوارد کرابێت، نزیکترین بەڵگەش ئەوەیە ڕۆژی ١٧ی نیسانی ١٩٩٣ کە تاڵەبانی وادەیەکی ڕێکخستبوو، تێیدا ئۆزاڵ خۆی ڕاستەوخۆ پێوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئۆجەلان بکات، بە چەند سەعاتێك پێش پێوەندییەکە، دەمرێ و کۆمەڵێ هەنگاوی داهاتوو لەگەڵ خۆیدا دەخاتە چاڵەوە.

**سەردەمی سێیەمی کۆماری تورکیا**

دوای کوشتن یان مردنی ئۆزاڵ، تورکیا هەنگاوێك چووەوە دواوە و سوپا هەوڵی دا هەموو شتێك وەك خۆی لێ بکاتەوە، بەڵام ئەم هەنگاوە نەتوانرا وەك پێویست بێت، بەڵکو قۆناغێکی نوێی بەدوای خۆیدا هێنا کە بریتییە لە سەردەمی ئیسلامییەکان، ئەم سەردەمە بە نەجمەدین ئەربەکان و حیزبی فەزیلە دەستی پێ کرد، بەڵام ئەوەی توانی بە باشی بیقۆزێتەوە، بریتی بوون لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، فەتحوڵا گولەن، عەبدوڵا گول، ئەحمەد داود ئۆغڵوو و چەند سەرکردەیەکی تر. ئەمان توانییان بە تەواوی مۆدێلێکی نوێ لە تورکیا دروست بکەن و دیموکراتییەکی تازە پێشکەشی دونیا بکەن کە لە نێوان عەلمانییەت و ئیسلامیدا جێی بووەتەوە.

ساڵانی زێڕینی سەردەمی سێیەمی تورکیا، تا ئەو کاتەیە کە ئەردۆغان هاوڕێکانی پاشکۆ نەخستبوو، تا ئەوکاتەیە کە دەستکاری دەستووری تورکیای لەپێناو مانەوەی خۆی لە دەسەڵات نەکرد و سیستەمی وڵاتی نەکرد بە کۆماریی، تا ئەو کاتەیە لە ناوخۆی

وڵاتەکـەی هەوڵـی ئاشـتەوایی دا و لـە دەرەوەش پێوەندییەکانـی لەگـەڵ باشـووری کوردسـتان بەهێـز کـرد و لـە ئەورووپـا بـە شـێوەیەك خـۆی نزیـك کـردەوە دەیویسـت بچێتـە یەکێتییەکـەوە و ئابووریـی تورکیـای لـە وڵاتێکـی قـەرزداری گـەورەوە گـۆڕی بـۆ وڵاتێـك ئێسـتە بـە سـەدان ملیـار دۆلاری داوە بـە وڵاتـان بـە قـەرز.

ئێمـە لێـرە شـیکارییەکەمان لەسـەر قۆناغەکانـی گـۆڕانـی سیاسـەتی ئەردۆغـان و پارتـی داد و گەشـەپێدان نییـە، بۆیـە بـە وردی ناچینـە نـاو ئـەو باسـەوە، ئەوەنـدەی مەبەسـتمانە پێوەندییەکانـی وڵاتەکـە بـە باشـووری کوردسـتانەوە بخەینـە ڕوو، بـە تایبەتـی پێوەندییەکانـی لەگـەڵ مەسـعوود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان کـە هەمیشـە لـە میدیـا جیهانییـەکان و میدیاکانـی تورکیـا و کوردسـتانیش بـە دوو دۆسـتی یەکـتر، هاوشـێوەی دۆسـتایەتییەکەی تاڵەبانـی و ئـۆزاڵ تەماشـا دەکرێـن.

### بارزانی و پێوەندی لەگەڵ تورکیا

هـەر لـە سـەردەمی ئەردۆغانـدا، سـوپای تورکیـا تـا سـنووری باشـووری کوردسـتان جووڵـەی پـێ کـرا و هیچـی نەمابـوو بێنـە ئەمدیویشـەوە، بارزانـی بـە زمانێکـی تونـد وەڵامـی دانـەوە و خەڵکـی جووڵانـد و زیاتـر لـە یـەك ملیـۆن کـەس لـە شـارەکانی کوردسـتان ڕژانـە سـەر شـەقامەکان کـە بـە گەورەتریـن خۆپیشـاندان لـە باشـووری کوردسـتان هەژمـار دەکرێ، بـەڵام هەمـوو ئـەو دۆخـە گـۆڕا، ڕەنگـە یەکێـك لـە هـۆکارە سـەرەکییەکان وەك زافـر کاگلیـان وەزیـری بازرگانیـی دەرەوەی گوتـی: بازرگانـی دەرگـەی سیاسـەتیش دەکاتـەوە و پێوەندییـەکان گەشـە پـێ دەدات، وا دەکات هەمـوو کێشـەکانمان چـارە بکەیـن. هەڵبـەت ئەمـەش بەشـێکە و هـۆی تریـش هـەن، هەمـووی لـەو کاتـەوە بـوو کاتێـك ئەحمـەد داود

ئۆغڵۆ سـەرۆکی حکوومەتـی تورکیـا سیاسـەتی «سفرکێشـە»ی ڕاگەیانـد و حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیش سیاسـەتی کرانـەوەی بـە ڕووی دونیـادا ڕاگەیانـد و دەرگـەی بـۆ هـەر وڵات و وەبەرهێنـەر و ڕێکخراوێـك کـردەوە کـە دەیـەوێ هـاوکاری کوردسـتان بێـت بـۆ پتەوکردنـی ژێرخانـە ئابوورییەکـەی.

لەوەتـەی بارزانـی و ئەردۆغـان دۆسـتن، چەنـدان جـار سـەردانی تورکیـای کـردووە، ئـەم سـەردانانە و ئـەم پێوەندییانـە کۆمەڵـێ بەرژەوەندیـی هاوبەشـی دروسـت کـردووە کـە ئەمانـە هەندێکـن لـەو خاڵانــە:

- بازرگانییەکـی پتـەو لـە نێـوان باشـووری کوردسـتان و تورکیـا کـە بەپێـی ڕاپۆرتـە فەرمییـەکان گەیشـتووەتە زیاتـر لـە ١٠ ملیـار دۆلار، ئەگـەر تەنگـژەکان ڕێـی نەگرتایـە، چـاوەڕێ دەکـرا بگاتـە ١٥ ملیـار دۆلار، هەروەهـا ڕێککەوتـن لەسـەر گواستنەوەی نـەوت و غـازی کوردسـتان لـە ڕێـی بەنـدەری جەیهانـەوە کـە ڕێککەوتنێکـی درێژخایەنـە و ئەمانـەش تورکیـا ناچـار دەکـەن خـۆی بـە خەمخـۆری نەشـڵەژانی دۆخـی تەناهیـی کوردسـتان بزانـێ.

- بەرزبوونـەوەی پێوەندییـە دیپلۆماسـییەکان بەشـێوەیەك تورکیـا بـۆ یەکـەم جـار لـە سـەردەمی بارزانـی و ئەردۆغانـدا، دان بـە هەرێمـی کوردسـتان وەك قەوارەیەکـی سیاسـی دەنێـت، کونسـوڵخانەی خـۆی لـێ بکاتـەوە و ئـاڵای کوردسـتانیش لـە سـەردانەکانیدا هەڵبواسـێ و لـە هەولێـر و ئەنکـەرە فەرشـی سـوور بـۆ یەکـتر ڕا بخـەن کـە هەنگاوێکـی گرنگـە بـە بـەراورد بـەو مێـژووە خوێنـاوی و تاڵـەی لـە نێـوان هـەردوو میلەتـدا هەیـە.

- پێوەندییەکانـی بارزانـی و ئەردۆغـان، ئاشـتەوایی سیاسـی و

کۆمەڵایەتــی و کرانــەوەی لــە باکــووری کوردســتان دروســت کــرد، بــۆ یەکــەم جــار لــەوێ قوتابخانــە بــە زمانــی کــوردی کرایــەوە و هــەزاران کەسـایەتیی کـورد وەك شـڤان پـەروەر لێخۆشـبوونیان بـۆ دەرکـرا، جگـە لــە کەناڵێکــی حکوومــی بــە زمانــی کــوردی، چەنــدان کەناڵــی ناوخۆیــی و ئاسـمانی بـەو زمانـە کرانـەوە، ئەمـە جگـە لـەوەی خەڵکـی باکـوور لـە هەمــوو مافــە نەتەوەیــی و کولتوورییەکانیــان ئــازاد کــران.

- ئـەم پێوەندییانـە ڕێـی لـە بـەردەم ڕێککەوتـن لـە نێـوان پەکەکـە و حکوومەتــی تورکیـا خــۆش کـرد و چەنـدان ئاگربەسـتی لـێ کەوتـەوە، بەڵام بــە هەمانشــێوەی ڕێککەوتنەکانــی ئــۆزاڵ و تاڵەبانــی، دیســان شکســتیان هێنــا، لەگــەڵ ئەوەشــدا ئەگەرچــی هێشــتا مانــۆڕی ســەربازیی فڕۆکــە جەنگییەکانـی تورکیـا بەردەوامـە، هێشـتا پەکەکـە لە شـاخەکانی باشـووری کوردســتاندان و دەتوانــن بــە شــەقامی شارەکانیشــدا پیاســە بکــەن.

## سەربەخۆیی و مامەڵەی تورکیا بەرانبەر پرۆسەکە

ڕۆژی حەوتــی حوزەیران/یۆنیــۆی ٢٠١٧ کاتێــك مەســعوود بارزانــی ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان لــە کۆبوونەوەیەکــدا لەگــەڵ لایەنــە سیاسـییەکان و حکوومـەت و کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی هەرێمەکـەی، ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول/سـێپتێمبەری ٢٠١٧یـان وەك ڕۆژی ڕیفراندۆمـی کوردسـتان بـۆ «مانـەوە یـان جیابوونـەوە لـە عێـراق» دیـاری کـرد، چـاوی دونیـا لەسـەر هەڵوێسـتی وڵاتانی دراوسـێی کوردسـتان بـوو، چـۆن لەسـەر ئـەو پرسـە دەدوێـن، ئـەوەی جێـی تێڕامانـی بەشـێك لــە پســپۆڕان بــوو، تورکیــا وەك زۆربــەی وڵاتــان باســی لــە پابەندبــوون بــە یەکپارچەیــی خاکــی عێــراق کــردەوە کــە ئەمــە تەنیــا ئەتیکێتێکــی دیپلۆماسـییە و بەپێـی ڕێککەوتنـی وڵاتـان لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان،

نابێ هیچ وڵاتێك پشتیوانی پارچەبوونی وڵاتێکی تر بکات، وەك چۆن لە بەرانبەر دا نابێ دژی مافی ڕەوای هیچ میلەتێك بن.

خۆ ئەگەر تەماشای پێوەندییەکانی باشووری کوردستان و تورکیا دوای ڕاگەیاندنی وادەی ڕیفراندۆم بکەین، دەبینین نەك تێك نەچووە، پێوەندییە ئابوورییەکان خەریکە بەرەو گەشەی ساڵانی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠١٣ دەچنەوە و کۆمەڵێ کۆمپانیای نوێ گرێبەستیان لە کوردستاندا کردووە، ئەمەش دانپێدانانێکی شاراوەیە بەوەی ئەو وڵاتە دەیانەوێ لە داهاتووی کوردستاندا، لە ڕووی ژێرخانی ئابوورییەوە جێی خۆیان جێگیر بکەن.

تورکیا باش بۆی دەرکەوتووە تازە ناتوانێ ڕێگر بێت لە بەردەم سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام دەتوانێ ببێتە هاوپەیمانی ئەو دەوڵەتە، ئەم هاوپەیمانییە کۆمەڵێ قازانجی لێ دەکات کە ڕەنگە ببێتە بەهێزبوونی و بیکات بە زلهێزی یەکەم لە ناوچەکە و پێشی ئێران بداتەوە، ئەمەش تەنیا بە پێوەندیی ئابووری نا، بەڵکو بە پێوەندیی ستراتیجیی سەربازی و ڕێککەوتنی سیاسی و دیپلۆماسیی گەورە. بۆ نموونە ئەگەر هاوپەیمانی سەربازی لە نێوان دەوڵەتی کوردستان و تورکیا هەبێت، قازانجەکەی بۆ کوردستان ئەوەیە لە مەترسی هێرشی عێراق و ئێران ڕزگاری دەبێ، تورکیاش لە مەترسیی هەر هێزێك کە هەڕەشە بێت بۆ سەقامیگریی وڵاتەکەی خۆی دەرباز دەکات.

لە ڕووی سیاسیشەوە تورکیا دەتوانێ ببێتە ڕزگارکەری سوننەی عێراق و ئەو بۆشاییەی سعوودیە پێی پڕ ناکرێتەوە، ئەو بیکات، بۆ ئەمەش باشترین شوێن دەوڵەتی کوردستانە کە هەمیشە دەرگەی بۆ ئاوارە سوننەکانی عێراق کراوە بووە و شوێنی داڵدەی سەرکردەکانیان بووە. تورکیا بۆ ئەوەی نەیەڵێت لە ڕێی عێراقەوە، هەڕەشەی ئێران

کـە پەکەکـە بـە دەسـتی ئـەوان دەزانـێ لێـی نزیـك بێتـەوە، دەبـێ ددان بـە سـەربەخۆیی کوردسـتاندا بنـێ، دەبـێ لـەو دەوڵەتـەش نزیـك بێـت، پێـش ئـەوەی ئێـران و هاوپەیمانیـی شـیعە، دەسـتی هـاوکاری بـۆ نزیـك بکـەن.

ڕەنگـە ئـەوەی جێـی پرسـیار و مەترسـی بێـت، ئایـا تورکیـا لەسـەر سیاسـەتەکانی بـەردەوام دەبێـت، چونکـە مـاوەی ١٢ سـاڵە گۆڕانـکاری گـەورە بەسـەر هـزری ئەردۆغانـدا هاتـووە و مەترسـی هەیـە بەسـەر ڕێککەوتنەکانیشـی لەگـەڵ کوردسـتاندا بچێتـەوە. ئەگەرچـی ئەگـەری کۆدەتـای سـەربازی جارێکـی تـر لـە تورکیـا لاوازە، چونکـە ئـەو ئەگـەرە هەمـوو ڕیسـەکە دەکاتـەوە بـە خـووری، بـەڵام خـۆ دەکـرێ هەڵبژاردنـی داهاتـوو هاوپەیمانییـەك لـە نێـوان جەهەپـە و مەهەپـە دروسـت ببێ و بە تـەواوی ئەکەپـە بکـەن بـە پاشـکۆ، ئـەو کاتـە پێوەندییەکانـی کوردسـتان و تورکیـا چییـان لـێ دێ. ئایـا بارزانـی پلانـی دووەمـی بەرانبـەر تورکیـا دانـاوە؟.

# یەکلاکردنەوەی دۆخەکان لە سووریا کوردستان لە سەربەخۆیی نزیك دەکاتەوە

دۆناڵـد ترەمـپ سـەرۆکی ٤٥ی کۆمـاری ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا، جیـاواز لـە هەمـوو سـەرۆکەکانی تـری ئـەو وڵاتـە کـە پێـش ئـەوەی پۆسـتی سـەرۆکایەتی وەربگـرن، لـە نـاو حیزبەکەیانـدا شـوێنێکی گرنگیـان هەبـووە و سـیناتۆری ویلایەتێـك بـوون، ئـەم هەموو ئەو شـتانەی نەبینیـوە، سـەرمایەدارێکی کۆڵنـەدەری سـەرکەوتوو بـووە، تـا پێـش دوو سـاڵ بوونـی بـە سـەرۆك، ئەمەریکییـەکان تەنیـا وەك دەوڵەمەندێکـی ژندۆسـت دەیانناسـی و لـە دەرەوەی ئـەو وڵاتـەش لەلایـەن چینێکـی دیاریکـراوەوە نـاسراو بـوون. لـە نـاو ڕۆژنامەکانـی ئەمەریـکا دوو قسـەی جیـا هەیـە، ئایـا ئـەو داوای لـە کۆمارییـەکان کـرد خـۆی بپاڵێوێ بۆ پۆسـتی سـەرۆکایەتی، یـان بەبـێ ئـەوەی بیـری لـێ کردبێتـەوە، کۆمارییـەکان کەسـایەتییەکەیان بـە گونجـاو زانـی و هەڵیـان بـژارد؟ ڕۆژنامـەی «واشـنتن پۆسـت» دووەم پەسـند دەکات. لـە هـەر کامیـان بێـت، ئەگـەر هـەر

کەسێکی تریش جگە لە ترەمپ بووبووایە بە سەرۆکی وڵات، هەر دەبوو وەك ئەو بکات، ئاخر دۆخی ئەمەریکا و سیاسەتی ئێستە، کەسایەتییەکی وا دەخوازێ کە بڕیاری توند و یەکلاکەرەوە بدات.

**سووریا لە نێوان ئۆباما و ترەمپدا**

ئەگەر کەمێك زوومی کامێرای مێژوو بۆ دواوە ببەین، لەبارەی سیاسەتی دوو حیزبەکەی ئەمەریکا، ناونیشانێکمان بۆ دەردەکەوێ، ئەویش ئەوەیە هەمیشە دیموکراتییەکان هێندەی سەرقاڵی کێشە ناوخۆییەکان بوون، ئەوەندە بیریان لە بەهێزکردنی پێگەکەیان لە دەرەوەی وڵات نەکردووەتەوە، بە پێچەوانەوە، کۆمارییەکان پێیان وایە بەهێزبوونی پێگەی ئەمەریکا لە جیهاندا، مانای بەهێزبوونی ناوخۆیی دەگەیەنێ.

لێرەدا بە هەڵەداچوونێکی گشتی لەسەر ئەو دوو جۆرە سیاسەتە هەیە، ئەو پێناسەیەی پێشوو بۆ سیاسەتی ئەو دوو حیزبە، ڕێکەوت نییە، ڕێککەوتنە. لەسەر ئاستی ناوخۆ، ئەگەر ئەو دوو حیزبە، دوو دیفاکتۆی جیایان نەبێ لە ڕووکەشی سیاسەتدا، ئەوا حیزبێکی تر دێت و دەسەڵاتیان لێ وەردەگرێ، بۆیە هەمیشە ئەمەریکییەکانیان خستووەتە ڕاڕایی لە نێوان تەنیا دوو حیزب و هەمیشە وەك یاریی باڵە، یەکێك بەرزی دەکاتەوە و ئەوی تر کەپسی دەکات.

لە دەرەوەش، بۆ ئەوەی ئەمەریکا بە زلهێزی بمێنێتەوە، هەمیشە پێویستە لە سەردەمی دیموکراتەکان، ڕێگە بە بەرەی بەرانبەر بدرێ، تا ئاستێ هێزیان فراوان بکەن و بەرەکەیان تۆکمە بکەن، بۆ دونیا بسەلمێ ئەگەر ئەمەریکا نەبێ، ڕووسیا، کۆریای باکوور، چین و ئێران، بە چەکی ئەتۆمی و پاوانخوازی، سەقامگیری زەوی تێك دەدەن. لەو

ماوەیـەدا بـەرەی هاوپەیـمان لەگـەڵ ئەمەریـکا، ناچـارە فریـای خـۆی بکـەوێ و دەسـت بـکات بـە کڕینـی چـەك، هەمووشـی یـان زۆربـەی لـە ئەمەریـکا دەکـڕن، ئەمـەش قازانجێکـی زۆر زیاتـرە لـە فرۆشـتنی مۆبایـل و ئۆتۆمبێـل، وەك چـۆن لـە سـەردەمی ئۆبامـا ڕووی دا و ڕێـژەی فرۆشـی چەکیـان گەیشـتە لووتکـە. وەك هەمیشـە، ئینجـا کـە کۆمارییـەکان دێنـە سـەر دەسـەڵات، خەریکـی دروسـتکردنەوە و پتەوکردنـەوەی پێگـەی ئەمەریـکا دەبـن، بـۆ ئەمـەش هەرچـی پێویسـت بێـت دەیکـەن، تەنانـەت ئەگـەر پێویسـت بـوو خۆیـان مووشـەکی «تۆماهـۆك» بهاوێـژن.

لـە سـەردەمی ئۆبامـادا، ڕژێمـی ئەسـەد دوو جـار گازی کیمیایـی «سـارین»ی بـەکار هێنـا، یەکێکیـان لـە ٢١ی ئـاب/ ئۆگسـتسـی ٢٠١٣ لـە شـاری «غوتـە» و ئەویـتر لـە دووی تشرینـی دووەم/نۆڤەمبـەری ٢٠١٦، تەنیـا ئـەوەی جـاری یەکـەم، زیاتـر لـە هـەزار و ٤٠٠ کەسـی کوشـت، بـەڵام ئۆبامـا تەنیـا ناڕەزایییەکـی شـەرمنانەی دەربـڕی.

جـاری سـێیەم کـە چـواری نیسـان/ئەپریلی ئەمسـاڵ، فڕۆکـە جەنگییەکانـی سـوپای ڕژێمـی ئەسـەد هێرشـێکی ئاسـمانییان لـە ڕێگـەی فڕۆکەخانـەی «شـەعیرات»ەوە بـۆ سـەر شـارۆکەی «خـان شـێخۆن» ئەنجـام دا، لـە ئاکامـدا ١٠٠ کـەس کـوژران. چونکـە ئێسـتە سـەردەمی یەکلاکردنـەوە و نیشـاندانی هێـزی ئەمەریکایـە، بـە بڕیـاری ترەمـپ لەسـەر ئـەو هێرشـە، ٥٩ مووشـەك بـە فڕۆکەخانەکـەوە نـرا کـە هـەر یەکەیـان نرخەکـەی یـەك ملیـۆن و ٥٠٠ هـەزار دۆلارە.

### سیاسەتێکی دووبارەی ئەمەریکا

مـادام زوومـی کامێراکـەی مێژوومـان بردووەتـە دواوە، بەڵگەیەکـی مێژوویـی بـۆ ئەم نـۆرەی سیاسـەتەی ئەمەریـکا دەهێنینەوە. لە سـەردەمی

«ریچارد نیکسۆن» سەرۆکی ئەمەریکا لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٧، بە شای ئێران دەگوترا پۆلیسی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دواتر کە «جێراڵد فۆرد ١٩٧٧-١٩٨١» هات کە بە هەمانشێوە کۆماری بوو، نەیدەویست ئەو دۆخە شڵەژاوەی ناو ئێران وا بکات و شا بڕووخێ و بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی کرد، بەڵام دواجار کە کار لە کار ترازا و «خومەینی» شۆڕشی ئێرانی بەرپا کرد و حکوومەتی شا ڕووخا، پێش ئەوەی شۆڕشەکە بگاتە کۆتا، بەپەلە «سەدام حوسێن»ی لە عێراق بۆ پەمپ درا. دواتر «جێمی کارتەر» کە دیموکراتی بوو، دۆخەکەی بە شڵەقاوی هێشتەوە، عەرەب ترسێکی زۆریان لەو کۆمارە شیعییە لێ نیشتبوو، ئەم ترسە وای کرد، بە هەموو شێوەیەك پەنا بۆ ئەمەریکا ببەن تا لاوازی بکات.

کە «ڕۆناڵد ڕیگان»ی کۆماری بوو بە سەرۆك، ڕێك هەمانشێوەی «ترەمپ»ی ئێستە، زۆر بە ئاشکرا پشتیوانی لە سەدام کرد، ڕێگەی بە هەموو وڵاتانی عەرەبیش دا، بە چەك و پارە هاوکاری بکەن بۆ لێدان لە ئێران. ئەمەریکا پێویستی بەوەبوو ئینجا سەدام لە شۆڕشگێڕی ئومەی عەرەبییەوە بگۆڕێ وەك ستەمکار و دڕندە و مەترسی بۆ ناوچەکە هەژماری بکات، ئەگەرچی لە ڕاستیشدا هەروا بوو، وەك هەمیشەش تا بە دونیا بڵێن وڵاتێکی دیموکراتین و سەرکردەکان بڕیار دەدەن، ڕیگان گۆڕا و «جۆرج بوش (١٩٨٩-١٩٩٣)» هاتە سەر دەسەڵات، بە هەمانشێوە کۆماری، بەڵام بە سیاسەتێکی توندتر لەگەڵ سەدام مامەڵەی کرد و بڕیاری لێدانی دا و عێراقی بە تەواوی لاواز کرد و چەندان جۆر گەمارۆی خستە سەر.

پێویست بوو ئەو دۆخە بە ناهەمواری بمێنێتەوە، «بیل کلینتن (١٩٩٣- ٢٠٠١)» ماوەی هەشت ساڵ، هیچ شتێکی ئەوتۆی دژی

سـەدام نەکـرد، بۆیـە عێـراق و ناوچەکـە بـە گوڵبـاران پێشـوازییان لـە مووشـەکبارانەکانی «جـۆرج دەبلیـو بـوش (٢٠٠١-٢٠٠٩)» بکـەن. هەمـوو دونیـا وایاندەزانـی بـوش بـە تـەواوی دۆخـی ناوچەکـە یـەکلا دەکاتـەوە، کوردیـش دڵنیـا بـوو لـە سـەردەمی ئـەودا سـەربەخۆیی دێتـە ئـاراوە و بـە تـەواوی پشـتیوانی دەکات، بـەڵام وەك بەشـێك لـەو یارییـە لـە مێژینـەی ئەمەریـکا بـۆ مانەوەیـان وەك زلهێـز، هەشـت ساڵەکەی تـەواو بـوو، وەك پەیامێکیـش چـۆن هەمـوو جارێـك کۆمارییـەکان کێشـەیەك چـارە دەکـەن و بـە دروسـتکردنی کێشـەیەکی تـر پۆسـتەکە بـۆ دیموکراتییـەکان جـێ دێڵـن تـا لـە سـەردەمی ئەوانـدا بـە باشـی کێشـەکە بـگات، سـەدامیان ڕووخانـد و گرفتـی پاوانخوازیـی شـیعە و بەهـاری عەرەبـی و ئەردۆغانیـان لـە ناوچەکـە بـۆ «بـاراك ئۆبامـا (٢٠٠٩-٢٠١٧)» بەجـێ هێشـت کـە بەرانبـەر هەمـوو دۆخـەکان، تەنیـا تەماشـاکەر بـوو.

**هێرشی کیمیایی و تاقیکردنەوەی ترەمپ**

سـووریا لـە پارێـزگای ئیدلـب و بـە تایبەتـی لـە بـەرەی شـەڕی شـاری «خـان شـێخۆن» ئەوەنـدە لـە دۆخێکـی خراپـدا نەبـوو تـا پێویسـت بـکات گازی کیمیایـی بـەکار بێنـێ، شـوێنەکەش هێنـدە ستراتیژی نییـە تـا هەرچـۆن بـێ بەدەسـتی بێنێتـەوە، ئـەی باشـە بۆچـی بـەکاری هێنـا؟، لـە کاتێکـدا لەوەتـەی شۆڕشـی سـووریا کـراوە و دۆخیـان خراپـە، یەکـەم جـارە خەریکبـوو کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی نزیـك بێتـەوە لـە ئەسـەد؟ بۆچـی ئـەو تاوانـە گەورەیـەی جارێکـی تـر ئەنجـام دا؟

تەنیـا یـەك ئەگـەر لـە خـۆی دەگـرێ، ئەویـش ئەوەیـە، ئـەو کارە بـە فەرمانـی ڕووسـیا و ئێـران کـراوە، ئامانجیـش لێـی تاقیکردنـەوەی «دۆناڵـد ترەمـپ» بـوو، تـا بۆیـان دەربکـەوێ تـا چ ئاسـتێك سیاسـەتی ئەمەریـکا

گــۆڕاوە و لــە هەڵوێســتێکی ئــاوادا بــە هەمانشــێوەی ئۆبامــا تەنیــا بەیاننامەیەکـی ناڕەزایـی دەردەبـڕێ یـان بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ ئەنجوومەنـی ئاسـایش، بڕیـاری کتوپـڕ دەدات.

دۆناڵـد ترەمـپ، زوو لـە پەیامەکـە گەیشـت، بۆیـە کۆبوونەوەیەکـی بەپەلـەی لەگـەڵ ڕاوێـژکار و بەرپرسـە تەناهییەکانـی وڵاتەکـەی کـرد و بڕیـاری ئـەو گـورزەی دا، باشـیش دەزانـێ ئـەم بڕیـارە واتـا ئیـتر دەبـێ چـاوی لـە هـەر ئەمەریکییـەك بێـت کـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە، ئیـتر لەوانەیـە ڕاوێـژکارە سـەربازییەکانی لـە شـەڕی دژ بـە داعـش هـاوکاری سـوپای عێـراق دەکـەن، لەلایـەن حەشـدی شـەعبییەوە بکوژرێـن، یـان لـە لبنـان لەلایـەن حیزبـوڵاوە بڕفێندرێـن، هەمـوو ئەمانـە لـە بـەردەم سـەرۆکی ئەمەریکایـە، بۆیـە چـاوەڕێ ناکـرێ دوای ئـەم هەنـگاوە، بـەم زووانـە جارێکـی تـر خـۆی ڕاسـتەوخۆ دەسـت تێکـەڵ بـکات، بەڵکـو بـە شـێوەیەکی فراوانـتر و چەکـی باشـتر پێشکەشـی ئۆپۆزیسـیۆن دەکات و ئەگـەری هەیـە ڕاوێـژکارە سـەربازییەکانی کـە ژمارەیـان نزیکـی پێنـج هـەزار کەسـە و لـە عێراقـن، بیاننێرێتـە سـووریا تـا مەشـق بـە سـوپای سـووریای ئـازاد بکـەن.

**ئەمەریکا هێڵی سووری ڕووسیای نەبەزاندووە**

زۆر کـەس لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی هەواڵـی مووشـەکە تۆماهۆکـەکان، وایانبینـی ئیـتر کۆتـا بـە زلهێزیـی ڕووسـیا لـە ناوچەکـە هـات و ترەمـپ بـە یەکـەم ڕەفتـاری لەوەتـەی سـەرۆکە، گـرەوی لـە «فلادیمێـر پوتین» بـردەوە، ئەگـەر ئەمـە ڕاسـت بێـت، کەواتـە کاتـی جەنگـی جیهانیی سـێیەمە، چونکە وەك بــە ڕووکــەش دیــارە، ڕاســتەوخۆ دوو زلهێــزی جیهانــی کەوتوونەتــە بەرانبـەر یـەك، ئەگەرچـی یارییەکـە لـە گۆڕەپانـی سـووریا دەکـرێ.

ئەمەریــکا یەکێتیــی ســۆڤیەتی هەڵوەشــاند بەبــێ ئــەوەی دەســتی خــۆی ســوور بــکات، چەکــی بــۆ شۆڕشــگێڕانی چیچــان، ئەفغانســتان، ئۆکرانیــا، بلاڕووســیا، کازاخســتان و زۆر شــوێنی تــر نــارد، بــەڵام مۆســکۆی بــەو شــێوەیە نەورووژانــد کــە هەندێــك شــیکەرەوەی سیاســی پێیــان وایــە، لــەم ڕووداوەی ســووریا ورووژاندوویەتــی، ئەگــەر ئەوانــی بــە بەشــێك لــە خاکــی خــۆی زانیبــێ، ســووریا تەنیــا هاوپەیمانــە، بۆیــە هەرگیــز ئــەو داوەی ڕووســیا بــۆ ئەمەریــکای نایــەوە، خوێــی تێــی ناکــەوێ، بچووکتریــن بەڵگــەش، تۆماهۆکــەکان بەســەر ئاســمانی بنکــەی ئــەو دژە مووشــەکە ڕووســییانەدا تێپەڕیــن کــە زۆر بــە ئاســانی دەیتوانــی پێــش ئــەوەی بگەنــە شــوێنی مەبەســت، بیانتەقێنێتــەوە.

ڕێککەوتنێکــی واژوو نەکــراو لــە نێــوان ئەمەریــکا و ڕووســیا هەیــە، ئەویــش دروســتکردنی شــەڕی بچووکــە تــا خۆیان لە شــەڕێکی ڕاســتەوخۆدا بەریــەك نەکــەون، ئاخــر بەریەککەوتنیــان، واتــە جەنگــی جیهانیــی ســێیەم. ئــەم ڕێککەوتنــە، بــە درکپێکردنــی هەردووکیانــە بــۆ بەرژەوەندیــی خۆیــان، نــەك دانیشــتن لەســەر مێزێکــی گفتوگــۆ و بڕیــاردان لەســەری. بۆیــە پێــی دەگوتــرێ، ڕێککەوتنــی واژوو نەکــراو.

ڕەنگــە ئەمەریــکا ڕێگــە بــدات عێــراق بــۆ ئێــران و ڕووســیا بــێ، ڕەنگــە رووســیا دەســتبەرداری ســووریا ببێــت، تەنانــەت ڕەنگــە ئێرانیشــی پێشــکەش بــکات کــە ئەمەیــان دوورتریــن ئەگــەرە، بــەڵام تــا دونیــا هەمیشــە پێویســتی بــە نــەوت و چــەك بمێنــێ، ڕێککەوتنەکــەی نێوانیــان وەك خــۆی دەمێنێتــەوە و ناترازێــن.

**سیاسەتی «هەنگاوێك بۆ دواوە و دوو بۆ پێشەوە» بەردەوامە**

لـە دوای شـەوی «تۆماهۆك»ـەوە، لاپەڕەیەكـی تـر لـە سـووریا هەڵدەدرێتـەوە، ئـەم دۆخـە هەڵپەسـێراوە نامێنێتـەوە، ترەمـپ بـۆ ئـەوێ، وەك «بـوش» بـۆ عێراقـی لـێ دێ. ئێسـتە كاتـی ئەوەیـە باسـی داهاتـووی سـووریا و قۆناغـی دوای ڕژێمـی ئەسـەد بكـرێ، نـەك لـە مـاوەی ئـەو شـەش ساڵەی ڕابـردوو كـە هـەر قسـەی لەسـەر دەكـرا و سـوودی نەبـوو، قسـەی ئێسـتە سـوودی هەیـە.

دۆخـی دونیـا بـە گشـتی و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە تایبـەت، پێویسـتی بـە هەشـت سـاڵی كۆمارییەكانـە، بۆیـە لـە ئێسـتەوە دەتوانـم بڵێـم چـوار سـاڵی داهاتـووی سـەرۆكایەتیی ئەمەریـكا بـۆ ئەوانـە، بـەڵام مـەرج نییـە بـۆ «ترەمـپ» بێـت، ئەگـەر ڕووداوەكان وای خواسـت كەسـێكی تـر بـە ئایدیایەكـی نوێـوە ببەنـە كۆشـكی سـپی، وەك چـۆن لـە سـەردەمی ڕیـگان و بـوش كـرا، ئـەوا ئـەم جـارەش دەیكـەن.

ئـەوەی دەمێنێتـەوە، لـە سـووریا ئینجـا نـۆرەی چـی دێ، ئاخـر هـەر دەبـێ نـۆرەی شـتێك بێـت. شـەڕی كـورد و عـەرەب، شـیعە و سـوننە، سـوننە و سـوننە لـە نێـوان خۆیـان، كـورد و كـورد لـە نێـوان خۆیـان، هاوپەیمانـی بەشـێكی كـورد لەگـەڵ شـیعە دژی هاوپەیمانـی بەشـەكەی تـر لەگـەڵ سـوننە، زەوییەكـە بـە باشـی لەبـارە بـۆ چاندنـی هەمـوو ئـەو كێشـانە تـا كـە نـۆرەی دیموكراتییـەكان دێتـەوە، ئەوانیـش چـوار سـاڵ یـان هەشـت سـاڵ ناوچەكـە بـەو شـێوەیە بهێڵنـەوە. پێـم وایـە دوای ئـەم گـەڕە، گـەڕی داهاتـوو كـە ١٦ سـاڵی تـرە، شـەڕی ڕاسـتەوخۆی نێـوان سـعوودیە و ئێـران دەسـت پـێ دەكات.

راگری کۆلێژی شەریعە:

# بە دەقی قورئان بنەمای دەوڵەت دادپەورەرییە

کاتێـك نـاوی دەوڵـەت و نـاوی ئیسـلام پێکـەوە لێـك دەدرێن، یەکسـەر نزیکتریـن نموونـە، دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام (داعـش) دێتـە بەرچاومـان. ئایـا دەوڵەتـی ئیسـلامی بریتییـە لـە فەرمانڕەواییەکـی تاکـڕەوی کـە هەڕەمـی خەلیفـە بڕیـار لەسـەر هەمـوو شـتێك دەدات و هیـچ ئایدۆلۆجیـا و ئایینێکـی تـر لـەو دەوڵەتـە جێـی نابێتـەوە؟ یـان ئیسـلام مامەڵـەی لەگـەڵ دەوڵـەت بەشـێوەیەکی فـراوان کـردووە و وردەکارییەکانـی بـۆ مـرۆڤ خـۆی جـێ هێشـتووە؟ دکتـۆر محەمـەد شـاکر ڕاگـری کۆلێـژی شـەریعە و ئەندامـی کۆڕبەنـدی هـزری ئیسـلامی، هەرگیـز دیمەنـی یەکـەم بـە بەشـێك لـە سیسـتەمی ئیسـلامی نازانـێ و لـە ڕوانگـەی دیمەنـی دووەمـەوە لـە چاوپێکەوتنێکـدا کـە پێـش ڕیفرانـدۆم لەگەڵـی ئەنجامـم داووە ڕوونکردنـەوە دەدا.

## دەوڵەت لای ئیسلام چییە؟

دەوڵـەت بـە تێگەیشـتنی سـەردەمییانە کـە لـە زانسـتە سیاسـییەکان دەخوێـنرێ، بریتییـە لـە دوو جـۆر، سـادە و تێکـەڵاو، یەکـەم ئەوەیـە کە بڕیـار و دەسـەڵاتەکان لای ناوەندە و دووەمیـش ئەوەیـە کـە دەسـەڵات دەدات بـە هەرێمـەکان حوکمـی خۆیـان بکـەن، وەك ئـەوەی لـە ئەمەریـکا، ئیـمارات و زۆر شـوێنی تـر هەیـە لـە نێـوان نەتـەوەی جیـا و ئایینـی جیـا دەکـرێ. لـە فیکـری ئیسـلامی ئـەو جـۆرە پۆلێنـە بوونـی نییـە، ئەوانـە دەسـتەواژەی نوێـن، لـە ئیسـلامدا تەنیـا باسـی یەکێتیـی «ئوممـە» کـراوە، وەك لـە قورئانـدا هاتـووە: «وان هـذه أمتکـم أمـە واحـدە»، شـێوازی حوکـم و پێکهاتـەی دەوڵـەت بـاس نەکـراوە. ئیسـلام بـۆ ئـەوە نەهاتـووە سیسـتەمێکی سیاسـی دیاریکـراو پێـڕەو بـکات، ئیسـلام ئایینێکـی ئەخلاقییـە، بۆیـە دەبینیـن لـە قورئـان بابەتـی عیبـادەت، خێـزان و هەمـوو بابەتەکانـی پێوەسـتن بـە ئەخلاقـەوە، بـە فراوانـی بـاس کـراون.

## کەواتە ئیسلام سیاسەت ناکات؟

هەمـوو دەوڵەتێـك بەرنامەیەکـی سیاسـیی خـۆی هەیـە پێـڕەوی دەکات و سیسـتەمی خـۆی هەیـە، بـۆ نموونـە دەوڵەت هەیـە لەسـەر سیسـتەمی دیموکراتـی، پاشـایی، کۆمـاری، بۆماوەیـی. لـە ئیسـلامدا بەهیـچ شـێوازێك باسـی سیسـتەمی حوکمڕانـی نەکـراوە، تەنیـا هەندێـك هێڵـی گشـتی باس کـراون، ئـەوەی دەسـەڵات دەگرێتـە دەسـت، دەتوانـێ ئـەو بنەمایانـە جێبەجـێ بـکات، لـەو بنەمایانـە: یەکـەم، دادپـەروەری «وإذا

حکمتـم بیـن النـاس ان تحکمـو بالعـدل». دووەم، پابەندبـوون بـە بڕیارەکانـی وەلـی ئەمـر (سـەرۆك، فەرمانـڕەوا) بـۆ ئـەوەی ناسـەقامگیری ڕوو نـەدا. سێیەم، دابەشـکردنی ئـەرك و مافەکان بەسـەر خەڵکیـدا، ئـەوەش ئەرکـی دەوڵەتـە. چـوارەم بنەمـا، بریتییـە لـە شـوورا (ڕاویـژ)، لـە ئیسـلامدا نابـێ هیـچ کـەس لـە خۆیـەوە حوکـم بـکات، ئیسـلام بـڕوای بـە تاکـڕەوی نییـە. دەکـرێ هەڵبـژاردن بـە نموونـەی شـوورا بـۆ ئـەم سـەردەمە دابـنرێ.

ئەمانــە هێڵــە گشــتییەکانن، بــەڵام لەســەر وردەکاریــی سیاســەت، بەهیــچ شــێوەیەك ڕۆ نەچووەتــە نــاوی. ئەگــەر تەماشـای قورئـان بکـەی، تەنیـا چەنـد ئایەتێك باسـی سیاسـەت دەکات، ئەوانیــش لــە چوارچێــوەی دەســەڵاتە مەدەنییــەکان تێناپـەڕن. بۆیـە ئەگـەر بتـەوێ تەنیـا لـە قورئـان و فەرمـوودەی پەیامهێــن دەوڵــەت بەڕێــوە ببەیــت و سیاســەت بکەیــت، دەبینــی کەلێنێکــی زۆری تێدایــە، ئــەوەش بــە مەبەســت کـراوە، بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بزانـێ سیاسـەت کارێکـی مرۆییـە و پێوەســتە بــە بەرژەوەندیــی مرۆڤــەکان پێکــەوە و بەپێــی سـەردەم و شـوێنەکان گۆڕانکارییـان بەسـەردا دێـت و جێـی ئەوەیـە لـە هـەر دۆخێکـدا سیاسـەتێکی نـوێ بێتـە ئـاراوە، بۆیــە ئیســلام بــە کراوەیــی هێشــتوویەتییەوە و ئــەو کەســەی دەسـەڵاتی بەدەسـتەوەیە، خـۆی ئـەو سیسـتەمە هەڵدەبژێـرێ کـە گونجـاوە.

ئەو ئایەتەی باست کرد، دەری دەخات ئەوەی ببێت بە موسڵمان ئیتر دەچێتە ژێر نەتەوەیەکی نوێ کە پێی دەگوترێ نەتەوەی ئیسلام و ئیتر دەبێ مرۆڤەکان داماڵدرێن لە نەتەوە و میللەتی خۆیان؟

قورئان کاتێك باسی نەتەوە (ئوممەت) دەکات، مەبەستی لایەنە ئەخلاقی و ئایینییەکەیە، موسڵمانان هەموویان بە یەك شێواز پێوەندییەکانی خۆیان و خوا و پەرستشەکانیان دەکەن بۆ نموونە چوونی موسڵمانان بۆ حەج، ئەمە پێوەندییەکی ئەخلاقی و ئایینی دروست دەکات، بەبێ ئەوەی مرۆڤ لە نەتەوەکەی خۆی دابڕێ. ئیسلام ڕێگریی نەکردووە لەگەڵ کەسانێك کە لە ئایینی خۆت نییە، مامەڵە بکەیت، بگرە بنەماکانی ڕێزگرتنی لە ئەویتر لە ئایین و بڕواکانی تر داناوە و هەمووی لەسەر بنەمای ئەخلاقییاتە، واتە ئوممەت هیچ مانایەکی سیاسی ناگەیەنێ. ئیسلام ئایین و ئوممەتە، بەڵام ئایین و دەوڵەت نییە. ئەوە یەکێکە لە هەڵە گەورەکان کاتێك ئیسلام دەخەیتە ناو پرۆسەی سیاسەتەوە، بۆ نموونە بتەوێ بە ناوی ئیسلام پۆستێکی سیاسی وەربگری، ئەمە زیانی زۆر بە ئایینەکە دەگەیەنێ.

کەواتە ئەوەی حیزبە ئیسلامییەکان دەیکەن هەڵەیە؟

ئەوەی ئەوان دەیکەن، ئیجتیهادە، دەکرێ ڕاست بێ و دەکرێ هەڵەیش بێت. هەڵەکەی لەوەدایە ئەوان ناوی ئیسلام بەکار دێنن و ئیتر هەموو کردارێکیان لەسەر ئیسلام دەکەوێ. بڕوابوون بە دەوڵەت لەسەر بنەمای سیاسەتێك

کە گوایە ئیسلام دایڕشتووە و بڕوابوونە بە دەوڵەتی ئایینی، نموونەی ئەوە دەردەچێ کە داعش کردی. حیزبە ئیسلامییەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان بانگەشەی دەوڵەتی ئایینی دەکەن، ئەمەش بەهیچ شێوازێك ئیسلام نەیویستووە. ئیسلام حوکم ناکات، بەڵام بڕیار دەدات بە چ حوکمێك ڕازییە و بەچی ڕازی نییە.

هەر حیزبێك حوکم بکات، ئەگەر ئەو چوار بنەمایەی جێبەجێ کرد کە پێشتر باسمان کرد، ئەوە حوکمێکە ئیسلام پێی ڕازییە، ئیتر پێویست ناکات ناوی ئیسلامی بێت. خۆی ناوی ئیسلام لەسەر حیزب کارێکی هەڵەیە، خوا دەفەرموێ: ئەگەر لەناو خەڵك حوکمتان کرد، بە دادپەروەری بیکەن. دادپەروەری دەستەواژەیەکی گشتییە و دەکرێ وڵاتێکی ئەوروپا باشتر پێڕەوی بکات، بگرە ئەوان دووپات لەسەر هەموو ئەم بنەما گشتییانەی ئیسلام دەکەنەوە.

کەواتە ئیسلام لە مێژە بڕوای بە سیکۆلاریزم هێناوە کە دەوڵەت کاری مرۆڤە و ئایینیش ئەخلاقیات و پەرستشە؟

- من ناوی نانێم سیکۆلاری، ناوی دەنێم مەدەنی. ئیسلام لەگەڵ حوکمێکی مەدەنییە، لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی نییە، ئەو دەوڵەتەش پەیامهێن دایمەزراند مەدەنی بوو، هەموو ئایین و نەتەوەکان پێکەوە تێیدا بەشدار بوون. کاتێك دەڵێین مەدەنی، واتە ئەو فەرمانڕەوایەی دەستەڵاتی بەدەستەوەیە، نابەسترێتەوە بە بڕیارێکی خوایی کە دوور بێت لە هەڵە، بەڵکو هەڵەش دەکات و موقەدەسیش نییە.

گـەل هەڵیدەبژێـرێ و هەڵـەی کـرد گـەل لای دەبـات، چونکـە لـە دەوڵەتـی مەدەنـی، فەرمانـڕەوا نوێنـەرە و گـەل بناغەیـە. بـەڵام لـە دەسـەڵاتی ئایینـی، ئەمیـر، خەلیفـە، سـەرۆك یـان هـەر ناوێکـی تـری هەبـێ، موقەدەسـە و مەعسوومیشـە تـا ئاسـتێك، ڕاسـتی تەنیـا لای ئـەوە و تەنیـا فەرمانـی ئـەو و دارودەسـتەکەی جێبەجـێ دەکرێـن، حوکمەکـەش دیکتاتـۆری و تاکڕۆییـە، ئیسـلام لەگـەڵ ئـەو جـۆرە حوکمـەدا نییـە.

بۆچی کێشەت لەگەڵ دەستەواژەی سیکۆلاریزم هەیە؟

عەلمانییـەت دروسـتکراوێکی ڕۆژئاواییـە و لـە ئەنجامـی پێویسـتییەك دروسـت بـوو، سـوودێکی زۆریشـیان لـێ کـرد، چونکـە توانـی شـۆڕش بەسـەر دەسـەڵاتی تونـدڕۆی کەنیسـەدا بـکات کـە بـە هەمانشـێوەی توندڕەوانـی نـاو ئیسـلام تاکڕۆییانـە حوکمیـان دەکـرد، ئـەوان پێـی دەڵێـن سـەردەمی تاریکـی، دواتـر سـەردەمی ڕابـوون هـات و عەلمانییەتـی لەگـەڵ خـۆی هێنـا و توانـی ڕزگاریـان بـکات لـەو دۆخـە. بـەڵام لای ئێمـە شـێوەیەکی تـرە، ئایینـی ئیسـلام بـە تـەواوی بـەو شـێوەیە نییـە کـە نەچێتـە نـاو سیاسـەتەوە تـا سیسـتەمی سـیکۆلاریزم بیگرێتـەوە، بەڵکـو چووەتـە نـاو هەمـوو جومگەکانـەوە، بـەڵام لـە بابەتەکانـی حوکـم و دەسـەڵات، تەنیـا هێڵکاریـی گشـتی دانـاوە و وردەکارییەکـەی جـێ هێشـتووە، بۆیـە دەسـتەواژەی دەسـەڵاتی مەدەنـی بـۆ ئیسـلام گونجاوتـرە لـە دەسـەڵاتی عەلمانـی.

کەواتـە مـادەم دەسـەڵاتی مەدەنـی لەگـەڵ ئیسـلام دەگونجـێ، دەکرێ سـوود لـە یاسـا و سیسـتەمی ئەورووپا ببینـێ؟

بەڵـێ ڕێـك ئـەوە ڕاسـتە، ئێمـە دەتوانیـن سـوود لـە ڕۆژئـاوا ببینیـن. دەبینـی کەسـانێکی هۆشـمەند سیسـتەمێکی جوانیـان دانـاوە، ئێمـە دەتوانیـن سـوودی لـێ ببینیـن. سیاسـەت لـە ئیسـلام پێوەسـت نییـە بـە دەقـەوە. خـۆی کێشـەکە لێرەدایـە کـە پێـت وابێـت ئیسـلام تەنیـا پێـڕەوی دەقەکانـی خـۆی دەکات، ئەمـە تەنیـا بـۆ عەقیـدە ڕاسـتە نـەك سیاسـەت و حوکمڕانـی. یاسـای ئیسـلام بـۆ سیاسـەت ئەوەیـە، پێچەوانـەی شـەرع نەبـێ، دیسـان لەژێـر ئـەو هێڵـە گشـتییانەی باسـمان کـردن. بۆیـە دەبینـی لـە قورئانـدا نافەرمـوێ ئەگـەر لەنـاو خەڵکـدا حوکمتـان کـرد، بـە شـەریعەتی ئیسـلام بیکـەن، بەڵکـو دەفەرمـوێ بـە دادپـەروەری بیکـەن. ئەگـەر گوتمان شـەریعەت، کامـە ڕاسـتە؟ ئـەوەی شـیعە یـان سـوننە؟ سـەلەفی یـان سـۆفی؟ کام حیزبـی ئیسـلامی؟ بۆیـە خـوای گـەورە پێوەسـتی کـردووە بـە دادپـەروەری چونکـە کـەس لەسـەر ئـەو چەمکـە گومانـی نییـە.

ئەگـەر وەك عەرەبێـك پرسـیار بکـەم، دروسـتبوونی دەوڵەتی کوردسـتان ئەوەنـدەی تـر پێگـەی ئیسـلام بچـووك دەکاتـەوە و لـە ئوممەتەکـە لای دەدا، بـۆ دەبـێ ئەمـە ڕەوا بێـت؟

ئـەی بۆچـی بـۆ عـەرەب ڕەوا بێـت ٢٢ دەوڵەتیـان هەبـێ؟ ئەگـەر ئەوەنـدە بـە پەرۆشـی ئوممەتـی ئیسـلامن کەواتـە بـا خۆیـان یـەك بخـەن، ئەگەرچـی مانـای ئوممـەت یـەك دەوڵـەت

و یەك پارچە نییە. لە سەردەمی دەوڵەتە ئیسلامییەکانیش، هەر ناوچەیەك هەرێمێکی سەربەخۆ بووە و سەرۆکێکی بە ناوی والی هەبووە و حوکمی ناوچەکەی خۆی کردووە. خۆ ئەگەر ئوممەتیش بە یەکپارچەیی هەموو ئیسلام ڕاڤە دەکەن، ئەوە دەبێ هەر وڵاتە عەرەبییەکان باس نەکرێ، کەی ئێران، تورکیا، مالیزیا و ئەندەنووسیا و وڵاتە موسڵمانەکانی تر بوون بە یەك دەوڵەت، ئەوکاتە با گلەیی لە ئێمەش بکەن.

ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بوو، دەتەوێ چۆن بێت؟

دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراتی بێت، حەز ناکەم بڵێم دەوڵەتێکی ئیسلامی چونکە هەر لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەدا نیم. باشترین نموونەی دەوڵەت ئێستە وڵاتانی ڕۆژئاوان، خەون بە دەوڵەتێکی ئاواوە دەبینم بۆ کوردستان و هەرگیز چاوم لەسەر نموونەی ئەم دەوڵەتە عەرەبییانە نییە کە تاکڕۆیی و دیکتاتۆریی پێڕەو دەکەن.

# هەرگیز کورد هێندە بەهێز نەبووە

ماکرۆن لە پاریس چاوی بە عەبادی کەوت. پوتن لە پێشوازییەکی مەزندا، شا سەلمانی لە مۆسکۆ داوەت کرد. پێش ئەوان، ئەردۆغان بە شێوەیەکی ئابڕووبەرانە گەیشتە تاران و لەگەڵ ڕووحانی کۆ بووەوە، ئەمەش پاش سەردانەکەی پوتن بوو بۆ ئەنقەرە. هەموو ئەم جوڵەیەی کەوتووەتە ناو ئەو هێزە گەورە و نیمچە گەورە دژ بەیەکانەی چواردەورمان و جیهان، وێڕای کۆبوونەوەکانی ناو نەتەوە یەکگرتووەکان، زۆرینەی باسەکەیان ڕیفراندۆمی کوردستانە. ئەوان باش لە دەرهاویشتەکانی بڕیاری ڕیفراندۆمی کوردستان بەسەر هەموو ناوچەکە و جیهانەوە تێدەگەن، دەشزانن گەڕانەوەی تێدا نییە بۆ دواوە و باشووری کوردستان ئیتر قبووڵی نییە لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە و هیچ زۆرەملێیەکیش نایخاتەوە سەر دۆخی جاران. دەشزانن چەندان ئەزموونی گەمارۆی بینیوە و بەو جۆرە هەڕەشانە

کاریگەرییەکـی ئەوتـۆی نابـێ.

هەنـدێ تۆقیـو و کۆلکـە سیاسـی و شرۆڤـەکار، هەندێکیـش لەوانـەی بـۆ ئـەوەی بیانـوو بـۆ بەشـدارینەکردنەکەیان بهێننـەوە، ئـەم هەڕەشـە و کۆبوونەوانەیـان کـردووە بـە بەڵگـە و دەڵێـن: گوتمـان چـی، سـەیری بکـەن چـۆن کەوتینـە قـوڕەوە، تـازە دەبـێ مەمنـوون بیـن بگەڕێینـەوە دۆخـی جـاران! پرسـیارێك لێـرە هەیـە، بـۆ کـێ گوتبـووی ئـەم ڕێگـەی بـەرەو سـەربەخۆییە، بەبـێ نشـێوی دەبـێ، پێـش ئـەوەی هـەورازەکان ببڕیـن و بگەینـە ئامانـج؟

ئـەو وڵاتانـە بـاش دەزانـن، ئـەوە کوردسـتان بـوو نەیهێشـت داعـش لـە نەخشـەدا بمێنێتـەوە. ئەگـەر پێشـمەرگە بەنـداوی مووسـڵ بتەقێنێنـەوە، شـاری مووسـڵ ئـاو دەیبـا. ئەگـەر ئاوارەکانی مووسـڵ و پەنابەرانی سـووریا دەربـکات، جگـە لـە پەسـتانێکی زۆر لەسـەر عێـراق، هەمـوو ئەورووپـاش تووشـی گەورەتریـن شـاڵاوی کۆچبـەر دەبنـەوە. بـاش دەزانـن، کوردسـتان خاوەنـی زەوییەکـی کشـتوکاڵیی بـە پیتـە، کـورد دەسـت بکاتـەوە بـە جووتیـاری، کـەس لـە برسـا نامرێ. بـاش دەزانن، کوردسـتان سـەرچاوەیەکی گرنگـی ئـاوی عێراقـە، ئەگـەر بیگرێتـەوە، لایەکـی ئـەو وڵاتـە لـە تینوێتیـدا دەخنکێـن. بـاش دەزانـن، ئـەو نـەوت و غـازەی هەیەتـی، هـەر لـە ناوخۆشـدا خەرجـی بـکات، نـەوەك کێشـەی سـووتەمەنی ناهێڵـێ، گرفتـی کارەبـاش چـارە دەکات. بـاش دەزانـن سـامانی سرووشـتیی کوردسـتان هـەر نـەوت و غـاز نییـە، ئەگـەر دەسـت بـکات بـە هەڵکەندنـی ئـەو کانـی زێـڕ و زیـوەی لـە پێنجوێـن و زۆر شـوێنی تـر هەیەتـی و بـە قاچـاخ بیانفرۆشـێ، ئەویـش داهاتێکـی زۆرە. بۆیـە کـورد لـە برسـا نامـرێ.

ئەمانـەی سـەرەوەش واز لـێ بێنـە، لـە ڕووی ئابوورییـەوە، ئایـا تورکیـا واز لـە ١٢ بـۆ ٢٠ ملیـار دۆلاری خـۆی دەهێنـێ کـە لـە بازرگانـی لەگـەڵ

کوردستاندا مامەڵـەی پێـوە دەکـرێ؟ ئێـران واز لـە بازرگانیـی شـەش بـۆ ١٠ ملیـار دۆلار دەهێنـێ؟ «ڕۆزنەفـت» بـەو گرێبەسـتەی لەگـەڵ کوردسـتان واژووی کـرد، کـردی بـە ڕکابـەری «گازپـرۆم» کـە هەردووکیـان ڕووسـین، ئایـا مۆسـکۆ ئـەو زلهێزییـە لـە ڕووی سـامانی غـازەوە بەهـۆی کوردسـتانەوە دەسـتی دەکـەوێ، لەدەسـتی دەدات؟ لـە کاتێکـدا ڕکابەریـی داهاتـووی سـامانی سرووشـتی لـە دونیـادا، نـەوت نییـە بەڵکـو غـازە و هەمـوو ئەورووپـا چاویـان بڕیوەتـە ڕووسـیا و ئەویـش بەشـێکی لـە کوردسـتان دەسـت دەکـەوێ. تورکیـا بـەو گرێبەسـتەی کوردسـتان و ڕۆزنەفـت دەبێتـە سـەنتەرێکی گـەورەی غـاز لـە ئەورووپـا و دەتوانـێ شـەڕی ڕکابەرەکـەی پـێ بـکات کـە ئەڵمانیایـا، ئایا ئـەو هەلـە لەدەسـت دەدات؟ ئایـا فەڕەنسـا هەلـی لاوازکردنـی ئەڵمانیـا لـە ڕێـی بەهێزبوونـی تورکیـا کـە بەشـێکی بەهـۆی غـازی کوردسـتانەوەیە، لەدەسـتی دەدا؟

لـە ڕووی سـتراتیژییەوە، پشـتێنی شـیعە کـە لـە قومـەوە بـەرەو عێـراق و تـا دەگاتـە سـووریا و لوبنـان، خەریکـە پیلانەکـە دەگاتـە جـێ، بەسـیج و حەشـدی شـەعبی و شـەبیحە و حیزبوڵـڵا جێبەجێـی دەکـەن. سـەربەخۆیی کوردسـتان، ئـەو پشـتێنە تێـك دەدات، ئایـا ئەمەریـکا پشـتیوانی دەسـەڵاتێك نـاکات بـۆ تێکدانـی بەهێزبوونـی شـیعە؟ ئەمەریـکا تـا ئـەو ئاسـتەی پێـی خۆشـە شـیعە بەهێـز بێـت، وڵاتـە سـوننەکان بتۆقـن و بـە بـەردەوام چەکـی لـێ بکـڕن، کـە گەیشـتە هەڕەشـەی جـددی بـۆ هەمـوو ڕۆژهـەڵات بـە گشـتی و ئیسرائیـل بـە تایبـەت، قبووڵـی نـاکات، کوردسـتان ئـەو هەلەیـە تـا فریـای خـۆی بکـەوێ. هەلێکـی زێڕینیشـە بـۆ سـعوودیە، تـا ئەویـش بتوانـێ پشـتێنە سـوننەکەی خـۆی تـەواو بـکات کـە لـە حیجـازەوە تـا دەگاتـە ئـوردن، سـووریا، لوبنـان و تەنانـەت تورکیـاش. بـۆ ئەنقـەرەش هەلێکـی باشـە، تـا ئەگـەر پێـش هەمـوو لایـەك

هاوپەیمانیــی ســتراتیژی لەگــەڵ کوردســتان دروســت بــکات، خەونــە ســوڵتانییەتەکەی ئەردۆغــان جێبەجــێ ببــێ کــە دەیــەوێ ببێتــە ڕێبــەری سـوننە، ئاخـر ئـەو بـە ملیۆنـان دۆلار لـە سـۆماڵ خـەرج دەکات و بنکـەی سـەربازی لـێ دروسـت دەکات بـۆ ئـەوەی بـگات بـە یەمـەن، چـۆن خـۆی بــە ناچــاری کوردســتان نازانــێ کــە بــە ئاســانی بــۆی دەبێتــە پردێــك بــۆ گەیشـتن بـە مووسـڵ کـە لـە بنەڕەتـدا بـە هـی خـۆی دەزانـێ؟ ئـەی بـۆ ئیسرائیــل کــە بــاش دەزانــێ، کــورد دۆستیشــی نەبــێ، هەرگیــز هەڕەشــە نابـێ بـۆی، تەنانـەت لـە ئێسـتەوە کار بـۆ ئـەوە دەکات، لـە عەفرینـەوە لە ڕێــی دەریــای ناوەڕاســتەوە، ڕێگــەی وشــکانی لــە ڕۆژئــاوای کوردســتانەوە بــەرەو باشــوور دروســت بــکات، ئەویــش خەونــی دێرینــی هەیــە کــە هەمووم‍ـان «پرۆتۆکۆلەکانــی دامەزرانــدن و پلانــی ئیسرائیلــی گەورە»مــان خوێندووەتــەوە. ڕۆڵــی ئێرانیشــمان بیــر نەچــێ، ئــەو وڵاتــە لەگــەڵ دۆخەکانــدا خــۆی دەگونجێنــێ، کوردســتان کاتێــك دەبێتــە ســەربەخۆ، دەرگەکانـی لەسـەر داناخـات، بەڵکـوو دەرگـەی ئێجـگار گـەورە دەکاتـەوە و دەیــەوێ پێــش هەمــوو شــوێنێك پێشــوازی بــکات، چونکــە نایــەوێ ببێتــە بەربەســت لەبــەردەم خەونەکانیــدا.

ســەربەخۆیی کوردســتان، بــۆ عێــراق نەبــێ، دەبێتــە مایــەی قازانــج بــۆ هەمــوو وڵاتانــی ناوچەکــە و بــۆ زلهێزەکانــی دونیــاش. عێــراق جگــە لــە تێکچوونــی نەخشــەکەی، زیاتــر لــە ٣٠٪ی ســەرچاوە ئابوورییەکانــی لەدەســت دەچــێ، زیاتــر لــە ٥٠٠ ملیــاری کوردســتان بەهــۆی قەرەبــووی ســتەمی ڕژێمــە یــەك لــەدوای یەکەکانــەوە کەوتووەتــە ســەر و دەبــێ بــە قسـتی دەیـان سـاڵە بیداتـەوە، ئـاوە شـیرینەکەی بـە خاکـی کوردسـتاندا بۆ شـۆڕ دەبێتـەوە، ناچـارە خـۆی لەگـەڵ بگونجێنـێ، تـا لـە ڕێـی بەنـداوەوە لێــی نەگیرێتــەوە.

دەمەوێ بێمەوە سەر خاڵی سەرەتا، ئەویش ئەو هەموو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەیە کە لەسەر داهاتووی کوردستان دەکرێ. هەمووی بۆ ئەوەیە، سەرەتا لە ڕێی گەمارۆی ئابووری، هەڕەشەی هێرشکردن، دەستوەردان لە کاری ناوخۆیی و تێکدانی یەکڕیزیی نیشتمانی و چەندان کارتی تری فشارەوە، وا لە بارزانی و سەرکردایەتیی کورد بکەن، پاشگەز ببنەوە. باش دەزانن ئەمە ناگاتە ئەنجام، داوا لە کورد دەکەن، لە چوارچێوەی عێراقدا، هەموو داواکارییە ماددی و قەرەبوو و مافەکان بدرێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش گرەنتیی جێبەجێکردنی بکات. ئەمەش سەری نەگرت، دەیانەوێ هەرچۆنێك بێت کورد ناچار بکەن، بە کۆنفیدراڵی ڕازی بێت کە سەربەخۆیی تەواو نییە. کوردستانیش ئەگەری هەیە بەمەیان ڕازی بێت بەڵام وەك چۆن فیدراڵییەکەمان وەك هیچ شوێنێکی تر نەبوو، بەڵکوو نزیك بوو لە کۆنفیدراڵی، ئەوی تریش دەبێ نزیك بێت لە سەربەخۆیی تەواو، هەموو مەترسیی ئەو هێزانە، چەند خاڵێکە. کوردستان ئەگەر تەواو سەربەخۆ بێت، ئەگەری هەیە ببێتە هاندان و هاوکار بۆ کوردانی پارچەکانی تر، ئابوورییەکەی سەربەخۆی تەواو بێت، ئەگەری هەیە کاریگەری لەسەر ئابووریی ناوچەکە بکات، هێزی پێشمەرگە کە جێی ڕێزە لە جیهان، ئەگەر سەربەخۆی تەواو بێت، ئەگەری هەیە گرێبەستی گەورە بکات و بەلایەنی کەمەوە خۆی بگەیەنێتە سەروو ئاستی عێراق. ئەمانە و چەند خاڵێکی تر وا دەکەن، ڕێگە بەو سەرەخۆییە تەواوە نەدەن. کورد لە بەرانبەر دا، داوای کاتی کۆتایی ئەو کۆنفیدراڵییە دەکات. داوای کۆمەڵێ مەرج دەکات، ئەگەر جێبەجێ نەبوون، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکاتە گەواهیدەر کە یەکسەر ببێتە سەربەخۆیی تەواو. داوای بەشێکی زۆر لە قەرەبووە داراییەکانی

دەکاتــەوە و دەبــێ عێراقیــش پێــوەی پابەنــد بێــت.

هەمـوو ئـەم وردەکارییـەی باسـم کـردن و هێشـتا خاڵـی تریـش زۆرە بچنــە ســەری، جەخــت لــە یــەك ڕاســتی دەکەنــەوە ئەویــش ئەوەیــە، کــورد لــە گرتنەبــەری ڕێگــەی ڕیفرانــدۆم، قازانجێکــی مێژوویــی گــەورەی کــردووە، هەرگیــز هەنگاوێــك نییــە بــەرەو دواوە.

**سەرۆکی یەکێتیی زانایان:**

# سەربەخۆ نەبین ژیان و کەرامەت و ناموسیشمان لە مەترسیدایە

مەلا عەبدوڵا وەیسی سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان، رای دەگەیەنێت کە مامۆستایانی ئایینی کار بۆ سەربەخۆیی دەکەن و کاریگەرترین توێژی کۆمەڵگەن بۆیە بارزانی لەیەکەم کۆبوونەوەیدا ئەوانی بەسەر کردەوە. هاوکات ئەوەش دەخاتە ڕوو «دەوڵەتێکمان دەوێ نە ئایینی بێت نە نەتەوەیی، وەك دەوڵەتەکەی پەیامهێن مەدەنی بێت».

سەرۆکی یەکێتی زانایانی کوردستان لەم دیمانەی «وشە»دا نیگەرانی خۆی ناشارێتەوە بەرانبەر مەرجەعەکانی شیعە کە رۆڵیان نەبوو لە راگرتنی مالیکیدا کاتێك بودجەی کوردستانی بڕی. بە گوتەی خۆی «مادام کاتی راگەیاندنی ٢٣ دەوڵەتی عەرەب و تورك و فارس گونجاو بوو و هیچ مەلایەك دژی نەبوو، کاتی ڕیفراندۆمی کوردستانیش گونجاوە و مامۆستایان پشتیوانی دەکەن».

ئایا دەوڵەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، پێوەستە بە ئایینەوە یان بە نەتەوە؟

ئیسلام بە ئاسایی زانیوە هەر نەتەوەیەك بتوانێ خۆی کاروباری خۆی ڕاپەڕێنێ، بۆیە دەبینی ئەو نەتەوانەی لە سەردەمی پەیامهێن وردە وردە دەبوون بە موسڵمان، وەك یارمەتیدەر کەسێکی بۆ دەناردن فێری ئاشنایەتی ئیسلامیان بکات و ئەو مافەی پێ دەدان خۆیان براگەورەیەك بۆ خۆیان دەسنیشان بکەن، کەواتە بنچینەکە لە ئیسلامدا دەوڵەتێکی مەدەنییە نەك دەوڵەتێکی ئایینی.

ئەو دەوڵەتەی پەیامهێن لە مەدینە دروستی کرد، دەوڵەتی هاونیشتمانیبوون بوو، بە تەواوی دەوڵەتێکی مەدەنی بوو نەك لەسەر بناغەیەکی ئایین بێت، بە بەڵگەی ئەوەی ئەوانەش کە موسڵمان نین وەك مەسیحی و جووەکان لەژێر چەتری ئەو دەوڵەتەدا بوون، بۆیە پەیامهێن دووپات لەسەر دەوڵەتی هاونیشتمانیبوون دەکاتەوە نەك دەوڵەتی ئایینی.

ئێوە دەخوازن لە کوردستان دەوڵەتی داهاتوو چۆن بێت، ئایینی یان نەتەوەیی؟

وەك پێشتر باسم کرد، لە سەردەمی پێغەمبەریش دەوڵەت لەسەر بنەمای ئایین نەبووە، بەڵکو مەدەنی بووە، ئێمەیش دەوڵەتێکی مەدەنی دەخوازین، نە لەسەر بنەمای ئایین نە لەسەر بنەمای نەتەوە، دەوڵەتێك هەموو هاووڵاتییانی جێ بکاتەوە، ئێمە کار بۆ دەوڵەتێکی

کوردستانی دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو هاووڵاتییانەی نەتەوەیان لەگەڵ ئێمە جیاوازە، وەك چۆن بە درێژایی مێژوو پێکەوە بووین، ئێستەیش پێکەوە بین. لەو دەوڵەتەی ئێمە کاری بۆ دەکەین، تاکێکی تورکمان بە هەمانشێوەی تاکێکی کورد مافی هەیە، تاکێکی مەسیحی و ئێزیدی وەك هەر تاکێکی موسڵمان مافی هەیە.

مامۆستایەکی ئایینی باسی لەوە کرد کە زەویی داگیرکراو لە ئیسلامدا، عیبادەتیش تێیدا حەرامە، بۆیە ئێستە خاکی ئێمە کە داگیرکراوە، دەچێتە ئەو قاڵبەوە. ئایا لە فیقهی ئیسلامیدا زەویی داگیرکراو مەبەستی لە زەویی تایبەتە یان زەویی گشتی؟

زانایان دوو بۆچوونیان هەیە، پەسندترینیان ئەوەیە مەبەست لەوە زەویی تایبەتە نەك زەویی گشتی، چونکە ئەگەر زەویی گشتی دابنێین، ئەوە کوردستان هەمووی زەوی داگیرکراوە. ئێمە هەموومان کۆکین کە زەویمان داگیر کراوە و دەبێ بگەڕێتەوە بۆ خاوەنی خۆی کە خەڵکی کوردستانە، بەڵام ناچێتە ژێر ئەو حوکمە فیقهییەوە.

ئایا مامۆستایانی ئایینی لەگەڵ پرۆسەی سەربەخۆیین لەم کاتەدا؟

سەربەخۆیی بە درێژایی مێژوو ئاواتی مامۆستایان بووە و هەوڵیان بۆ داوە، چونکە هیچ ڕێگرییەکی شەرعی نییە کە کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی. مامۆستایانیش وەك زۆربەی توێژەکانی کۆمەڵ باش دەزانن هاوبەشی لەگەڵ عێراقدا ئیتر ناکرێ، بەڕاستی ئێمە وەك مەلای

کـورد گلەیـی و گازندەیەکـی زۆرمـان لـە مەرجەعـە شـیعەکان هەیـە، ئەوکاتـەی مالیکـی بـە نووکـی قەڵەمێـك و بودجـە و قووتـی خەڵکـی بـڕی، نەیانتوانـی ناڕەزایەتییەکیـش دەرببـڕن، بـە مەرجێـك ئێمـە لـە سـەرەتای ئـەم تەنگژەیـەوە شـاندێکی باڵامـان پێـك هێنـا و لەگـەڵ زۆربـەی مەرجەعـە ئایینییـەکان کـۆ بووینـەوە تـا کاریگـەری لەسـەر حکوومـەت دروسـت بکـەن، هیچـی ئەوتۆمـان نەبینـی.

ئێمـە دەمانـەوێ لـە داڕشـتنەوەی نەخشـەی نوێـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت شـوێن و پێگەمـان دیـار بێـت. وەك مامۆسـتایانی ئایینـی پێـمان وایـە، هەلومەرجەکـە گونجـاوە و کاتەکـە بـۆ سـەربەخۆیی بـە تـەواوی لەلایـەن زۆرینـەی سـەرکردایەتی سیاسـیی کـورد ڕاڤـەی بـۆ کـراوە، ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە ٢٥ی ئەیلوولـی ئەمسـاڵ لـە جێـی خۆیەتـی و ئەمـەش بۆچوونـی زۆرینـەی هـەرە زۆری مامۆسـتایانی ئایینییـە، بـەڵام زیاتـر پێویسـتی بـە ڕێگەخۆشـکردنی بارودۆخی کوردسـتان و ناوماڵـی کـوردە.

*پێتـان وایـە لـەم دۆخـەی هەرێمـی کوردسـتان کـە خەڵـك لـە چەندان تەنگژەدایـە، دەنـگ بـە بەڵـێ بدەن؟

ئێمـە وەك زانایـان سوپاسـی خۆڕاگریـی خەڵکـی کوردسـتان دەکەیـن و پێویسـتە حیزبـە سیاسـییەکانیش سوپاسـیان بکـەن کـە بەرگـەی ئـەو هەمـوو بارودۆخـە داراییـە سـەختەیان گـرت، بـەڵام ناکـرێ سـەربەخۆیی کوردسـتان لەبـەر هـەر بارێـك فەرامـۆش بکەیـن. بـە دڵنیاییشـەوە دەڵێـم ئـەو کاتـەی

بووین بە دەوڵەت، کێشە دارایی و تەنگژەکانیشمان وردە وردە چارە دەبن. پێویستە تاکی کوردستانی سەربەخۆیی لە هەموو شتێکی تر بەلاوە گەورەتر بێت، ئەگەر سەربەخۆیی هەڵنەبژێرین، دەبێ پێشبینی هەر جۆرە هێرشێکی تر بکەین کە دوژمنان بیکەنە سەرمان، ئەگەر سەربەخۆیی هەڵنەبژێرین، ژیان و کەرامەت و ناموسیشمان لە مەترسیدایە.

*ئایا ڕۆڵی زانایان چەند گرنگە بۆ هاندانی خەڵك بە دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان؟

هەموو کەس دەزانێ بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم لە کوردستان، لەناو حوجرە و لای مامۆستای ئایینی چەکەرەی کردووە و بەخشراوە بە خەڵك، مێژوو خەباتی مامۆستایان فەرامۆش ناکات، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاتێك بڕیاری دا لەگەڵ توێژەکانی کۆمەڵگە لەسەر سەربەخۆیی بدوێ، یەکەم توێژ مامۆستایانی ئایینی هەڵبژارد، ئەمە گەواهیدەرە کە کاریگەریی ئێمە لە ڕووی هۆشیارکردنەوەی خەڵك چەندە زۆرە و پێگەیەکی پارێزراوی هەیە. مامۆستایان زۆر بە ڕاشکاوانە پرسیارەکانیان لە بارزانی کرد و ئەویش وەڵامی دانەوە کە چۆن ئەم ڕۆژە هاتە هەڵبژاردن و هەنگاوەکان چی بوون، بۆیە دڵنیام هەموو زانایان ڕۆڵی خۆیان بە باشی دەگێڕن و بە خەڵکیش دەڵێین سەربەخۆیی کوردستان لای مامۆستایانی ئایینی لە هەموو شتێك بەرز و پیرۆزترە.

چـی بـەو مامۆسـتا ئایینییانـە دەڵێـی کـە پشـتیوانی سـەربەخۆیی کوردسـتان ناکـەن؟

کاتێـك عـەرەب ٢٣ دەوڵەتـی خـۆی ڕاگەیانـد، گوێـمان لـە هیـچ مەلایـەك نەبـوو بڵـێ «کاتـی نییـە لـە ئێسـتەدا»، ئەوکاتـەی تـورك دەوڵەتـی خـۆی ڕاگەیانـد، بـە درێژایـی مێـژوو نەمانزانیـوە مەلایەکـی ئایینـی تـورك بڵـێ «ئێسـتە گونجـاو نییـە» فارسـیش هـەروا، بۆیـە بـە دڵنیاییـەوە دەڵێـم هیـچ مەلایەکـی کـورد ناڵـێ ئێسـتە کاتـی نییـە و هەمـوو پشـتیوانی دەکـەن، بـەڵام دووپاتیـش لـە یەکڕیزیـی ناوماڵـی کـورد و چارەسـەریی گرفتـەکان دەکـەن.

# بۆچی ئەمەریکا پشتیوانیی سەربەخۆییی کوردستانی نەکرد؟

خەڵکی دونیا کاتێك ناوی هەرێمی کوردستانیان دەهێنا، یەکسەر ئەو بیرۆکەیە دەهاتە مێشکیان کە بەهێزترین هاوپەیمانی ئەمەریکایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە چەندان دۆخدا پشتی گرتوون و ئەوانیش لە جیاتی ئەمەریکا و دونیا، شەڕیان دژی داعش کردووە و ئەفسانەی گەورەترین ڕێکخراوی تیرۆریستییان شکاندووە، بۆیە ئەم میلەتە هەر داخوازییەکیان هەبێ، ئەمەریکا پشتیوانییان دەکات، بەڵام هەموو ئەو پێشبینییانە ڕاست نەبوون، کورد و دونیا تووشی شۆك بوون کاتێك بە پێچەوانەوە، ڕایان گەیاند هەموو ئەو داگیرکارییەی بۆ خاکی کوردستان دەکرێ، بە هاوئاهەنگی بووە و ئاگەدارن.

ئەمەریکا لە سەردەمی باراك ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، لە ماوەی هەشتساڵدا سیاسەتی دەرەوەی بە جۆرێك فەرامۆش کرد، دەرفەتی تەواوی دا بەدەستەوە تا ڕووسیا بگەڕێتەوە سەردەمی

یەکێتیی سۆڤێت و ببێتەوە جەمسەری هێز و ڕەنگە لە دوا ساڵەکانی ئۆباما، پلەی یەکەمیشی وەرگرتبێ، تەنانەت ئەم لەدەستدانی کۆنترۆڵەی واشنتن، بەهاری عەرەبی و شڵەژانێکی زۆری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کرد، ئێرانیش وەك هەمیشە دۆخی شڵەژاوی قۆستەوە بە دەرفەتی زانی پاوانخوازییەکانی خێراتر و چڕ بکاتەوە و لە سووریا، عێراق، لبنان، یەمەن، بەحرێن و قەتەر دەستی بە جووڵەکانی کرد، ئەوەی لە ناوچەکە وەك خۆی مایەوە، وێڕای هەڕەشەی داعش و شیتەڵبوونی عێراق، هەرێمی کوردستان بوو، هەوڵی نەدا دۆخە شڵەژاوەکان لە بەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوە.

دۆناڵد ترەمپ پێش ئەوەی بچێتە کۆشکی سپی، لە بانگەشەکانی بۆ هەڵبژاردن باسی لەوە دەکرد کە شکۆی ئەمەریکا دەگەڕێنێتەوە و سزای ڕووسیا و ئێرانیش دەدات و جارێکی تر دۆستەکانی کە زیانیان لە سیاسەتی ئۆباما کردووە، ئاشت دەکاتەوە. ئەمانە وای کرد، چاوەڕێ دەکرا زۆر بە خێرایی هەنگاوەکانی دەست پێ بکات، بەڵام ئەگەرچی پێداچوونەوەی بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران کرد و سوپاکەیانی خستە لیستی تیرۆرەوە، لەگەڵ کۆریای باکوور سەنگەری بەست و هەوڵی دا لە سووریا و زۆر شوێنی تر بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا تێك بدات، بە گشتی هەوڵەکان نەیانتوانی بە ئاسانی پێگەی ئەمەریکا بهێننەوە شوێنی خۆی.

چاوەڕێ دەکرا ئەمەریکا لە سەردەمی ترەمپ، هاوسۆزییەکی زۆر بۆ داوای مێژوویی کورد دەرببڕێ و پشتیوانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بکات، بەڵام ئەنجامەکان بۆ کورد ئومێدبەخش نەبوون و خەونی سەربەخۆییشی جارێکی تر بۆ ساڵانێکی نادیار دوا خست.

بەپێی ئەو چاوپێکەوتن و دیدارانەی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکی

ئەنجـام دراون، ئاشـکرای دەکـەن بۆچــی ئیـدارەی ترەمـپ لـەوە یـەکلا بووەتـەوە کـە ئێسـتە کاتێکـی گونجـاو نییـە بـۆ ڕیفرانـدۆم و هەرگیـز بـە سـەربەخۆییی کوردسـتان ڕازی نابـن و دەبـێ دوا بخـرێ بـۆ کاتێکـی تـر.

بەرپرسـێکی سـەربازیی کـە پێشـتر لـە عێـراق کاری کـردووە، گرنگتریـن ئـەو هۆکارانـە ئاشـکرا دەکات کـە بوونـە هـۆی ئـەوەی واشـنتن پشـتیوانی لـە پـڕۆژەی سـەربەخۆییی کوردسـتان نـەکات، ئەمانـەی خـوارەوە ئـەو هۆکارانـەن:

یەکـەم: ئیـدارەی ئێسـتەی ئەمەریـکا پێـی وایـە تـا ڕێکخـراوی تیرۆریسـتیی داعـش بنبـڕ نەکـرێ، نابـێ هیـچ گۆڕانکارییـەك بکـرێ، بـە تایبەتـی دوای ئـەو سـەرکەوتنەی پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق پێکـەوە لەگـەڵ هێـزە هاوپەیمانـەکان بەدەسـتیان هێنـاوە. واشـنتن پێـی وایـە، سـەربەخۆییی کوردسـتان ئـەو چڕبوونـەوەی هێـزە نامێنـێ.

دووەم: سـەربەخۆییی کوردسـتان، دابەشـبوون و دووبەرەکـی لـە نێـوان دۆسـتەکانی ئەمەریـکا دروسـت دەکات، بـە تایبەتـی تورکیـا کـە سـەربەخۆییەکە بـە هەڕەشـە بـۆ سـەر خـۆی دەزانـێ، ئەمـەش وا دەکات لـە هاوپەیمانێتـی ئەمەریـکا پاشەکشـە بکـەن، کاریگـەری هەڵوێسـتەکانی ئەوانیـش بـۆ سـەر شـەڕی داعـش دەبێـت.

سـێیەم: بەپێـی ئـەو سـەرچاوە ئەمەریکییـەی کۆشـکی سـپی، لەبـەر ئـەوەی دادگای دەسـتووریی عێـراق، ڕیفراندۆمەکـەی بـە نـا یاسـایی لـە قەڵـەم داوە و ئـەم هەنـگاوە لادانـە لـە حکوومەتـی ناوەنـد کـە هاوپەیمانـی ئەمەریکایـە، بـۆ ئـەوان نابـێ پشـتیوانیی پڕۆژەیـەك بکـەن کـە دوو هاوپەیمانیـان دەکاتـە دوژمنـی یەکـتر.

چـوارەم: ئەمەریـکا پێـی وایـە مانـەوەی پێشـمەرگە لـە ناوچـە جێناکۆکـی لەسـەرەکان، بڕیارێکـی ژیرانـە نەبـووە، ئەمـەش وای کـردووە

ئەمەریـکا ڕازی بێـت سـوپای عێـراق و میلیشـیاکان بـەو شـێوەیە شـاری کەرکـووك داگیـر بکـەن و بگەڕێنـەوە تـەواوی ئـەو شـوێنە جێناکۆکـی لەسـەریانە.

بەپێـی ئـەو سـەرچاوانە، ئێسـتە دۆناڵـد ترەمـپ سـەرۆکی ئەمەریـکا، هەوڵـی ئـەوە دەدات لـە ڕێـی دانوسـتانەوە، کێشـەکانی نێـوان کـورد و عێـراق چارەسـەر بکـرێ و هەرچۆنێـك بێـت کـورد ڕازی بکـەن لـە هەڵبژاردنـی داهاتـوو بەشـداری بکـەن، هۆکارەکـە ڕوونەکـەش ئەوەیـە بـۆ ئـەوەی پێگـەی کـورد لـە بەغـدا لاواز نەبـێ، بـەڵام هـۆکارە سـەرەکییەکەی ئەمەریـکا ئەوەیـە هـەرکات عەبـادی پێویسـتی بـە هاوپەیمانـی بـوو بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر ببێتـەوە بـە سـەرۆك وەزیـران، کـورد ئامادەیـی دەرببـڕێ، چونکـە ڕکابـەری عەبـادی بریتییـە لـە میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی و ئەمەریـکا بـەوە ڕازی نییـە و دەشـزانێ کـورد لـە نێـوان حەشـد و عەبـادی، دووەم هەڵدەبژێـرێ.

# با باوەڕ بە بیردۆزی پیلانگێڕی بهێنینەوە

ئـەوەی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ڕوو دەدات، بەهـار و پایـزی عەرەبـی، هاتنـی چەتەکانـی داعـش، قەیرانـە ئابـووری و نیشـتەجێبیەکان، کۆچـی بـە لێشـاوی عـەرەب بـۆ کوردسـتان و کۆچـی بـە کۆمەڵـی کـورد بـۆ هەنـدەران، هەمـووی پیـلان (یـان چەنـد پیلانێکـی تێکهەڵکێـش)ە و پێشـتر لەسـەر مێـزی زلهێـزەکان، داڕێـژراون.

تەوژمێکـی دژ بـە بیـردۆزی پیلانگێـڕی (نظریـە المؤامـرە) لـە سـاڵانی هەشـتای سـەدەی ڕابـردوو بـەرز بـووەوە و ئیـدی باوەڕبـوون بـەوەی کـە هـەر ڕووداوێـك ڕوو دەدا، پێشـوەختە پیلانـی بـۆ داڕێـژراوە، ببـووە عەیبـە و نەدەبـوو بـاس بکـرێ، بـەڵام ئـەوەی ئێسـتە دەگـوزەرێ لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، جارێکـی دیکـە ئەوەمـان بیـر دەهێنێتـەوە کـە پیلانگێڕیـی درێژخایـەن بەڕاسـتی بوونـی هەیـە و دەبـێ هەڵوەسـتەی لەسـەر بکەیـن.

عـەرەب شکسـتەکانی خۆیـان و دواکەوتنیـان لـە ڕەوڕەوەی مێـژووی

هاوچـەرخ دەخەنـە سـەر شـانی ئیسرائیـل و هێزەکانـی ڕۆژئـاوا، ئەمەیـان قسـەکردن نییـە لەسـەر بیـردۆزی پیلانگێـڕی، ئەمـە داننەنانـە بـەو دارمانـەی لـەم چەنـد سـەدەیەی دوای هاتنـی عوسـمانی تاوەکـوو ئێسـتە ڕووی تـێ کـردوون. ناتوانیـن بڵێیـن «محەمـەد بوعەزیـزی» بـە پیلانێکـی پێشـوەختە بڕیـاری خـۆ سـووتاندنی دا، بڕیـاردان لەسـەر خـۆ کوشـتن، لـە ئەنجامـی هەڵەشـەیی و بڕیـاری کتوپـڕە، بـەڵام ئەوانـەی پیـلان دەگێـڕن، دەزانـن دۆخـەکان بقۆزنـەوە، ئـەوەش جیاوازییەکـی نێـوان پـلان و پیلانـە، یەکـەم ڕووداو و کـرداری داهاتـوو دروسـت دەکات، دووەم بـە پشتبەسـتن بـە هەلێکـی ڕابـردوو، ڕووداوەکانـی داهاتـوو دروسـت دەکـەن، هـەر بۆیـە پیلانگێـڕان بـە هەلپەرسـت نـاو دەبرێـن.

چەنـد هەفتەیـەك پێـش بوعەزیـزی و عارەبانەکـەی و هەڵگیرسـانی شۆڕشـی توونـس، ڕۆژنامەنووسـێکی بـە ئەزموونـی کوردسـتان، لـەدوای گەشـتێکی بـۆ ئـەو وڵاتـە، لـە وتارێکـدا باسـی خۆشەویسـتی گەلـی توونسـی گێڕایـەوە بـۆ سـەرۆك و حکوومەتەکەیـان، پێچەوانەبوونـەوەی پەیڤەکانـی نێـو دووتوێـی ئـەو وتـارە، بـەو شۆڕشـەی هەڵیانگیرسـان، ماوەیـەك وەکـوو تەنـز هـەر دەگێڕدرایـەوە. ئێسـتە دەڵێـم، ڕەنگـە ئـەوەی لـەو دێڕانـەدا نووسرابـوو، نیـوەی ڕاسـت بووبـێ، ئـەو کەفوکوڵـی خۆپیشـاندانانە، هێزێکـی گەورەتـر جووڵاندبێتـی.

پێشـتر پێـم وابـوو، ئـەوەی لـە سـووریا ڕوو دەدا، ململانێـی زلهێزەکانـە (صراع الجبابـره) کـە نایەڵـێ ئـەو وڵاتـە لاوازە بڕووخـێ، لەکاتێکـدا میـسر بـەو هەمـوو گەورەییـەوە، دووجـار شۆرشـەکەی گەیشـتە ئەنجـام. دەمانگـوت ئـەوە پاوانخـوازی ئێـران و پشـتبوونی ڕووسـیایە کـە نایەڵـێ پـلان، یـان پیلانـی ئەمەریـکا و هاوپەیمانەکانـی سـەربگرێ، ئاخـر ڕاسـتە ئێـران بـۆ مانـەوەی ئـەو پـردەی نێـوان خـۆی و حیزبوڵـڵا

نەیگەرەکـە ئەسـەد لـە کورسـییەکەی دابـەزێ و سـعوودیەش لەبـەر شـەڕە مەزهەبییەکـەی، دەیـەوێ بڕوخـێ، بـەڵام لـەوان گەورەتـر تێکنەچوونـی بـاری سـەقامگیری ئیسرائیلـە. ئیسرائیـل واتـە ئـەو جولەکانـەی زۆرینـەی ئابـووری ئەمەریکایـان ڕاگرتـووە. پێویسـت بـوو لـەو نێوەنـدەدا داعـش دروسـت بکـرێ، بـۆ ئـەوەی شـەرعییەت بدرێتـەوە بـە مانـەوەی ئەسـەد، بـۆ ئـەوەی ئاشـووبەکان، دووکەڵـی ئاگرەکـە لـە ئیسرائیـل دوور بخەنـەوە. داعـش هیچـی دیکـە نییـە جگـە لـە جێبەجێکردنـی بەشـێکی پیلانـی نێـو مێـزە بازنەییـە نێودەوڵەتییـەکان.

دارتـاش چـۆن بزمارەکانـی کـۆ دەکاتـەوە! موگناتیسـێکی گـەورە دەهێنـێ و لەنێـو کا و پارچـە دارە وردەکانـی دەخشـێنێ و بەمـەش دەگات بـە ئامانجەکـەی. وەك چـۆن لـە کۆتایـی سـاڵانی هەشـتا و سـەرەتای سـاڵانی نەوەتـی سـەدەی ڕابـردوو، موگناتیسـێکی گـەورە لـە ئەفگانسـتان و چیچـان دروسـتکرا بـۆ لەناوبردنـی بیـری تیـرۆری ئیسـلامی، پێویسـتبوو جارێکـی دیکـە ئـەوە دروسـتبکرێتەوە، بەڵام ئەمجـارە لە عێراق و سـووریا، بەمـەش توانـرا سـەدان و هـەزاران تیرۆریسـت لەنـاو ببـەن. هاتنـی داعـش توانیشـی بـە بەڵگـە بیسـەلمێنێ کـە وڵاتێـك بەنـاوی عێـراق کـە شـیعە، سـوننە و کـورد تێیـدا بـژی، بوونـی نەمـاوە. هەروەهـا گۆڕانـکاری بـە ئابـووری جیهانـدا هێنـا و نەوتـی شکسـت پـێ هێنـا، شـەڕی داهاتـوو بـۆ وزەی ناوەکییـە.

دوای دووەمیـن جەنگـی جیهانگـرەوە، چەکێکـی زۆری ئەورووپـا مابـووەوە لـە کۆگـەکان و ژەنگـی هێنابـوو، چەنـدان سـاڵ لـە ڕێگەیـەك دەگـەڕان کـە چارەیەکـی بـۆ بدۆزنـەوە، تەنانـەت بەتەمابوون فڕێـی بدەنە نێـو دەریـاوە، ڕێکخراوەکانـی پاراسـتنی ژینگـە ڕێگەیـان نـەدا، ئیـدی بـۆ خۆپاراسـتنی پێشـمەرگە، سـوپای عێـراق و هێزەکانـی دیکـەی هاوپەیمانـی

هاوپەیمانــان لەدەســت داعــش، لــەو گرفتــەش ڕزگاریــان بــوو، توانییــان زۆربــەی چەکــە ئێکســپایەر و ژەنگهاتووەکانیــان لەکــۆڵ بکەنــەوە.

کــورد بــۆ زیاتــر پتەوکردنــی هەنگاوەکانــی بــەرەو ســەربەخۆیی، پێویســتبوو جــۆران هەنــگاو بنــێ، لەوانــە بەتەنگەوەهاتنــی ئاوارەکانــی کــە لەدەســت داعــش ڕایــان کــردووە، بــۆ ئــەوەی نیازپاکــی خۆمــان بــە جیهــان بڵێیــن و بیســەلمێنین ئەگــەر وڵات بیــن، نابینــە هەڕەشــە بۆســەر هیــچ گــەل و وڵاتێکــی دراوســێ. پیلانگێــران ئــەم پلانــەی کوردیــان خوێنــدەوە و کاریــان لەســەر کــرد و قۆســتیانەوە، بــە بەرنامەیەکــی تۆکمــە، ســەدان هــەزار عەرەبیــان ڕەوانــەی کوردســتان کــرد، بــە شــێوەیەك، ئــەوەی ڕژێمــی بەعــس بــە تەعریبکــردن بــە خاکــی کوردســتانی نەکــرد، بــەم یــەك دوو ســاڵە پێــی کــرا، کۆڵانێــك هەیــە لــە شــارێك، شــارۆچکە، شــارەدێ و گوندێکــی کوردســتان، عەرەبــی لــێ نەبــێ؟.

هەندێــك وڵاتــی ئەورووپــا لەگــەڵ کەنــەدا و ئوســترالیا، پێویســتییان بەدەســتی کار بــوو، بۆیــە پێویســتبوو بــە لێشــاو خەڵکیــان بــۆ بچــێ، بەمــەش دەشــیانەوێ جیهــان لــە بەشــێکی دیکــەی ئــەو بۆمبــە ڕزگار بکــەن کــە پێــی دەگوتــرێ هاووڵاتــی ڕۆژهــەڵات و موســڵمان، ئاخــر خەڵکــی ئــەم ناوچانــە (بــە دیــدی ڕۆژئــاوا) هەریەکەیــان ڕەنگــە لــە داهاتــوودا ببێتــە تیرۆریســت، بۆیــە ئەگــەر بچنــە ئەورووپــا و فێــری کولتــووری ئــەوێ بــن، ڕزگاریــان دەبێــت لــەو مەترسییە. خــۆ بیریــش کراوەتــەوە کــە ڕەنگــە هــەر لەوێــوە ببنــە تیرۆریســت، بــەڵام ڕێــژەی ئەوانــەی کــە ناگۆڕدرێــن چەنــدن؟ ناگاتــە یــەك لەســەد، ئــەو یەکــەش دیســان ڕەوانــەی خۆمانــی دەکەنــەوە، وەکچــۆن بــە چاودێــری هەموویــان، تورکیــا کرایــە ڕێــڕەوی داعــش و هەتــا ئەورووپــا خاڵــی نەکــرا، هیــچ هێزێــك لــە دونیــادا دەنگــی لێــوە نەهــات.

ئەڵمانیــا بــراوەی یەکــەم بــوو، ڕەنگــە وڵاتەکــەی ئەنجێــلا مێــرکل،

لـه داهاتوویەکـی نیمچـه نزیکـدا، زلهێزیـی جیهـان لـه ئەمەریـکا وەربگرێتـەوە. ئـەوان دەمێکـە پلانیـان بـۆ ئـەوە داڕشـتووە، سـەیرکە لـە پیشەسـازی و بازرگانیـدا چـۆن هەڵدەکشـێن، لەکاتێکـدا زۆربـەی وڵاتـە سـەرمایەدارییەکانی دیکـە، وا خەریکـە نغـرۆی قـەرز دەبنـەوە. ئەڵمانیـا بـە چەکـی «میـلان» شـکۆی چەکـی ئەمەریکـی شـکاند، ئـەو چەکـە بچووکـە کـە بەدەسـت پێشـمەرگەیەکەوەیە و تەنیـا چەنـد هەفتەیـەك ڕاهێنانـی پـێ کـراوە، تانکـە ئەمەریکـی و ڕووسـییەکان بـە ئاسـانی وێـران دەکات. بـە وەرگرتنـی ئـەو هەمـوو ئاوارەیـەش، گۆڵێکـی دیکەیـە کـە دەیـکات و دەیسـەلمێنێتەوە کـە ئێسـتە تەنیـا لـە فوتبـاڵ نـا، لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە سـەردەمی ئەوانـە و دوا گۆڵیـش هـەر خۆیـان دەیکـەن.

لـەم دۆخـە تەمومژاوییـە کـە پیلانـەکان لەسـەر یـەك بـۆ ئـەم ناوچەیـە دەبـارێ، ئەگـەر کـورد لەم پەسـتانی زلهێزانە خـۆی ڕزگار بـکات و ئەوەندە نەکەوێتـە ژێـر فشـارەکانیانەوە، ماڵـی خـۆی یەکبخاتـەوە بـە ڕاسـتی نـەوەك بـە زەبـری ئەمەریـکا، دوای ئـەوەی بـۆی دەرکەوتبـوو خەریکـە ئێـران بـەڕەی کوردستانیشـی لـێ دەسـتێنێ، ئـەوا دەرفەتێکـی مێژووییـە و دەتوانیـن بـە پلانـی یەکگرتـن، هەمـوو پیلانـەکان بـۆ بەرژەوەنـدی خۆمـان بشـکێنینەوە.

# نیشتمانێکی پیلان بۆ داڕێژراو گەلێکی هەڵوەشاو

ڕێکخراوێکی جیهانیی ئەڵمانی بۆ ئەو گەلانەی هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە دامەزراوە، کورد بەشێکی فراوانی چالاکییەکانیانە. زۆربەی میلەتانی دیکەی ئەو ڕێکخراوە ناونووسی کردوون، ژمارەیان لە هەزاران و چەند سەد هەزار کەسێك تێ ناپەڕێ، کەچی ئەم میلەتە سەروو ٤٠ ملیۆنییە بە گوێرەی ڕێکخراوەکە، لە هەموویان زیاتر هەڕەشەی لەناوچوونی لەسەرە. بەدەست خۆم نییە، هەر جار چالاکی ئەو ڕێکخراوە لەسەر کورد دەبینم، وەك ورچی پاندا و فیلی ئەفەریقایی دێتە بەرچاوم، ئاخر ئەوانیش هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە و لە جیهاندا تەنیا چەند سەد دانەیەکیان لێ ماون. ئەو دوو دەعبایە، لەلایەن دەیان وڵاتی زلهێزەوە هەوڵ دەدرێت لە گۆی زەوی بمێننەوە، ئێمەش بە پێچەوانەوە.

کەرکووك شارێکی کوردستانییە؟ تۆ نا، با کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەڵامت بداتەوە! هەموو جیهان بە شارێکی فرە نەتەوەیی دەزانێ و پشکی شێر نەدراوە نە بە کورد و نە بە عەرەب و تورکمان لەو شارە. ١٠ ساڵی تر ئەو پرسیارە دەکرێتەوە، باکووری عێراق کوردستانییە؟ تۆ هەر بڵێ نەخێر باشووری کوردستانە و ئیشەڵڵا دەبینە سەربەخۆ، نزیکی دوو ملیۆن ئاوارەی ئێستە و ملیۆنێکی تر کە بڕیارە لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی مووسڵ بێنە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی کورد لەم باکووری عێراقە دەکاتە ٦٠٪. دوو ڕۆژی تر بەپێی هەڵبژاردن، ئەندامی پەرلەمان، ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانییان دەبێ و بەڕێوەبەری شارەوانیی شەقڵاوە و هەریریش هەر بۆ ئەوانە.

چی تورکیای لە لایەنێکی سەرەکیی هاوپەیمانیی سونە کە بووبووە بەردەباز بۆ پەڕینەوەی داعش، گۆڕی بۆ ئەو پێوەندییە بەهێزە کە ئەردۆگان بە داوای لێخۆشبوونەوە ڕووی کردە پۆتین، ئایا مەترسی کۆدەتایەکی تر بوو؟ ئایا لە ترسی داعش بوو؟ یان تۆقین بوو لە دروستبوونی هەرێمێکی تر بۆ کوردستان لە ڕۆژئاوادا؟ ئاخر بە دروستبوونی هەرێمێکی تر بۆ کورد واتە بە درێژایی ٩٤٠ کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ دوو پارچەی کوردستان دەبێ، کە هەلێکیشە بۆ باکوور کە دەتوان هاوکاری لەم پارچانە وەربگرنَ و لە تەقینەوەیەکی سیاسیی یان دۆخێکی سەربازیدا، ڕەنگە ئەوانیش پێگە و جیۆگرافیای خۆیان دیاریی بکەن. ئەردۆغان هەموو سازشەکانی بۆ ئەمانە کرد.

ئێران ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ بۆ ئەوەی مەترسیی بەهێزبوونی کورد بداتەوە بە گوێی تورکیا، عێراق و سووریادا. نیوەی ئەو مافانەی هەر پارچەیەکی تری کوردستان پێی گەیشتوون، ئامادە نییە بیدات

بـە کوردانـی ژێردەسـتی خـۆی، ئـەو زوو لـەوە تێگەیشـتووە کـە مەحاڵـە ئاسـانکاری لەگـەڵ کـورد، وا خەریکـە بـە گوێـی ئەسـەد و عەبـادی و ئەردۆغانیـدا دەچرپێنـێ.

ئێسـتە بەشـار ئەسـەد، هاوپەیمانـە کاتییەکـەی پەیـەدە، بـاش بـۆی روون کراوەتـەوە پێدانـی کەمتریـن مـاف بـە کـورد، هەنگاوێکـە دەبـێ بەدوایـدا مـاف بـە سـونەی وڵاتەکەیشـی بـدات کـە زۆرینـەن. لـەوە ئاگـەدارە، نزیکبوونـەوەی زیاتـر لـە پەکەکـە، ئەگەرچـی پیلانێکـی کاتیـی ڕووسـیا بـووە، دوورکەوتنەوەیـە لـە دراوسـێ و هاوپەیمانە سـەرەکییەکانی، بۆیـە ڕێگـە بـە ئێـران دەدات لـە ڕێـی فڕۆکەخانەکانییـەوە هێرشـی ئاسـمانیی ڕووس بکرێتـە سـەر وڵاتەکـەی کـە ئامانـج تێیـدا پێـش داعـش، لێدانـە لـە شـەڕڤانی کـورد، لـە کاتێکـدا شـکاندنی هەمـوو ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتییەکانـە، شـکاندنی دەسـتووری ئێرانـە، داخسـتنی گەشـتە ئاسـمانییەکانی فڕۆکەخانـەی سـلێمانییە تـا ئـەو فڕۆکـە و مووشـەکانەی لـە هەمەدانـەوە بەسـەر ئـەو ئاسـمانەدا تـێ دەپـەڕن و بـرا کوردەکانمـان دەکـوژن.

کۆنەقیـن و شـەڕێکی ئەزەلیـی نەتەوەییـە، عـەرەب و فـارس و تـورك لەگـەڵ کـوردی دەکـەن و دوو زلهێزەکـەی جیهانیش (ئەمەریکا و ڕووسـیا)، بـێ بـاك لـەوەی چەنـد دەکـوژرێ و کـێ دەکـوژرێ، چاوەڕێـن لـە کۆتاییی ئـەم خوێنڕشـتنەدا (بـۆ ئـەوان تەنیـا لـە بینینـی زۆرانبازییەکـی ئـازاد دەچـێ لـە نێـو گرتووخانـەکان کـە ملیاردێـرە ئەمەریکایـی و ڕووسـییەکان قومـاری لەسـەر دەکـەن)، کـێ پاڵـەوان مایـەوە، لەگـەڵ ئـەو بمێننـەوە، ئیـدی ئـەو هێـزە هەرکـێ بێـت.

هەمـوو ئـەو پیلانانـە، نیوەیەتـی، نیوەکـەی تـر بریتییـە لـەوەی چـۆن بتوانـن ناوماڵـی کـورد بشـێوێنن و بیـر لـە یـەك هەڵوێسـتی و یـەك دەنگی

نەکەنـەوە و هـەر کـەس کـە کـرا بـە بـرا گـەورە و سـەرۆك، بـە جـۆران شـێوە لێـی بـدەن، نەبـادا ئـەو سـەرۆکە خەونێکـی لـە مێژینـەی کـورد بێنێتـە دی. پارتـی و گـۆڕان نـا تەبـان، یەکێتـی و حیزبەکانـی ڕۆژهـەڵات نـا تەبـان، تەڤـدەم و ئەنەکەسـە نـا تەبان، پارتـی و پەیـەدە نا تەبـان، پەکەکە و دیموکـرات نـا تەبـان، دیموکـرات و کۆمەڵـە نـا تەبـان، باڵـی قەریـلان و باڵـی جەمیـل بایـك نـا تەبـان، باڵـی دەسترۆیشـتووی یەکێتـی و باڵـی بەرهـەم سـاڵح نـا تەبـان، ئەمـە لەخـۆوە نەهاتـووە، پیلانگێـڕی هەموویانـە و قۆسـتنەوەی ئـەو ڤایرۆسـە لەمێژینـەی کـوردە کـە نـا تەبایـە لەگـەڵ یەکـدی. ئێمـە نیشـتمانێکی پیـلان بـۆ داڕێـژراو و گەلێکـی هەڵوەشـاوین.

# بۆ پیرمام، سلێمانی لە واشنتن نزیکترە

لە دوا پەیامیدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕاشکاوانەتر لە هەر جارێکی دی، خاڵی خستە سەر ئەو پیتەی لە کورد عاسی بووە و خەونی پێوە دەبینێ و ئیدی مانەوە لەم دۆخەی ئێستەدا، بەوپەڕی شوورەیی دانا، ئاخر لای بارزانی، پاشکۆبوون، شوورەییە. بۆیە داوایەکی بە پەلەی کرد، پێشەکی داواکەشی بە «بەیەکەوە بڕیارێکی هاوبەش» دەست پێ کرد، چونکە هەمیشە لە بەیەکەوەبووندا، بڕیاری هاوبەش دروست دەبێت.

ئەوەتا بۆ جارەی چەندەم، ڕەنگە هێندەی ژمارەی خوێنی شەهیدان بێ، دەرکەوت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، تەنیا دان بە حکوومەتە فەرمییەکاندا دەنێ و لەبەر خاتری بەرژەوەندییە باڵاکانیان، ئامادە نین بە چاوی سۆزەوە لە میلەتێك بڕوانن، هەرچەند خۆی بە ستەملێکراو بزانێ. تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی بوونی خۆت بسەلمێنێ،

دەبێ بە یەك پێگە و قەوارەوە، بە یەك نوێنەرایەتی، لەسەر مێزی یاریکەرە گەورەکانی جیهان دابنیشین و ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکان بکەین لەگەڵیاندا. ئەو بەرژەوەندیانە، هەرچەند بۆ ئێمە خەونی دێرین بێت، دەبێ وا نیشانیان بدەین، بۆ ئەوانیش سەفقەیەکی خێر نەبڕاوەیە.

سەرۆکایەتی، بە بەخشندەییەوە دەبێتە مێژوویی. ئەگەر ململانێکانی شەڕی ناوخۆ و پێش و دوای شەڕی ناوخۆش تەماشا بکەین، هەمیشە ئەو کاتە گەیشتوونەتە چارەسەر، کە بارزانی و تاڵەبانی، بەوپەڕی لەخۆبووردەییەوە، هەنگاویان بەرەو یەکدی ناوە. ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتیش، بە لێبوردەیی دروست بوو، نەك هیچیتر. ئێستە کە تاڵەبانی لە مەیدانەکە دوور کەوتووەتەوە، تەرازوو تا ڕادەیەك شێواوە. بارزانی دەتوانێ بەو لێبوردەییەی لە ڕاپەڕیندا بەکاری هێنا، بە بەخشندەییەکی زیاتر لە ڕێککەوتنی شەڕی ناوخۆ، دەتوانێ تەنیا خۆی هەموو گرێکان بکاتەوە، ئاخر بۆیە زیاتر، چونکە ئێستە ئەو لە جیاتی تاڵەبانیش براگەورەیی دەکا.

بارزانی دەتوانێ ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕانیش بە باشی بقۆزێتەوە. ئەو کە خۆی بە هەڵگری مەشخەڵی سەربەخۆیی دەزانێ، چی لەوە باشترە، ئێستە بۆ یەکڕیزی، بە جارێ نوێنەرایەتی دوو حیزبی سەرەکی کوردستان بخاتە ژێر ئەو قسەیەی خۆی: «بەیەکەوە بڕیارێکی هاوبەش» بدەن و چیدی پاشکۆیی قبووڵ نەکرێ و بۆ عێراق و هەموو جیهانی نیشان بدەن، کە کورد «سەروەری» هەڵدەبژێرێ.

# خاڵی هاوبەش

مەغدیـد هاوڕێیەکـی هەیـە نـاوی عومـەرە، خەڵکـی شـاری ئەنبـارە، عەرەبـە، قوتابیـی زانکـۆی جیهانـە. لـە کاتێکـدا عومـەر و مەغدیـد لـە یەکێـك لـە قاوەخانەکانـی ئیسـکان دانیشـتبوون، تەلەفۆنێـك بـۆ عومـەر هـات، نێرگەلەکـەی دایـە دەسـت مەغدیـد و مۆبایلەکـەی هەڵگـرت: بەڵـێ، هـەر لـە شـوێنەکەی جـاری پێشـوو، ئائـا، ئەویـش بێنـە. ڕووی کـردە مەغدیـد، ئـەوە عەبباسـە، خـۆی و هاوڕێیەکـی ئێسـتە دێنـە ئێـرە.

مەغدیـد، گەنجێکـی شـاری هەولێـرە، پارتییـە، قوتابیـی کۆلێژی یاسـایە، سـەیری درامـای تورکـی دەکات و گـوێ لـە گۆرانیـی تورکـی دەگـرێ. جارجـار بـۆ گەشـت دەچێـت بـۆ لوبنـان.

پـاش کەمێـك عەببـاس گەیشـت، بەهـۆی عومـەرەوە، ناسـیاویی لەگەڵ مەغدیدیـش پەیـدا کـردووە، هاوڕێیەکیشـی لەگـەڵ بـوو بـە نـاوی جـەزا، ئەویشـی پـێ ناسـاندن و دانیشـتن، داوای نێرگەلەیەکـی جووتسـێویان بـۆ

هەردووکیـان کـرد و دەسـتیان بـە گفتوگـۆ کـرد.

جــەزا، گەنجێکــی شــاری ســلێمانییە، گۆڕانــە، قوتابیــی کۆلێــژی ئەدەبیاتـە، سـەیری درامـای فارسـی دەکات، گـوێ لـە گۆرانیـی عەرەبـی دەگـرێ، جـار جاریـش بـۆ گەشـت دەچێتـە ئێـران.

دەسـتیان کـرد بـە قسـە، هەڵبـەت وەك دانیشـتنی هەمـوو کۆمەڵـە گەنجێکـی تـر، دەسـت کـرا بـە باسـی سیاسـی و دۆخـی عێـراق. عەببـاس کـە خەڵکـی نەجەفـە و شـیعەیە، گوتـی گرنـگ ئەوەیـە ئێمـە هەموومـان موسـڵمانین، دەبـێ بـەو چـاوە سـەیر بکەیـن.

گفتوگـۆ چـڕ بـووەوە بـۆ سـەر دۆخـی سیاسـیی کوردسـتان، مەغدیـد و جـەزا دەسـتیان بـە گفتوگـۆ و چەلەحانـێ کـرد و وردە وردە عەببـاس و عومـەر بێدەنـگ بـوون. جـەزا لەبەرچـاو ئـەو دوانـە، هەمـوو نەهامەتییەکـی کوردسـتانی بـۆ پارتـی گەڕانـدەوە، ئینجـا تێـر گاڵتـەی بـە شـاری هەولێـر کـرد کـە خەڵکەکـەی لەسـەر ئـەو پارتییـە ڕانابـن کـە بـە پێـی بنەماکانـی ئـەم شـایەنی لێڕابوونـە. هەڵبـەت مەغدیدیـش بێدەنـگ نەبـوو، گوتـی شـاری خـۆت جوانـە، هەتـا یەکێتـی کاولـی کـرد کـردی، دوایـی ئێـوە بـە نـاوی گۆڕانـەوە ئەوەنـدەی تـر تێکتـان دا و بوونـە هـۆی ڕاگرتنـی بەشـێکی زۆر لـە قۆناغبڕینەکانـی هەرێمـی کوردسـتان.

مەغدیـد کێشـەی لەگـەڵ عومـەر و عەبباس نییـە، چونکـە وەك گوتیان، گرنـگ ئەوەیـە هەموویـان موسـڵنانن، ئەمـە جیـا لـەوەی ئەوانیـش وەك سـەیری درامـای تورکـی دەکـەن و حەزیـان لـە هەمـان قاوەخانـە و جـۆرە تامـی نێرگەلەیـە.

جــەزا بــە هەمــان شــێوە، کێشــەی لەگــەڵ ئــەو دوو عەرەبــە نییــە، چونکـە جیـا لـە هاوبەشـیی ئایینـی، بەهـۆی گۆرانییـە عێراقییەکانـەوە

یـەك دەگـرن و لەگـەڵ عەبباسـیش چەنـد جارێـك گەشـتیان بـۆ شـومالی ئێـران کـردووە.

دوای ماوەیــەك گفتوگــۆ، جــەزا دانیشــتنەکەی بەجــێ هێشــت و بــە تورەیــی ڕۆیشــت، مەغدیدیــش بــە مــۆڕەوە ڕووی لــە عومــەر کــرد، جارێکــی تــر ئــەو جــۆرە کەســانە بێنیتــە ئێــرە نایــەم لەگەڵتــا. عەببــاس داوای لێبوردنــی کــرد، گوتــی کاکــە خەتــای مــن بــوو، (بــە پێکەنینێکــی گاڵتەپێکردنــەوە): نەمدەزانــی جەماعەتــی گۆڕانــە.

مەغدیـد و جـەزا، هیـچ خاڵێکـی هاوبەشـیان نییـە، گاڵتـە بـە شـار و حیزبـی یـەك دەکـەن، گاڵتەیـان لـە سـەلیقەی هونـەری و جـۆری گەشـتی یەکـتر دێ. بـەڵام ئەگـەر بیریـان بکردایەتـەوە، ئـەوان کـوردن، خەڵکـی کوردسـتانن، بـە دەسـت عەرەبـەوە وڵاتەکەیـان ئەنفـال کـراوە، هەمـان کولتــوور و فەرهەنگیــان هەیــە، هەرگیــز لەبەرچــاو ئــەو دوو عەرەبــە خۆیــان ســووك نەدەکــرد. بەڵکــوو خاڵــە هاوبەشــەکانی خۆیــان چــڕ دەکـردەوە.

ئەمەیـە پێـی دەگوتـرێ داماڵینـی هەسـتی نەتەوایەتـی لـە جڤاتـی کـورددا.

ئەم تابلۆیەی دروستم کرد، نزیکە لە دۆخی ڕاستی.

### کوڕەکەی هەژار موکریانی:

## بابە هیچمان ڕاست نەبووین

ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول، لە ڕۆژێکی مێژوویی بێ وێنەی کورددا، خەڵکی هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانیان ئەنجام دا، بە زۆرینەیەکی فراوان دەنگیان بە جیابوونەوە لە عێراق و سەربەخۆیی دا، ئەمەش جۆش و خرۆشی هەموو خەڵکی جووڵاند، بە تایبەتی ڕۆشنبیران و شاعیران. شێرکۆ هەژار، بەوە ناسراوە کە بۆچوونەکانی دژی باوکین و شێوازی بیرکردنەوەی جیایە، بۆیە لە نامەیەکی ئاوادا کە بۆ هەژار موکریانی شاعیری ناسراوی گەلی کوردی ناردووە، بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە. بۆ ئەوەی پەیامی نامەکە بە تەواوی بگات، دەقەکەی وەك خۆی دامناوە:

**هـەژار. ئێسـتە بـۆ جـاری یەکـەم بـۆت دەگریـم، بەڕاسـتی بـۆت دەگریـم**

هـەژار کـە مردیـت، تـۆ چەنـدە دەکـرا بـە مردنـی مـن بگریایتـەوە، منیـش هـەر ئەوەنـدە بـە مردنـی تـۆ گریـام. خـوا دەزانێـت مێشیشـم میـوان نەبـوو و قەتیـش پێـم وانەبـوو ڕۆژێـك دەهـات بـۆت بگریامایـە. جـا بزانـە! کەچـی ئێسـتە دانیشـتووم بـۆت دەگریـم، بەڕاسـتی بـۆت دەگریـم و دەڵێـم ئـاخ هـەژار یـەك لەحـزە ئەمـەت بـە چـاوی خـۆت بدیتایـە چـۆن کوردسـتان ژیاوەتـەوە: کـورد لـە باشـوور ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی دەکات و مهابـاد، سـنە، سـەقز، بـۆکان، بانـە، مەریـوان، خانێ و قامیشـلی، هەمـووی لەگەڵیـدا بێبـاك بـە دڕندەیـی ئیسـتیعمار هـاوار لـە هەمـوو دونیـا دەکات: مـن کـوردم و سـەربەخۆییم دەوێـت. ئـای هـەژار ئەگـەر ئەمـەت بدیتایـە.

شـتێکی تریـش هـەژار، تـۆ دەتگـوت: ڕۆیشـتنی مسـتەفا بارزانـی بەتاڵاییـەك دروسـت دەکات، بـە هیـچ کام لـە کوڕەکانـی پـڕ نابێتـەوە، وابـوو یـان نـا؟ منیـش هـاوڕات بـووم و دەمگـوت: تەبیعی، کـەس ناتوانێت ئـەو بەتاڵاییـە پـڕ بکاتـەوە. بـەڵام بـاوەڕم پـێ بکـە هـەژار، هەردووکـمان هەڵـە بوویـن، وا هەمـان مسـتەفا بارزانـی بـە پەیامـی نەتـەوەی کـورد ڕوو لـە هەمـوو جیهـان دەکات، بـەڵام نـاوی خـۆی کـردووە بـە مەسـعوود بارزانـی.

مەسـعوود بارزانـی ئـەو بەتاڵاییـەی پـڕ کردووەتـەوە و بـە زیادیشـەوە هـەژار، خۆزیـا دەتتوانـی لەحزەیـەك ئەمـە ببینیـت هـەژار، سـەد حەیـف کـە ئەمـەت بـە نەسیب نەبـوو. ئـەم چانسـە بـەر مـن کـەوت نـەك تـۆ، نازانـم بـاوەڕم پـێ دەکەیـت یـان نـا، خـۆ تـۆ دەزانیـت مـن قـەت جگـە لـە قەناعەتـی دڵ و مێشـکی خـۆم منەتـم نـە بـە ئـەرز هەبـووە و نـە

بــە ئاســمان، ئێســتەش هەمــان شــتم، ئــەوە ئیــتر مەعدەنــی منــە خــۆ بەدەســت خــۆم نییــە، دە بــاوەڕم پــێ بکــە، بەهەمــان ئــەو رووحەمــەوە کــە دەیناسـیت.

لــە قووڵایــی دڵمــەوە ئێســتا دەڵێــم: خۆزیــا ســەد خۆزیــا مــن لەجیاتـی تـۆ بمردمایـە، تـا تـۆ لەجیاتـی مـن ئەمـڕۆ ئەمـەت بدیتایـە و لـە هەڵپەڕینـی شـادیی نەتەوەکەتـدا بوویتایـە. دەزانـم دەبـوو ئەمـە لەپێشـدا بـۆ تـۆ بوایـە هـەژار.

هــەژار. ئێســتە بــۆ جــاری یەکــەم بــۆت دەگریــم، بەڕاســتی بــۆت دەگریــم .

# مەیموون نیم، دەوڵەتم دەوێ

«ئەوە گرنگ نییە لە بنەچەدا مەیموون بووبیت یان نا، گرنگ ئەوەیە جارێکی تر نەبیتەوە بە مەیموون»
ریچارد فاگنەر

ئـەوە ڕازیبوونـە بـە دۆخـی مەیموونبوونەکـەی داروێـن، کـە هەڵمـان هەبـێ تـەواوی بنەماکانـی مرۆڤبووغـان تێـدا بێـت و ڕەتـی بکەینـەوە. بـەلای هیگڵـەوە، کۆمەڵگەیـەك لـە چوارچێوەیەکـدا وەك دەوڵـەت، نەتوانـن خۆیـان بژێنـن، گرفـت لـە بنەمـای مرۆڤبوونیشـیان هەیـە.

ئیـبن خەلـدوون، لـە موقەدیمەکەیـدا، گاڵتـە بـە ئەقڵـی خێڵەکیـی عـەرەب دەکات، کـە بڕوایـان بـە مەدەنیبـوون و دەوڵەتـداری نییـە، ئەگـەر هەشـیان بـێ، لەسـەر بنەمـای کاولـکاری و پلیشـانەوەی نەتەوەکانـی تـر ئەنجامـی دەدەن. پرسـیارێك، تـۆ بڵێـی ئێمـە لـەو مەخلوقانـە باشـتر نەتوانیـن دەوڵەتـداری بکەیـن؟ ئەگـەر حوکمـی ٢٦ سـاڵی ڕابـردووی کوردسـتان تەماشـا بکـەی، وێـڕای ئـەو هەمـوو گەندەڵـی و تاڵانـی و نـا عەدالەتییـە، لـە نـاو بازنـەی وڵاتانـی عـەرەب بیپێـوی، لـە پێشـی بەلایەنـی کەمـەوە، ١٤ دەوڵەتیـن.

ئەفلاتــوون دەڵــێ، تاکــەکان هەرچەنــد بەهێــز بــن، ئەگــەر پێکــەوە نەبـن، لـە دەرەوەی چوارچێـوەی دەوڵـەت، لاوازن. ئامانجـی دەوڵـەت لای ئەرسـتۆ، بەخشـینەوەی چاکـەی باڵایـە، ئەمـەش بـە تـاك ناکـرێ. ژان ژاك ڕۆسـۆ، نموونـەی دەوڵـەت بـە نموونـەی خێـزان دەهێنێتـەوە کـە کۆنتریـن پێکەوەژیانــە لــە مرۆڤایەتیــدا، هــەر بۆیــە لای ئــەو و هۆبــز و لــۆك، ســەرۆك هەمـان واتـای باوکـی هەیـە.

چەنــدان فیلمــی خەیاڵــی زانســتی لەســەر شۆڕشــی مەیموونــەکان کــراوە، جەخــت لــەوە دەکەنــەوە، ڕۆژێــك دێــت و مەیموونــەکان ژێردەسـتەیی مـرۆڤ قبـووڵ ناکـەن و یـەك دەگـرن. خاڵـی لاوازی ئـەوان، ئــەوە نییــە کــە ناتوانــن قســە بکــەن، ئەوەیــە کــە ناتوانــن یەکگرتــوو بــن، ڕابەرێـك بۆخۆیـان دروسـت بکـەن. ئێمـە مەیمـوون نیـن، ئەگـەر پێـمان وایــە مرۆڤیــن، دەبــێ دەوڵەتمــان هەبــێ.

# ئێمە کێین؟

دەنگـی ئەمەریـکا (VOA) خەڵکـی شـاری قامیشـلۆی لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان دوانـدووە و یـەك پرسـیاری لـێ کـردوون، بۆچوونتـان لەسـەر ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان چییـە؟ هەمـوو بەشـداربووی ڕیپۆرتاژەکـە بـە هیـواوە لێـی دەڕوانـن و خۆیانـی لـێ دەبیننـەوە، بـە هاتنـەدی خـەون نـاوی دەبـەن و ڕوویـان بـە زەردەخەنەیـە، تەنیا لەبـەر ئـەوەی پرسـیاریان لەسـەر سـەربەخۆبوون لـێ دەکـرێ. چـۆن وا نابـن، هێشـتا پرسـیارەکەی دائیـرەی نفوسـیان بیـر مـاوە، کـە لـە «جگەرخوێـن»ی کـرد و پێـی گـوت تـۆ کێـی، ئەویـش بـە شـاکارە شـیعرێك وەڵامـی دونیـای دایـەوە «کیمـە ئـەز» و دواتـر شـڤان پـەروەر بـە شـاگۆرانییەك کـردی بـە «کینـە ئـەم؟»، بەڵـێ ئێمـە کێیـن؟ ئێمـە هـەزار سـاڵ هەرێمێکـی سـەر بـە عێـراق بیـن، هـەر دەبـێ لەخۆمـان بپرسـین ئێمـە کێیـن، ئێمـە بـێ ناوونیشـانین. ئـەو پرسـیارەی دەنگـی ئەمەریـکا، ئەگـەر ڕێگەیـان پـێ

بـدرێ و لـە مەهابادیـش بکـرێ، بـە هەمـان دڵـی پـڕ لـە خوێنـەوە و بـە گەشـبینییەوە دەڕواننـە ڕیفراندۆمەکـەی هەرێمـی کوردسـتان و بـە واریسـی قازیـمان دەزانـن، کەچـی ئێمـە هێشـتا گومانمـان هەیـە لـەوەی بچیـن یـان نەچیـن، بڵێیـن بەڵـێ یـان نەخێـر؟

لـە سـاڵی ٢٠١٣ لـە شـاری ماردیـن ڕاپرسـییەکم لـە نـاو خەڵکـی ئـەو شـارە کـرد، لێـم پرسـین، ڕاتـان لەسـەر حکوومەتـی باشـووری کوردسـتان چییـە؟ چـۆن دەمانبینـن و چەنـد پرسـیارێکی دی کـە هێشـتا بیـرم ناچنـەوە. لـەو کاتـەدا، مەدالیایەکـم بـە دەسـتەوە بـوو کـە ئـاڵای کوردسـتانی بەسـەرەوە بـوو، لـە خانمێکـی پیـرم پرسـی، ئەمـە چییـە دایـە؟ لـە دەسـتمی گـرت و چـاوی پـڕ بـوو لـە ئـاو، گوتـی ئەمـە هیوایـە، ئەمـە داهاتـووە، نیشـانەی گەڕانـەوەی شـکۆیە. منیـش لەگـەڵ قسـەکانی ئـەو خانمـە مەزنـە، چـاوم پـڕ بـوو، هەسـتمی بـە تـەواوی بزوانـد.

کێشـەی ئێمـەی کـورد ئەوەیـە، زۆر جـار لەبـەر قەیرانێکـی کاتـی، خۆمـان لەبیـر دوەچێتـەوە کـە لـە مێژووماندا چیـمان بەسـەر هاتـووە تەنیا لەبـەر ئـەوەی کوردیـن و چیـمان لەدەسـت داوە تەنیـا بـۆ ئـەوەی بمێنیـن!

ئـەو کاتـە، هیـوادار بـووم دەنگـی ئەمەریـکا ئـەو ڕیپۆرتـاژە لـە شـارەکانی باشـووری کوردسـتان نـەکات، هیـوادار بـووم ئـەو پرسـیارە لـە شـاندی کـورد بـۆ لای مالیکـی و عەبـادی نـەکات. دووەم کۆمەڵـێ مشـەخۆرن، بـەڵام خەفـەت بـۆ شـارەکەی شـێخ مەحمـوودە بـۆ نموونـە، ئـەو بـە بریتانیـای عوزمـای گـوت بەڵـێ بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان و نەخێـر بـۆ بەشـێکبوون لـە عێـراق، ئێسـتە هەنـدێ چەقـەڵ، کاریگەرییـان دروسـت کـردووە، هەمـان نـەوەی ئـەو مشـەخۆرانەن کـە کاتـی خـۆی لـە شـێخیان تێـك دا، دەیانـەوێ ئێمـە دیسـان بـێ ناوونیشـان بیـن، نەبیـن، تـا هەیـن بپرسـین، ئێمـە کێیـن؟

# با سوود لە پیلانەکانی مالیکی بکەین

لە وتارێکدا لە ژێر ناوونیشانی: بۆچی سەرۆکی تازەی ئەمەریکا پێویستە عێراق دابەش بکات؟ «مارك فایفلی" کە سەردەمی جۆرج دەبلیوو بوش ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی بووە، لە ڕۆژنامەی «تایم»ی ئەمەریکیدا نووسیویەتی، ئەو پێشنیازەی کە پێش ١٠ ساڵ «جۆ بایدن» بە دابەشبوونی عێراق بۆ سێ پارچە کردی، دەبێ سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا جێبەجێی بکات، ئەوەش بەسە «ترەمپ» بکات بە سەرۆکی مێژوویی، «هیلاری»یش کە پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٢ دەنگی بۆ لێدانی عێراق دا، ئەگەر ببوایە بە سەرۆك، بەم بڕیارە، پاساوی بۆ دەنگدانەکەی پێشووی دەهێنایەوە.

هەموو ئەمەریکایی و ڕۆژئاواییەکی پسپۆڕ، باش لەوە گەیشتوون کە سەرباری شەڕی داعش و تەنگژەکانی کوردستان بەهۆی مانەوەی لەگەڵ عێراق، ئەوە ئێرانە کە نایەڵێ نەخشەی عێراق بێتە گۆڕین،

چونکــە خەونیــان ئەوەیــە، ســوپای پاســداران و بەســیج، بەبــێ هیــچ ڕێگرییــەك لــە «تــاران»ەوە تــا «بەیــرووت» پیاســە بکــەن.

ســەربەخۆیی کوردســتان، هەنــگاوە بــۆ گۆڕینــی نەخشــەی ســونە لــە عێــراق (ڕەنگــە ناوچــە ســونەکانی عێــراق و ســووریا پێکــەوە)، بەپێچەوانەیشــەوە، دیاریکردنــی ســنووری ســونەش، هەنگاوەکانــی کوردســتان بــەرەو پێــش دەبــات، بۆیــە وڵاتــە ســونەکان بــە بایەخــەوە ڕوانییانــە چاوپێکەوتنەکــەی مــەسروور بارزانــی ڕاوێــژکاری ئەنجوومەنــی ئاسایشــی هەرێمــی کوردســتان لەگــەڵ «ڕۆیتــەرز»، کاتێــك گوتــی: ســەلمێنرا کــە فیدراڵــی چارەســەر نییــە بــۆ عێــراق، پێویســتە بەســەر ســێ پارچــە دابــەش بکــرێ، چونکــە بــێ متمانەیــی پێکهاتەکانــی عێــراق بــە یەکــتری، وای کــردووە ئەســتەم بێــت لەژێــر یــەك بنمیچــدا کۆببنــەوە.

ڕاوێــژکاری ئەنجومەنــی ئاسایشــی کوردســتان و ڕاوێــژکاری پێشــووی ئاسایشــی نیشــتمانی ئەمەریــکا، هــاوڕان کــە پەراوێزخســتنی ســونە لەلایەن دەســەڵاتی شــیعەوە، هــۆی هاتنــی داعــش بــوون بــۆ ناوچەکــە.

بەتــەواوی دەســتێوەردانی ئێــران بەســەر دۆخــی ناوخــۆی هەرێمــی کوردســتاندا ڕوونــە، ڕۆژ نییــە ســەردانەکانی ئیــدارەی ســلێمانی (یەکێتــی-گــۆڕان) لــە هەواڵەکانــدا نەبینیــن لەگــەڵ کۆمــاری ئیســلامیدا، وەك چــۆن هەرگیــز هەواڵــی لــە ســێدارەدانی کوردانــی ڕۆژهــەڵات و چالاکیــی پێشــمەرگەکانیان لــە ڕاگەیاندنــی ئــەو دەڤــەرە نابینیــن، کەواتــە بــە شــێوەکی لــێ هاتــووە، هەرگیــز ئاســان نییــە مەســعوود بارزانــی ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان ســەربەخۆیی ڕا بگەیەنــێ و سلێمانیشــی پێــوە بێــت، ئاخــر ئێــران وەك پێشــتر گوتمــان، ڕێگەکــەی کــە تــا بەیــرووت دروســتی دەکات، قبووڵــی نــاکات کــورد لێــی بشــێوێنێ.

لــەو ماوەیــەی مالیکــی ســەرۆك وەزیرانــی عێــراق بــوو، توانــی بــە

یەکسانی هەم هاوپەیمانی ئەمەریکا بێت، هەم ئێران. ئەمەریکییەکان دۆستایەتی ئەویان پێش کورد خست. ئێرانییەکانیش خستیانە پێش «سەدر» و «حەکیم» و تەنانەت «سستانی»ش. با بزانین ئەوە چی بوو کردی؟ توانی بە جارێ زلهێزی ناوچەکە و زلهێزانی جیهان ڕازی بکات، چەك لە ڕووسیا بکڕێ بەو پارەیەی لە فرۆشتنی نەوت بە ئەمەریکا دەستی دەکەوێ، با سیاسییە ستراتیژییەکانمان خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ بکەن، کوردستان بە پێکەوە ڕازیکردنی ئێران و ئەمەریکا نەبێ، ڕەنگە سەربەخۆیی نەبینێ.

# لە تەنگژەوە، ورە لەدایك دەبێ

مارسـێل پرۆسـت، ڕۆماننووسـی هـەرە نـاسراوی فڕەنسـی دەڵـێ: هەرگیـز لـەو قەیرانـەی هاتووەتـە سـەرمان دەربـاز نابیـن، تـا نەگەینـە کۆتاییەکـەی و پێـی وایـە، ئـاوەز لـە دوای تەنگـژەوە گەشـە دەکات. ئەمـەش بۆچوونێکـی نامـۆ نەبـوو، هەمیشـە مەزنـەکان بـەو شـێوەیە لـە دۆخـە دژوارەکانیـان ڕوانیـوە. هێـنری کیسـنجەر، کەسـایەتیی سیاسـیی بەناوبانگـی ئەمەریکـی دەیگـوت: لـە قەیرانـە یەکلاکەرەوەکانـدا، ئـەوەی زۆرتـر سەرکێشـی دەکات، نزیکـی هەمیشـە، لـە تەناهیـی باشـتردا دەبـێ، ئاخـر لێـرەدا ئازایەتـی و زاڵبـوون و لێهاتوویـی ئـاوەز پێکـەوە دەردەکەون.

ئـەو داخزانـەی لـە دوای بەهـاری کـورد لـە ساڵی ١٩٩١ـەوە بەهـۆی چاوچنۆکـی و تێرنەخواردنـی بەنـاو نەتەوەییـەکان لـە فەرهـوودی عەمـوودەوە تـا لێدانـی بۆریـی نـەوت، بەسـەر ئینتیمانـی هاووڵاتییـان هێنـا، ئـەو بـێ ورەییـەی ئـەوان لـە پێنـاو تێرکردنـی حەزەکانیـان تووشـیان

کردیـن، هـۆکاری یەکەمـی خیانەتـی ١٦ی ئۆکتۆبـەر بـوون، بـەڵام وەك جەماڵەدینـی ئەفغانـی دەڵـێ: لـە تەنگـژەوە، ورە لەدایـك دەبـێ.

قەیرانەکانمـان گەیشـتوونەتە لوتکـە و کاتـی لەدایکبوونـی ورەیەکـی نوێیـە، سـەربەرزی، سـەروەری، سـەربەخۆیی و سـەرفرازیی هەمـوو، بخاتە پێـش دەوڵەمەندبوونێکـی سەرشـۆڕیی تـاك و ڕێگـە بـە بەردەوامیـی ئـەم زەلیلبوونـەی ئێسـتەمان نـەدات.

لـە زانسـتی بەڕێوەبردنـی تەنگژەکانـدا، هەمیشـە ئامـاژە بـەوە دەکرێ، دەبـێ لەگـەڵ پێنـج چەمکەکـەی تـر جیا بکرێتـەوە: ڕووداو، کێشـە، شـۆك، کارەسـات، ململانـێ و تـرازان. جیاوازیـی ئـەم تەنگژەیـەی ئێمـە لـە دوای ناپاکییەکـە لەوەدایـە، ناکـرێ لەگـەڵ ئـەو چەمکانـەدا جیـای بکەینـەوە و هەموویانـی پێـوە گـرێ دراوە. ئـەوە تـرازان و ململانـێ بـوون، کێشـەکانی بـەرز کـردەوە و تووشـی ئـەو ڕووداوەی کردیـن کـە کارەسـاتی مێژووییـە و هەمووومانـی شـۆك کـردوە.

ئێسـتە لـە هەمـوو کات زیاتـر پێویسـتیمان بـە سـەرکردەی ئاوێتـە لـە ئەبراهـام لینکـن و شـارل دیگـۆل هەیـە. لینکـن ئـەو دەسـتە دووبەرەکییـە ناوخۆیـەی دەیوسـت ئەمەریـکا پارچـە بـکات، بڕییـەوە. دیگـۆل شـکۆی سـەربەخۆییی فڕەنسـای لـە سـەردەمی زلهێزیـی نازییەکانـدا گەڕانـدەوە.

هەمـوو تەنگژەیـەك بـە دڵسـۆزی ئاقـڵ و بەهێـز و بڕیـاردەر تێپـەڕ دەبـێ. ئێسـتە لـە هـەر کات زیاتـر، پێویسـتیمان بـەو کەسـەیە.

# نازییەکانی کوردستان
# نەوەك ناگیرێن چەپڵەیان بۆ لێ دەدرێ

لـە ئەڵمانیـا سـزای نازیبـوون گرتنـە و لـە کوردسـتان بەعسـیبوون و مالیکیبـوون سـزای لەسـەر نییـە و ئەگـەری هەیـە ببـێ بـە پاڵەوانیـش.

لەوەتـەی جەنگـی یەکەمـی جیهانگـرەوە نەمـاوە، کۆتایـی بـە ڕێـڕەوی نازییـەکان هاتـووە، بـەڵام هێشـتا کەسـانێك دروشـمەکانی دەپارێـزن، لـە ئەڵمانیـا ئـەوەی بـۆ گاڵتەیـش دروشـمێکی نازییـەکان بـەرز بکاتـەوە سـزا دەدرێ، بـەڵام لـە کوردسـتان هێشـتا هیـچ یاسـایەك بـۆ سـزادانی پشـتیوانانی ناپاکـی دیـاری نەکـراوە.

لـە میدیـاکان بینیـمان، پۆلیسـی شـاری بەرلیـن پایتەختـی ئەڵمانیـا، دوو گەشـتیاری چینییـان لـە بـەردەم باڵەخانـەی «رایخسـتاگ»ی مێژووی گـرت، چونکـە لـە شـێوەی سـڵاوەکەی ئەدۆلفـت هیتلـەر، سڵاویان ڕووە و باڵەخانەکـە کـرد، داوای ٥٠٠ یۆرۆیـان لـێ کـردوون بـۆ هەریەکەیـان بـە مەرجـی ئـەوەی دووبـارەی نەکەنـەوە، ئـازاد کـران. ئەڵمانیـا ئەگەرچـی

وڵاتێکی دیموکراتییە، بەڵام ڕێگە نادات هیچ دروشم و پێڕەوێکی نایاسایی لە وڵاتەکەیدا بە ئازادی دەنگی بەرز بکاتەوە، چونکە دەچێتە ژێر شکاندنی هەستی قوربانییانی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییە، بۆیە ئەگەر ئەڵمانییەك بە دروشمێك لە دروشمەکانی هیتلەرەوە ببینرێ، ئەگەر تەمەنی سەرووی ١٨ساڵ بوو، سزاکەی گرتنە و ئەگەر خوار ئەو تەمەنە بێت باج لە دایك و باوکی دەسێنرێ. تەنانەت ئەگەر یاریزانێك لەناو یاریگەدا سڵاوێکی نازی بکات، ئیتر جارێکی تر بۆی نییە بچێتەوە ناو یاری.

ئەوەی نازییەکان لە سەردەمی پێش جەنگی جیهانی بە مرۆڤایەتییان کرد، دووبارەبوونەوەی مێژووی ڕژێمە دیکتاتۆری و دەسەڵاتە ستەمکارییەکانە لە دونیادا، پێش ئەوانیش سەدان ڕژێمی لەو جۆرە هەبوون و دوای ئەوانیش بەردەوام بوو، ئەوەی جێی سەرنجە، کەسانێك هەبن دوای خۆیان، خۆیان بە هەڵگری ئەو ڕێبازانە بزانن، بە ئاشکرا یان لەودیو پەردەوە کاری بۆ بکەن و خۆیشیان بە فریادڕەسی خەڵکی لە قەڵەم بدەن.

لە ناو گەلانی دونیادا کاتێك زۆرینەی گەل دژی ئەو ڕژێمە هەڵدەستێتەوە کە بووەتە مایەی چەوساندنەوە و پێشێلکردنی مافەکانیان، ئیتر شۆڕشی بەسەردا دەکەن، ئەوانەی پشتیوانیی ئەو ڕژێمەیان کردووە، لەلایەن دەسەڵاتی نوێوە بڕیاریان بۆ دەردەکرێ، ئەگەر بێت و دەستیان لە ڕشتنی خوێنی خەڵك هەبووبێ، بڕیاریان لەسەر دەردەکرێ و بەپێی جۆری تاوانەکانیان سزایان دەدرێ. لە باشووری کوردستان، دوای بەهاری ١٩٩١ کە وڵات لە دەست ڕژێمی بەعس ڕزگار کرا، بە هەزاران کەس کە تێوەگلابوون لە تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو ڕژێمە، لێخۆشبوونی گشتییان بۆ دەرکرا، ئەگەرچی بەڕای

بەشێك لەوانەی تووشی چەوسانەوە بوون، هەندێك لەو لێخۆشبووانە شایستەی سزا بوون، ئەمەش وای کرد جۆرێك لە سڵنەکردنەوە دروست بێت و تەنانەت ئەوانەی دوای ڕووخانی سەدامیش کە دەیانویست لە عێراق نزیك ببنەوە و زۆرجاریش دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان بووەن، سڵ نەکەنەوە.

مێژووی هەموو گەلان سەلماندوییەتی ئەگەر تەبایی ناوخۆیی دروست بێت و دادپەروەری لەناو خەڵکدا هەبێ، هەرگیز توێژێك دروست نابن کە پێوەندیی بە ڕژێمی ستەمکارەوە بکەن، لێرەدا هەندێ بەڵگەی مێژوویی باشووری کوردستان دەهێنینەوە کە لەگەڵ عێراق تووشی هاتووە:

- عەبدولکەریم قاسم سەرۆك وەزیرانی عێراق (١٩٥٨-١٩٦٣) سەرەتای چوونی بۆ دەسەڵات، هەوڵی دا لەگەڵ کورد پێوەندییەکانی باش بکات و کۆمەڵێ هیوای لەناو خەڵکدا دروست کرد، بەڵام کاتێك خۆی بەهێز کرد، دەستی بە هەڵوەشانەوەی پەیمانەکانی کرد، لەو کاتەدا کە خەباتگێڕانی کوردستان لە دژیدا هەستانەوە، کۆمەڵێکیش هەبوون کە گوتارەکانی ئەویان بەناو خەڵکدا بە پاکانەوە دەگێڕایەوە، وەك: دەرکردنی فەرمانبەرە کوردەکان و دانانی عەرەب لە شوێنیان، خەتای بەرهەڵستکارانە نایەڵن مامەڵەکان بە باشی بڕوات بەڕێوە، کێشەی ڕاوەستانی کارگەی شەکرەکەی سلێمانیش تەکنیکییە و زوو چاکی دەکەین، ئەو کوردانەی گیراون بەم زووانە بەردەبن، «ڕۆژنامەی خەبات» بە شێوەیەکی کاتی داخراوە ئەویش دەکەینەوە و زۆری تر.

- لە سەردەمی هەردوو سەرۆکی عێراق، عەبدولسەلام عارف و عەبدوڕەحمان عارف (١٩٦٦-١٩٦٨)، جیابوونەوەیەکی گەورە لە سەرکردایەتیی شۆڕشی گەورە دروست بوو، ئەوانەی جیا بوونەوە،

پێوەندییـان بـە ڕژێمــەوە کـرد و لەوێـوە پـارە و چەکیـان پـێ دەدرا.

- لـە سـەردەمی ڕژێمـی سـەدام حوسـێن (١٩٧٩-٢٠٠٣)، بـە لێشـاو خەڵکـی تۆقیـو لـە ڕژێمەکـە پاڵشـتییان لـێ کـرد و شـەڕیان دژی شۆڕشـی کـورد دەکـرد کـە بـە «جـاش» دەنـاسران و لەلایـەن سـەدامەوە بەپێـی پێگـە خێڵەکییەکـەی هەیانبـوو، بایەخیـان پـێ دەدرا و دەچوونـە دانیشـتنەکانییەوە و هەمیشـە بـە نـاوی گەلـی کـوردەوە قسـەیان بـۆ سـەرۆکەکەیان دەکـرد و کـە دەهاتنـەوە بـۆ کوردسـتان، بـە پـارەی باشـەوە دەهاتـن و هەمیشـە دەیانگـوت، ئەگـەر کـەس توخنـی سیاسـەت نەکەوێ، کـێ لـە حکوومـەت باشـترە بـۆ خەڵـك. کاتێکیـش گەلـی کـورد ڕاپەڕینـی دژی ئـەو ڕژێمـە کـرد، بـە هـەزاران لەوانـە لێخۆشـبوونیان بـۆ دەرچـوو، ئەوانـەش کـە دەسـتیان لـە خوێنـی خەڵکـدا هەبـوو، هـەر لـە بەغـدا مانـەوە و لەوێـوە هەوڵیـان دەدا خەڵـك هـان بـدەن بـۆ دژیایەتیکردنـی بـەرەی کوردسـتانی. لـە یەکێـك لـە دانیشـتنەکاندا کاتێـك بـە سـەدام حوسـێنیان دەگـوت میلەتـی کـورد چاوەڕێـی ئـەو ڕۆژەیـە بێتـەوە، ئەویـش گوتـی: «ئایـا لـە بەرژەوەندیـی گەلـی ئێمەیـە لـە کوردسـتان کـە لـە عێـراق جیـا ببنـەوە، وەزارەتـی بازرگانـی هەمـوو پێداویسـتییەکان بـۆ هەولێـر دەنێـرێ، بـەڵام ئایـا دەگات بـە هاووڵاتیـی هـەژار؟ گەلـی کـورد، بەڵکـو بـۆ ئێرانـی دەنێـرن و بـە نرخێکـی کـەم پێیانـی دەفرۆشـن»، ئـەم پەیامانـەش وەك خـۆی بـۆ نـاو خەڵـك دەگوازرانـەوە.

- لـە قۆناغـی عێراقـی نـوێ و لـە سـەردەمی نـووری مالیکـی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق (٢٠٠٦ -٢٠١٤) ئەگەرچـی کـورد بـە نیازێکـی پـاك و هیوایەکـی زۆرەوە ڕووی لـە بەغـدا کـرد، بـەو ئومێـدەی عێراقـی نـوێ مافـی هەمـوو گـەلان دابیـن بـکات، بـەڵام ئەگەرچـی دەسـتووریش دەبـوو ببێـت بەهـۆی مسـۆگەرکردنی ئـەو مافانـە، بـە پێچەوانـەوە هـەر کـە

هەرێمی کوردستان توانی ژێرخانی ئابووری خۆی پێش بخات و ڕێژەی بێکاری بگات بە کەمترین ئاست لە مێژووی باشووری کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی نەوتەکەی بفرۆشێ، دەست بە پێشێلکارییەکانی مافی کورد کرا، چونکە هەرگیز لای عێراق ئەوە قبووڵ نەبووە کە کورد هەنگاوێك لە پێش ئەو بێت. مالیکی بە سوودوەرگرتن لە ململانێی حیزبایەتیی کوردستان و ڕاکێشانی کەس و لایەنەکان دژی یەکتر، توانی بودجەی کوردستان ببڕێ و ڕێگری لە فرۆشتنی نەوتی کوردستان بکات و مووچەی فەرانبەرانی ڕابگرێت، پاشان بەشێك لە میدیا کوردییەکان کە دژایەتیی دەسەڵاتی کوردستان دەکەن، پەیامی ئەویان بڵاوکردەوە کە دەیگوت: «ئێمە بەشە بودجەی کوردستان بە تەواوی دەنێرین، ئەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستانە هەم نەوتەکەی خۆی دەخوات و هەم ئەو پارەیەی بۆ کارمەندانمان ناردووە نایدەن، هەرێمی کوردستان هەر بەو شیرینییەی لە پاداشتی فرۆشتنی نەوت وەری دەگرن، پێویستیان بە پارەی بەغدا نابێ».

- پاش مالیکی کە بەهۆی داگیرکردنی مووسڵ و خاکێکی زۆری عێراق لەلایەن داعشەوە، هەروەها پێشێلکارییەکانی بەرانبەر کورد و سوننە و تەنانەت بەشێك لە شیعە، مەرجەعی شیعەکان خۆیان بڕیاریان دا حەیدەر عەبادی ببێت بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەمیش لە سەرەتا بۆ ئەوەی بڵێ هەمان سیاسەتەکانی مالیکی پێڕەو ناکەم، بەڵێنی گەورەی بە کورد و سوننە دا، بەڵام لە تەواوی ئەو وادانەی بە کوردی دابوو، پاشگەز بووەوە و نەیتوانی ئەو بودجەیەی هەرێمی کوردستان کە مالیکی بڕیبووی بگەڕێنێتەوە. لێرەش دیسان کەسان و لایەنی کورد ڕوویان لێ کرد و بوونە پشتیوان بۆی و توانییان بەشێکی خەڵك بڕوا پێ بێنن کاتێك دەیگوت: «ئێمە مووچەی تەواوی گەلی

خۆمـان لـە کوردسـتان داوە، بـە حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بڵێـن بـۆ مووچەکەتـان ناداتـێ، گلەییەکـە لەسـەر ئەوانـە».

- دوای ئـەو هەمـوو پێشـێلکارییە لەسـەر یەکـەی عێـراق بـۆ سـەر خەڵکـی کوردسـتان و مافەکانـی کـردی کـە لـە هەموویـدا کۆمەڵێـك هەبـوون پشـتیوانییان دەکـرد، لـە حەوتـی حوزەیران/یۆنیـۆی ٢٠١٧ لـە کۆبوونەوەیەکـی مەسعوود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لەگەڵ لایەنـە سیاسـییەکان و حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنـەکان، ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول/سـێپتەمبەری داهاتوویـان وەك ڕۆژی ڕیفراندۆمـی کوردسـتان بـۆ «مانـەوە یـان جیابوونـەوە لـە عێـراق» دیـاری کـرد، چـاوەڕوان دەکـرا، ئەمـە ئیـتر هیـچ بیانوویـەك نەهێڵێتـەوە و خەڵکـی کوردسـتان وەك خەڵکـی باشـووری سـوودان، بـە ڕێـژەی سـەرووی ٩٥٪ ئامـادە بـن بـۆ دەنگـدان بـە بەڵـێ، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە، دیسـان خەڵکانێکـی کـورد بـۆ ڕازیکردنـی تـەواوی ئـەو لایـەن و وڵاتانـەی کـە سـەربەخۆیی کوردسـتان بەرژەوەندییـان تێـك دەدا، کەمپینیـان لـە دژی ئـەم سـەربەخۆیییە ڕاگەیانـد.

ئەگـەر ئـەم هەڵدانەوانـەی مێـژووە تەماشـا بکـرێ، دەبینـی دەبـوو سـەرکردایەتیی کـورد هەمـان مامەڵـەی حکوومەتـی ئەڵمانیـای بەرانبـەر هـەر دەنـگ و داوایەکـی خواسـتی گـەل بکردایـە کـە پشـتیوانی لەوانـە دەکات دەیـان سـاڵە ستەمیان لـێ کـردوون، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە هەموو مافێکـی خۆیـان هەیـە و وەك بلـێ هەرێمـی کوردسـتان لـە ئەڵمانیـا باشـتر لـە دیموکراسـی تێگەیشـتبێ، هیـچ ڕێگرییـەك بەرانبـەر هیـچ کەسـێك ناکـرێ کـە دژی مافـی لەمێژینـە و ڕەوای گەلـە.

# خوا تووڕەیە

[وتارێك لەسەر شێوازی گوتاری مامۆستایەکی ئایینیی کوردپەروەرەوە]

خـوای گـەورە لـە قورئانـی بەخشـندە دەفەرمـوێ: ((يَـا أَيهَـا النَّـاسُ إِنَّـا خَلَقْنَاكُـم مِّـن ذَكَـرٍ وَأُنثَـىٰ وَجَعَلْنَاكُـمْ شُـعُوبًا وَقَبَائِـلَ لِتَعَارَفُـوا * إِنَّ أَكْرَمَكُـمْ عِنـدَ اللَّـهِ أَتْقَاكُـمْ * إِنَّ اللَّـهَ عَلِيـمٌ خَبِيـرٌ))، ئـەی خەڵکینـە، ئێمـە ئێوەمـان لـە نێـر و مـێ دروسـت کـردووە. کردووشـمانن بـە گـەل و هـۆزی جیـا جیـا، تـا یەکـتری بناسـن، باشـترینتان ئەوەیـە کـە لـە خـوا دەتـسرێ، خۆشـی زانـا و ئاگەدارتانـە.

لـەم ئایەتـەدا، خـوای گـەورە لـە شـوێنی ڕەگەزەکەمانـدا دەفەرمـوێ «خلقناکـم» واتـە دروسـتمان کـردوون، بـەڵام کاتێـك باسـی گـەل و هـۆزە، فەرموویەتـی «جعلناکـم» کـە بڕیاردانـە لەسـەرمان. ئەگـەر بـەو ڕەگـەزەی خـوا دروسـتی کردوویـن ڕازی نەبیـن سـنووری «ئولوهییـەت»ی زاتـی ئەومـان بەزانـدووە، خـۆ ئەگـەر بـە بڕیـاری دوای دروسـتبوون ڕازی نەبیـن، سـنووری «ڕەبانییەت»مـان بەزانـدووە و هەمیشـە خـوا لـە

بەزاندنی سنووری ڕەبانییەتی خۆی، زیاتر تووڕە دەبێ، سزای سنووری ئولوهییەتی بۆ ڕۆژی دوایی هەڵدەگرێ.

بۆ نموونە، منێکی کورد کە خوا بە ئیرادەی ڕەبانییەتی خۆی بڕیاری لەسەر کوردبوونم داوە، پێی ڕازی نەبم، شەڕم لەگەڵ خوا ڕاگەیاندووە. یان هەر میللەتێك دژی من بوەستێتەوە، لەبەر ئەوەی کوردم و لە نەتەوەی ئەو نیم، ئەوا شەڕی لەگەڵ خوا کردووە و هەر لە دونیادا، تووشی تۆڵە دەبیت و خوای گەورە لەو گەلە ستەملێکراوە کە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی دراوە، کەسانێکی بۆ موسەخەر دەکات، تۆڵەکە بستێننەوە.

پاشان دەفەرموێ، کە بڕیارمان لەسەر گەل و هۆزی ئێوە داوە، یەك ئامانجمان هەبووە، بۆ ئەوەیە یەکتری بناسن. تەعاروف هەمیشە قۆناغی دووەمە، قۆناغی پێش ئەو بریتییە لە «اعتراف» دانپێدانان. منێکی کورد، ئەگەر ئەوێکی عەرەب یان تورك و فارس، وەك گەلێکی سەربەخۆ و خاوەنی ئیرادەی تایبەت بەخۆم دانم پێدا نەنێ، ناتوانێ تەعاروفیشم لەگەڵدا بکات، کەواتە بە فەرمانی خوا، ناچارە ئیعتیراف بە سەربەخۆیی من بکات و دەبێ لە خوای تەبارەك و تەعالا بپاڕێتەوە، لە گوناهی سەدان ساڵەی خۆی و میللەتەکەی خۆش بێت، چونکە لەو ماوە درێژەدا، ئیعترافیان پێ نەکردووین تا تەعاروفمان لەگەڵدا بکەن، ئێمەیان بە زوڵم و بوهتان بە بەشێك لە خۆیان داناوە، ئەمەش پشگوێخستنی ئایەتێکی خوایە، ئەوەی حەرفێکی خوا پشتگوێ بخات، تووشی سزای ڕۆژی دوایی و دونیاش دەبێ.

هەر لەو ئایەتەدا کاتێك دەفەرموێ: «إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللّٰهِ أَتْقَاكُمْ» هەرگیز مەبەستی تەقوا لێرەدا ئەوە نییە، باشترینتان ئەوەیە کە شەونوێژی باش و ڕۆژووی زۆر دەگرێ، بەڵکوو مەبەست لە تەقوا،

نەبەزاندنی سنووری ئەوی ترە، ئەوی تر کێیە؟ لە وشەکانی پێشوودا باسی کردووە، گەلێك سنووری ئەوی تر نەبەزێنێ، هۆزێك هەر وا. ئەگەر وای کرد، ئەوا خوا خۆی تەواوی دەکات و دەفەرموێ «إِنَّ اللّٰهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ» خوا زانایە و ئاگای لێتانە.

لێرەدا، بە نەصی قورئان، واجبە لەسەرمان، بۆ تەحقیقبوونی فەرمانی خوا، سەربەخۆیی خۆمان ڕابگەیەنین و هەمیشە هەوڵی تەعاروف بدەین لەگەڵ گەلەکانی تردا و سنووریان نەبەزێنین بۆ ئەوەی ببینە باشترین لای خوا، گەلانی دراوسێشمان بۆ ئەوەی بەر تۆڵەی خوا نەکەون، پێویستە و ناچارن ئیعترافمان پێ بکەن و تەعاروفیشمان لەگەڵدا بکەن.

# کورد لە جوو دەچێ

وتارێك لە ڕوانگەی دەقە ئایینییەکانەوەوە

جـوو، بـە درێژایـی مێژووەکەیـان کـە یەکێکـن لـە کۆنتریـن نەتەوەکانـی سـەر زەوی و بەشـێکی سـەرەکیی ڕەچەڵەکـی سـامیین، چەنـدان گۆڕانکاریـی بەسـەر ڕەوشـی ژیانیانـدا هاتـووە، بـەڵام دۆخـی ئێسـتەیان لـە هـەر کاتێکـی دیکـەی مێژووەکەیـان شـکۆدارترە. کـورد لـەم جولەکەیـەی ئێسـتە نـا، لـە جولکـەی سـەردەمی مووسـا دەچـێ.

وڵاتـی ئیسرائیـل کـە لای ڕۆژئـاوا نەبـێ، دەریایـە، هەمـوو سـنوورەکانی دیکـەی بـە عـەرەب تەنـراوە، واتـە بـە گەلێـك، تینـووی سـەری تـاك بـە تاکـی ئەوانــن، لەگـەڵ ئەوەیشــدا، توانیویەتـی دەوڵەتێکـی تۆکمــە لــە ڕووی سیاسـی، سـەربازی، ئابـووری، بنەماکانـی دیموکراتـی و کۆمەڵایەتـی دروسـت بـکات و هیـچ وڵاتێکـی عەرەبـی نەوێـرن زەفەریـان پـێ ببـەن. ئەمـە بەچـی هـات؟ بـە یەکڕیـزی و تەبایـی، پلاندارێـژی، مەرجەعـی بـاڵا، ڕووکردنـە زانسـت و پشـوو درێـژی دروسـت بـوو. کـورد ڕێـك پێچەوانـەی

ئـەو دەوڵەتەیـە، عـەرەب، فـارس و تـورك چـواردەوری گرتوویـن، بـەڵام لەوەتـەی پێوەیـان لکاویـن، هەتاوەکـوو ئـەم سـاتەیش، خوێنـمان دەڕژن. بـەڵام ئەمـە ڕوویەکییەتـی کـە لـەوان ناچیـن، دەیـان ڕووی دیـش هەیـە، ئیـدی چـۆن کـورد لـە جولەکـە دەچـێ؟ بەپێـی دەقەکانـی قورئـان و پەرتووکـی پیـرۆز و بەپێـی بەڵگـە مێژووییەکانیـش، گەلـی ئیسرائیـل، میللەتێکی چەوسـاوە بـوون، بـۆ بژێـوی ژیانیـان، بەشـێکی زۆریـان ڕوویـان کردووەتـە میسـر و لـەوێ وەکـوو هاووڵاتـی پلـە سـێ تەماشـا کـراون، لـە نێـو خـاك و وڵاتـی خۆیـان دابەشـبوون بەسـەر ڕۆم و قیبتـی و بـە ئاگـر و ئاسـن حوکمیـان کـردوون. خەتـا گەورەکـە، خۆیـان بـوون. یەکڕیـز نەبـوون یەکخـۆر بـوون، بـە هیـچ ڕازی نەبـوون، بـۆ هەمـوو شـتێك کێشـەیان دروسـت کردووە...هتـد. لێرەدا نامـەوێ تـەواوی مێـژووی گەلـی ئیسرائیـل بگێڕمـەوە، تەنیـا مەبەسـتمە لێکچوونـی ئەوسـای ئیسرائیـل بـە ئێسـتای کـورد ببەسـتمەوە.

-مووسـای پەیامهێـن، هێشـتا گەنـج بـوو، بـۆ پشـتگیری لـە پیاوێکـی جولەکـەی سـتەملێکراوی هاونەتـەوەی خـۆی، شـەقازلەیەکی لـە پیاوێکـی سـتەمکاری قیبتـی دا و دەمودەسـت مـرد، ئـەوەی ئـەم ڕووداوەی ئاشـکرا کـرد، کەسـێکی جولەکـە بـوو. مـن زۆر نزیکـی دەکەمـەوە لـەوەی، کاتێـك پێشـمەرگە وا خەریکـە گـورز لـە دوژمـان دەدا، وا خەریکـە هەنـگاوی سـەربەخۆیی دەنـێ، کـەس و لایـەن هەیـە، لـەلای ئێـران و تـوران شـکات لـەو دەسـتە دەکات، بگـرە دەیهێنێتـە نێـو پەرلەمانـەوە، بـۆ ئـەوەی چاودێریـمان بکـەن. -دوای ئـەوەی لـە دەسـت فیرعـەون ڕزگاری کـردن و بـەرەو خاکـی خۆیـان ڕۆشـتنەوە (ئـەو خاکـەی کـە قورئـان دانـی پێـدا دەنێـت موڵکـی ئەوانـە نـەوەك عـەرەب و ئێسـتا دەوڵەتـی ئیسرائیلـی لەسـەر بونیـاد نـراوە) مووسـا چـووە سـەر کێـوی تـوڕ، تاوەکـوو پەیامـی

خودایـان بـۆ بێنـێ، کـە هاتـەوە "چێل"ێکیـان لەجێی خـودا و "سـامری"یان لەجێـی ئـەو کـردە سـەرگەورە. مـن ئـەو سـەردانەی بارزانیـم دێنێتـەوە یـاد کـە لـە ڤاتیـکان خەڵاتـی ئاشـتەوایی وەرگـرت و هەنگاوێکـی تۆکمـە، کوردسـتانی بـەرەو سـەربەخۆیی بـرد، بـەڵام ئێرانیزمـەکان ١٧ی شـوباتیان بـۆ دروسـتکرد، پاشـان ئۆپۆزیسـیۆنیش ئـەو ڕووداوەی وەك خـۆی ویسـتی، قۆسـتەوە. -لـە ڕێگـەدا، گەلـی جولەکـە برسـییان بـوو، مووسـا پاڕایـەوە لـە خـودا کـە فریایـان بکـەوێ، گـەزۆی بـۆ بارانـدن و بـە هـەزاران "کەو"یـش ڕوویـان کـردە ئـەو ناوچەیـە. پـاش ماوەیـەك بێزاربـوون لـە گۆشـتی کـەو و گـەزۆ، گوتیـان: ئـەوە چییـە، کـوا پاقلـە، نیسـك، خەیـار، سـیر و پیـاز؟ ئـەوەش بۆخۆتـان جـێ دەهێڵـم، ئێسـتە زۆرینـەی ئـەو میللەتـە، لەبـەر ئـەوەی بەهـۆی قەیرانەکانـەوە، ئـاو، کارەبـا، بەنزیـن و مووچـە کـەم بـووە، سەرپشـکی بکـەی لـە نێـوان سـەربەخۆیی و زوو چارەسـەربوونی ئـەو گرفتانـە، چـش لـە سـەربەخۆیی، زوو گەیشـتن بـە مووچـە و بەنزیـن هەڵنابژێـرێ؟، هـەروەك سـیر و پیازەکـەی سـەردەمی مووسـا؟

مـن لێـرەدا مەسـعوود بارزانـی، سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان وەك مووسـا، پەیامهێنـی گەلـی ئیسرائیـل، لـەڕووی ئامانجـی پەڕینـەوە نیشـانم داوە. بارزانـی پەڕیوەنـەوە بـەرەو سـەربەخۆیی و مووسـایش پەڕینـەوە لـە دەریـا و گەیشـتنەوە بـە زێـدی خۆیـان و خاکـی عیمـڕان. ناشـمەوێ وا لێـك بدرێتـەوە کـە بارزانیـم کـردووە بـە پەیامبـەر. ئەوەنـدەی مەبەسـتم لـەو دروشـمەیە کـە هەڵـی گرتـووە و دەیـەوێ سـەربەخۆیی کوردسـتان بکاتـە واقیـع، ئەوەنـدە مەبەسـتم لـە خـودی خـۆی نییـە، هەرگیـز لـەو باوەڕەشـدا نیـم کـە کەسـێك هەبـێ، بەدیلـی نەبـێ، بـەڵام وەکـوو ئەبراهام لینکـن، سـەرۆکی شـازدەیەمی ئەمەریـکا گوتـی: مـن کەسـێکم بـە سـواری ئەسـپێکەوە، گەیاندوومنەتـە نیـوەی ڕووبارەکـە، لێـم بگەڕێـن بگەمـە

کەنـار، باشـترە لـەوەی بمگەڕێننـەوە و کەسـێکی دیکـە بکەنـەوە سـوارچاك، تاوەکـوو لـە ڕووبارەکـە بتانپەڕێنێتـەوە.

ئـەو ڕۆژە هـات جـوو بگـۆڕێ، واز لـە ململانـێ بهێنـێ لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی گشـتی کـە خـاك و دەوڵەتـی ئیسرائیلـە. هەموویـان یەکدەسـت و بـە بڕوابـوون بـە پلانـی سـەرکردەکانیان کۆششـیان کـرد تاوەکـوو ئـەو وڵاتەیـان دامەزرانـد. ئیسرائیـل موڵکـی هەمـوو جولەکەیـە لە هـەر شـوێنێکی دونیـا بێـت، نـەوەك تەنیـا مـاف، بەڵکـوو ئـەرك لـە پێشـدا. هیـچ جوولەکەیـەك نییـە لـە دونیـادا، لـە هـەر وڵاتێـك بێـت، بەشـێکی زانسـت و کۆشـش و سـامانەکەی بـۆ دەوڵەتـی ئیسرائیـل تەرخـان نـەکات. ئایـا دەزانـی خاوەنـی فەیسـبووك کـە جولەکەیـە، چەنـدە کۆشـش دەکات بـۆ خزمەتکـردن بـە وڵاتـی ڕۆحیـی خـۆی، ئەگەرچـی خەڵکـی ئەمەریکایـە؟

لەوەتـەی کـورد هەیـە، کاتێـك ویسـتوویەتی هەنگاوێـك بـۆ پێشـەوە بنێـت، دەسـتە ناوخۆییـەکان، بـە فیتـی هێـزی دەرەکـی، هەنگاوەکانیـان بردووەتـە دواوە. ئاخـر داوای سـیر و پیـاز کـردن نییـە لـەم کاتەی کە هێشـتا پێگەیەکـی جوگرافیـمان نییـە لـە نەخشـەی جیهـان، تیمێکـی فوتبۆڵـمان نییـە، ئاڵاکەمـان نەگەیشـتووەتە باڵەخانـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، جـارێ دانیشـین باسـی ئـەوە بکەیـن سیسـتەم سـەرۆکایەتی بێـت یـان پەرلەمانـی؟ سـەرۆك چـوار سـاڵ بێـت یـان هەشـت؟ ئەمـە هەمـووی ئـەو دەردەی کۆنـی جولەکەیـە، کـورد هێشـتا لێـی دەربـاز نەبـووە. ئـەوان کاتێـك پەیامبەرەکانـی خودایـان بـۆ دەهـات، گوێیـان نەدەگـرد، دواجـار بـە جێنشـینەکانی سـەر زەوی وەکـوو ماسـیۆ جولوڤینسـکی، داڕێـژەری پلانـی دەوڵەتـی ئیسرائیـل گەیشـتنە بڕیـار. لێـرە پرسـیارەکە ئەوەیـە، تـۆ بڵێـی ببیـن بـە جولەکـەی سـەردەمی بنیامیـن ناتەنیاهـۆ، کـە ئەوەنـدەی جیهـان پێویسـتی بەوانـە، ئـەوان پێویسـتییان بـە جیهـان نییـە!.

# « بارزانی دڵنیایە چی دەکات و ئەمەریکاش دژی سەربەخۆیی نییە»

جۆرج سەمعان نووسەرێکی بەناوبانگی عەرەبە، لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی «ئەلحەیات»ی لەندەنی بڵاوی کردەوە، نووسیویەتی: ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دووشەمی داهاتوو لە کاتی خۆیدا دەکرێ، چونکە هیچ لایەن نەیانتوانی جێگرەوەیەکی ڕازیکەر بە مەسعوود بارزانی بدەن، ئەویش هەرگیز ناچێ هەموو مێژووەکەی لەگۆڕ بنێ و لێی پەشیمان بێتەوە، تازە دۆخەکە پەشیمانبوونەوەی تێدا نەماوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ گۆڕان و کۆمەڵ نەبێ، دانیان پێدا نا. ئەو دوو حیزبەش لەبەر کێشە ناوخۆییەکانیانە لەگەڵ حیزبەکەی بارزانییە، ئەگەر نا جەماوەری ئەوانیش لەگەڵ سەربەخۆیین.

لەو وتارەدا ئاماژە بەوە دەکات، تەنیا ئێران و تورکیا وەك دوو وڵاتی هەرێمی بە زمانی هەڕەشە لەسەر ئەو پرسە دواون، تەنانەت

ئـەو بازاڕکردنـە بـە جێگـرەوەی ڕیفرانـدۆم کـە برێـت مەکگـۆرك نوێنـەری سـەرۆکی ئەمەریـکا بانگەشـەی بـۆ دەکـرد نەگەیشـتە ئاکامێـك، چونکـە ئـەو بەدیلـەی بارزانـی دەیویسـت تێیـدا نەبـوو، چونکـە کۆنفیدڕاڵیـش تـازە کاتـی نەمـاوە. بیریشـمان نەچـێ ئـەو بەدیلـەی مەکگـۆرك لەلایـەن وەزارەتـی دەرەوەی ئەمەریـکا ڕەت کرایـەوە کـە لەلایـەن جێمـس ماتیـس وەزیـری بەرگریـی ئەمەریـکا و هەربێـرت ماکماسـتر ڕاوێـژکاری ئاسایشـی نیشـتمانی نووسرابـوو.

مەسـعوود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لـە کاتێـکدا لە شـاری دهـۆك بـوو بـۆ ئـەوەی بەشـداریی لـە کەرنەڤاڵـی سـەربەخۆیی یاریگـەی زاخـۆ بـکات، برێـت مەکگـۆرك نوێنـەری تایبەتیـی سـەرۆکی ئەمەریـکا بـۆ هاوپەیمانیەتیـی نێودەوڵەتـی دژ بـە داعـش و یـان کۆبیـچ نێـردەی تایبەتـی سـکرتێری گشـتیی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و دۆگلاس سـلێمان باڵوێـزی ئەمەریـکا لـە عێـراق و فرانـك بەیکـر باڵوێـزی بەریتانیـا لـە عێـراق و شـاندێکی یاوەرییـان گەیشـتنە لای، بـۆ ئـەوەی بـاس لـەو جێگرەوانـە بکەن،»بارزانـی ئـەو بەدیلـەی وەرگـرت و پێشـوازیی لـە گفتوگـۆی بونیادنەرانـە کـرد، بـەڵام لەبـارەی ڕیفرانـدۆم و بەدیلـی پێشـنیازکراو، ڕای گەیانـد کـە ئـەوە بـە تەنیـا بڕیـاری مـن نییـە و ئـەو بابەتـە لەگـەڵ سـەرکردایەتیی سیاسیی کوردسـتان بـاس دەکەیـن و لـە ماوەیەکـی نزیکـدا هەڵوێسـتمان لەوبارەیـەوە ڕادەگەیەنیـن»، دواتـر بـە فەرمـی لەلایـەن ئەنجومەنـی ڕیفراندۆمـەوە ڕەت کرایـەوە.

جـۆرج سـەمعان نووسـیویەتی: ئـەوەی بـە تـەواوی ڕوونـە، واشـنتن وەك مافێکـی سروشـتی دانـی پێـدا نـاوە، بـەڵام تاکـە ترسـی ئەوەیـە نەبـادا کاریگەریـی نەرێنیـی بەسـەر شـەڕی دژی داعـش دروسـت بـکات، بـەڵام هەرگیـز ئێسـتە سـوور نیـن لەسـەر یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق،

ئـەو قسـانەش دەیکـەن، هـەر وەك ئـەو کاتەیـە کـە جـۆرج بۆشـی بـاوك دەیگـوت ئێمـە لەگـەڵ یەکپارچەیـی خاکـی یەکێتیـی ڕووسـیاین و دواتـر بـە پەلـە بۆچوونەکـەی تریـان ئاشـکرا کـرد و چوونـە بـەرەی ڕۆژهـەڵات و بوونـە یاریـدەدەری جیابوونـەوەی چەنـد وڵاتێـك لێـی، وەك ئەفغانسـتان و چیچـان و ئۆکرانیـا.

شـتێکی تریـش کـە زۆر ڕوونـە ئەوەیـە، بارزانـی لـە ململانێـی ویسـت و بڕیـاردا سـەرکەوت بەسـەر ویسـتەکانی تـردا و توانیشـی بـژاردەی ڕیفرانـدۆم بەسـەر هەمـوو لایەکـی ناوخۆییـدا بچەسـپێنێ، تەنانـەت یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانیش کـە دوودڵ بـوو لەسـەری، دواجـار ناچار بـوو ئەویـش بکەوێتـە ژێـر بارەکـەوە، ئەمـەش وا دەکات پێگـەی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لـە ناوخـۆدا بەهێـز بێـت، ئـەم بەهێزبوونـەش لـە دانوسـتانەکانی داهاتوویـدا لەگـەڵ بەغـدا و ئەنکـەرە و تـاران کاریگـەری دەبێـت، چونکـە پشـتیوانیی تـەواوی گەلەکـەی لەگەڵـە. جـۆر سـەمعان وای نووسـیوە.

لەبـارەی ئەگـەری شـەڕ و ڕووبەڕووبوونـەوە، هەمـووی ترسـاندنە بـۆ ڕاگرتنـی ڕیفراندۆمەکـە، ئەگـەر نـا هیـچ لایـەك ناتوانـێ پەنـای بـۆ ببـات، چونکـە لەبەرژەوەندییـان نییـە و خـۆ هێشـتا کوردیـش سـەربەخۆییەکەی ڕانەگەیانـدووە تـا شـەڕ لـە دژی بەغـدا بـکات، ئەوانیـش ناچن شـەڕی دژی داعـش ڕابگـرن تـا ڕوو لـە کوردسـتان بکـەن. ڕەنگـە تاکـە شـتێك بتوانـن لـەم چەنـد ڕۆژەی داهاتـوو قسـەی لەسـەر بکـەن ئەوەیـە، بتوانـرێ لـە کەرکـووك و ناچـە دابڕێنراوەکانـی تـردا دواى بخـەن، ئەمـەش لـە مێشـکی بارزانیـدا چووەتـە دەرەوە و هەرگیـز قبووڵـی نـاکات. ئەمانـەش بەشـێکی تـری وتارەکـە بـوون.

سـەبارەت بـە ئێرانیـش نووسـیویەتی: سـەرکردەکانی ئـەو وڵاتـە کـە

بـە پڕۆژەیەکـی سـەهیۆنی ناویـان دەبـرد و بـە ئیسرائیلێکـی نـوێ بانگیـان دەکـرد، ناگاتـە ئـەو ئاسـتەی هێـز لـە دژی ئەنجامنەدانـی ڕیفراندۆمەکـە بـەکار بهێنـن. ئەگەرچـی چـاوەڕێ ناکـرێ لـە سـەرەتادا گفتوگۆ و دانوسـتان لـە نێوانیانـدا دروسـت ببـێ، بـە پێچەوانـەی تورکیـا کـە ئـەوان زووتـر دەگـەن بـە دانوسـتان و تێگەیشـتن لـە دۆخەکـە.

لـە کۆتاییـی وتارەکـەدا نووسـیویەتی، ئـەم حـەوت ڕۆژەی کـە مـاوە، پـڕە لـە ئاڵـۆزی و نادیـاری و پرسـیار. هێشـتا ڕوون نییـە کـە ڕۆژی دوای ڕیفرانـدۆم چـی ڕوو دەدات، چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ شـەری داعـش دەکـرێ یـان گفتوگۆکانـی نێـوان بەغـدا و هەولێـر لەسـەر سـەربەخۆیی چـۆن دەبێ و لـەو گفتوگۆیانـەدا باسـی چـی دەکـرێ، چونکـە باسـە گەورەکـە کـە سـنوورە، کـورد نایـەوێ لەسـەر بسـتێکی خـۆش بێـت، ئـەو سـنوورەی دوای شـەڕی داعـش پێشـمەرگە دەسـتی کەوتووەتـەوە، بۆیـە بابەتـی سـنوور سـەنگی مەحـەك دەبێـت لـە پێوەندییەکانـی داهاتـووی کوردسـتان و عێـراق.

حەوتـی حوزەیـران/ یۆنیـۆی ٢٠١٧ لـە کۆبوونـەوەی مەسـعوود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ لایەنـە سیاسـییەکان و حکوومەتـی هەرێـم و کۆمسـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنـەکان، ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول/سـێپتەمبەری وەك ڕۆژی ڕیفراندۆمـی کوردسـتان بـۆ «مانـەوە یـان جیابوونـەوە لـە عێـراق» دیـاری کـرد. خەڵکـی کوردسـتان لـە ناوخـۆ و دەرەوە بـە تـاك و کۆمـەڵ بەجـۆری جیـاواز خۆشـحاڵی دەردەبـڕن.

# پاسپۆرت و دراوی کوردستان ئامادەیە

دراو، پوولـی دارایـی و ڕەگەزنامـە، ئـەو خاڵـە بنەڕەتییانـەن بـۆ هـەر وڵاتێـك کـە سـەرەتای سـەربەخۆبوونی دەبـێ، تـا دەکەوێتـە کار ماوەیەکـی دەوێ، چونکـە دەبـێ دیزایـن بکرێـن و کەسـانی پسـپۆڕ سەرپەرشـتی بکـەن، ئینجـا نرخەکـەی بەپێـی بـازاڕی بانکـی جیهانـی دانێـن و لـە سـویسرا لە چاپ بـدرێ. دراو و ڕەگەزنامـە و پوولـی دارایـی کۆمـاری کوردسـتان لـە ئێسـتەوە ئامادەیـە. نەکـە هـەر ئەوانـە، بەڵکـو پاسـپۆرت و میدالیـای سـەربازی و تـەواوی ئـەو پێویسـتییە میرییانـەی وڵاتێکـی سـەربەخۆ پێویسـتی پێیەتـی، زۆربـەی کارەکانـی تـەواو کـراوە.

«ئاسـۆ مامـزادە» دیزاینەرێکـی شـارەزای کـوردە، مـاوەی ٢٣ سـاڵە کار لەسـەر دراو و تـەواوی پێویسـتییە میرییەکانـی کۆمـاری کوردسـتان دەکات، چەنـد نموونەیەکـی بڵاوکردووەتـەوە و بووەتـە جێـی سـەرنج، بـەڵام خـۆی بە»وشـە»ی گـوت، ئەوانـەی بـڵاو بوونەتـەوە، دیزاینـی سـەرەتایین و ناتوانـم

دیزاینــە کۆتاییــی بــڵاو بکەمــەوە، چونکــە بەرپرســیارییەتێکی نیشــتمانییە و پێویســتە تــا کاتــی خــۆی دێــت بــە پارێــزراوی بمێنێتــەوە.

ســەرەتای کاری مامــزادە وەك ئیشــێکی کەســی بــووە و دوای ئــەوەی پرۆژەکــەی گــەورە کــردووە و لەلایەن کەســانی پســپۆڕی مێژوویی و شــارەزای بــوارە جیــاوازەکان ئەزموونــی وەرگرتــووە، کردوویەتــی بــە کارێکــی ڕژد و پێشکەشــی ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان و ســەرۆکی حکوومەتــی کــردووە، ئەوانیــش داوایــان کــردووە بــەردەوام بێــت لەســەر کارەکــەی و چاوەڕێــی تەواوکردنــی دەکــەن.

لەبــارەی ئــەوەی ئایــا لــە کاتــی ســەربەخۆبوونی کوردســتان پرۆژەکــەی بــە فەرمــی وەردەگیــرێ؟، ئاســۆ بــە دڵنیاییــی تــەواوەوە ڕای گەیانــد، ئــەوەی کردوویەتــی پەســند کــراوە و زۆریشــی نەمــاوە بکەوێتــە بــواری جێبەجێکردنــەوە، بــەڵام نەیویســت وردەکاریــی زیاتــری لەســەر بڵــێ، چونکــە ئــەو لــە ئەنجامــی ئــەو گفتانــەی پێــی دراوە، دڵنیــا بــوو کــە ســەربەخۆییی کوردســتان زۆر نزیکــە، بۆیــە بــە شــانازییەوە باســی لــەو تەمەنــەی خــۆی دەکــرد کــە بــۆ خزمەتــی کوردســتان خەرجــی کــردووە.

هێشــتا لەســەر نــاوی پارەکــە یــەکلا نەبوونەتەوە، پێشــنیازی چەنــد ناوێك کــراوە وەك کــورۆ، دراو، ئاڤێژیــم و چەنــد ناوێکــی تــر و گوتــی «پێویســتە ناوێــك بێــت شایســتەی ســەروەریی وڵات بێــت و بەهایەکــی مێژووییشــی هەبــێ».

هێشــتا نموونــەی پاســپۆرت و ڕەگەزنامــە و کارەکانی تر بــڵاو نەبوونەتەوە، بــەڵام ئــەو چەنــد نموونەیــەی دراوەکان بــڵاو بوونەتــەوە، چەنــد هێــما و ناســنامە و ســیمبولی نەتەوەیی نەخشــاندووە و وێنەی کەســایەتییەکانی وەك شــێخ مەحمــوود، مســتەفا بارزانی، شــەرەفخانی بەدلیســی و قــازی محەمەدی دانــاوە و دەڵــێ «هێشــتا کەســایەتیی تــر مــاون بخرێنــە ســەر دراوەکــەوە».

**نووسەرێکی عەرەب وەڵام دەداتەوە:**

# ئایا کورد لەسەر حەقە یان عەرەب!

عەدنـان حوسـێن نووسـەرێکی نـاسراوی عەرەبـی عێراقییـە، وتارێکـی نوێـی لـە ڕۆژنامـەی «شـەرق ئەوسـەت» بـڵاو کردووەتـەوە و تێیـدا باسـی هۆکارەکانـی ڕیفراندۆمـی کوردسـتان دەکات. مـن وەك خـۆی بـە زمانـی کـوردی دایدەنێـم:

لـە سیاسـەتدا یـەك بـژاردە و دووان نییـە، بەلایەنـی کەمـەوە دەبـێ سـێ بـژاردەت هەبـێ. وەك گۆتـە دەڵـێ، داری ژیـان هەمیشـە سـەوزە، بۆیـە دەبـێ هەمـوو بـژاردەکان لـە بـەردەم سیاسـی و دیپلۆماسـییەکان کـراوە بـن، بـە تایبەتـی لـە کاتـی تەنگژەکانـدا.

لەوەتـەی داعـش سـێیەکی عێراقـی داگیـر کـرد، هێنـدەی ئێسـتە لـە مەترسـیدا نەبـووە، ئـەو وڵاتـە بـە مەترسـیدارترین تەنگـژەدا تێپـەڕ دەکات، ئێسـتە لـە بەغـدا و لـە شـارەکانی تـر، ڕقێکـی زۆر لەسـەر هەمـوو کـورد کـۆ بووەتـەوە، نـەك تەنیـا لەسـەر کەسـایەتییەکانیان، چونکـە دەیانـەوێ

ڕیفرانـدۆم بـۆ مافـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان بکـەن. ئـەم دۆخـەی ئێسـتە، تەنانـەت لـە سـەردەمی ڕژێمـی سـەدام حوسێنیشـدا نەبـوو. ئـەو کاتـە کـە کـورد ناوچەکانـی خـۆی جیـا کردبـووەوە و لـە ژێـر پارێزگارییەکـی نێودەوڵەتـی بـە سەرپەرشـتیی ئەمەریـکا بـوو، کـەس دەنگـی بـە دەرکردنـی فەرمانبـەرە کـوردەکان لەسـەر کارەکانیـان لـە بەغـدا بـەرز نەکردبـووەوە، کـەس نەیگـوت دەبـێ چـی سـامان و موڵکـە هەیانـە لێیـان بسـەنرێت وەك چـۆن ئێسـتە ڕوو دەدات. لـە پشـت هەمـوو ئـەم هەڵمەتـە شـۆڤێنییە، ئـەو هێزەیـە کـە دەسـەڵاتی عێراقـی گرتووەتـە دەسـت، بـە تایبـەت ئـەو هێـزە ئیسـلامییە سیاسـییەی کـە لـە ڕووی شـۆڤێنییەتەوە، پێشـی حیزبـی بەعسیشـی داوەتـەوە.

بەردەوامبوونـی ئـەم تەنگژانـە لـە تـەواوی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـی عێـراق و دەوڵەتەکەشـی دەدات، هەرگیـز ڕیفراندۆمـی کوردسـتان مانـای ئـەوە نییـە لـە ڕۆژی دواتـر سـەربەخۆیی ڕا بگەیەنـن، ڕەنگـە کاتێکـی زۆری بـوێ، ئـەم هەڵمەتـی ڕقوکینەیـە زیاتـر ئـەو هەسـتە لای کـورد دروسـت دەکات کـە ئیـتر بەشـێك نییـە لـەم سیسـتەم و پێکهاتەیـە و زیاتـر وای لـێ دەکات هـەوڵ بـۆ سیسـتەمە نوێیەکـە بـدات کـە دەیخـوازێ. ئـەم عێراقـەی ئـەوان ئێسـتە وەك هاووڵاتیـی پلـە دوو تەماشـا دەکرێـن، دوای ڕووخانـی سـەدام، بەشـێك بـوون لـە داڕشـتنی سیسـتەمەکەی. ئێسـتە دۆخێـك هاتووەتـە پێـش، بژاردەیەکـی باشـتر لـە ڕیفرانـدۆم نەخراوەتـە بـەردەم کـورد، لەولاشـەوە خەریکـن تەنیـا هەڕەشـە بـڵاو دەکەنـەوە.

پێـش چەنـد سـاڵێك، کـورد ئـاوا بابەتـی سـەربەخۆیی گەڵاڵـە نەکردبوو، چونکـە بـە ڕووکـەش لـە دۆخێکـی فیدراڵیـدان و بـە ڕاسـتیش کۆنفیدراڵین. ئـەم بابەتـە لـە دوای دووەم کابینـەی نـووری مالیکـی دووپاتـی لەسـەر کرایـەوە، چونکـە باشـترین پێناسـە بـۆی، حوکمڕانییەکـی دیکتاتـۆری بـوو،

ئـەو وردە وردە لـە هەمـوو بنەماکانـی دەسـتوور لای دا، ئـەو دەسـتوورەی تاکـە گرەنتیـی مانـەوەی کـورد بـوو لـە عێـراق. لـە سـەردەمی مالیکـی کێشـەکان هـەروا بـەرز دەبوونـەوە، نـەك تەنیـا لەگـەڵ کـورد، بەڵکـو لەگـەڵ سـوننەش بـە هەمـان شـێوە لـە سیاسـەت و دەسـەڵاتی عێـراق پشـتگوێ خـران.

کـورد لەگـەڵ مالیکیـدا کێشـەی زۆریـان بـۆ دروسـت بـوو، وەك جێبەجێنەکردنـی مـادەی ١٤٠ی دەسـتوور و هیچ بنەمایەکی هاوبەشبوون لـە نێـوان عـەرەب و کـورددا نەبـوو، وەك یاسـای ئەنجوومەنـی فیدڕاڵـی، نـەوت و غـاز، دەسـتەی تایبـەت بـە مافـی هەرێـم و پارێـزگاکان کـە ئەمانـە ئەگـەر هەبوونایـە، ئێسـتە شـێوەیەکی تـر بـوو. مالیکـی تەنانـەت مافـە داراییەکانـی پێشمەرگەشـی وەك هێزێـك لەنـاو دەوڵەتـی عێـراق بـڕی، لـە کاتێکـدا ئـەوان بـە ڕاسـتی بەشـێکی دامـەزراوەی سـەربازی و تەناهیـی نیشـتمانی بـوون و ئەرکیـان پاراسـتنی بەشـێکی زۆری سـنووری خاکـی عێـراق و پاراسـتنی سـەقامگیریی هەرێمـی کوردسـتان بـوو. مالیکی بەمـەوە نەوەسـتا، دواتـر مووچـەی هەمـوو فەرمانبەرانـی هەرێمـی کوردسـتانی بـڕی.

دوای مالیکـی، کاتێـك حەیـدەر عەبـادی هاتـە سـەر کورسـیی سـەرۆك وەزیـران، ئـەم بـە ڕوونـی دژایەتـی ڕانەگەیاند، بـەڵام بیانـووی دەهێنایەوە بـۆ ئـەوەی مووچـەی کارمەنـدان و پێشـمەرگە نەگەڕێنێتـەوە، وەك ئـەو بیانـووەی کـە دەسـەڵاتی کـورد نەوتـی کوردسـتان بـۆ خـۆی دەبـات و داهاتەکـەی ناخاتـە نـاو بودجـەی گشـتیی وڵاتـەوە، هەڵبـەت ڕاسـتییەکە ئـەوەی ئـەوان دوای ئـەوە دەسـتیان بـە فرۆشـتنی نەوتـی خۆیـان کـرد کـە عێـراق مووچـەی پێشـمەرگە و کارمەندانـی تـری بڕیـن.

دوای نەمانـی مالیکـی و دواهـی هاتنـی داعـش کـە بەشـێکی خاکـی

کوردستانیشـی داگیـر کردبـوو، زیاتـر کـورد بـۆی دەرکـەوت کـە داهاتـووی لەگـەڵ ئـەم وڵاتـەدا لـە هەڕەشـەیەکی گەورەدایـە و هیـچ گرەنتییـەك لـە ژێـر چوارچێـوەی عێراقـدا نییـە.

بیرۆکـەی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان کـە بڕیـارەی ڕۆژی ٢٥ی ئەیلـوول ئەنجـام بـدرێ، لـە سـاڵی ٢٠١٤ دەسـتی پـێ کـرد، بـەڵام کـورد لەبـەر سـەرقاڵبوون بـە شـەڕی داعشـەوە، بیرۆکەکـەی دوا خسـت.

هــەردوو لایەنــی ئــەم تەنگژەیــە (حکوومەتــی بەغــدا و هێــزە ئیسـلامییە سیاسـییەکەی لەگـەڵ حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان) بـە چەنـد بژاردەیەکـی کەمــەوە مامەڵەیـان لەگــەڵ دۆخەکــەدا کــردووە. عێــراق وا تەماشــای ڕیفراندۆمەکــە دەکات وەك بڵێــی ئیــتر ڕاســتەوخۆ سـەربەخۆیی دێتـە ئـاراوە، ئـەو سـەربەخۆییەی بـە هەمـوو شـێوەیەك ڕەتـی دەکەنـەوە، لەکاتێکـدا بەرانبـەر ەکەیـان کـە حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتانە، بـە جێگـرەوەی ڕیفرانـدۆم ڕازی بـووە، بـەڵام کـەس نەیتوانـی و ئامـادە نەبـوو ئـەو جێگرەوەیـان بداتـێ کـە ڕازییـان دەکات.

**جیهاد ئەلخازن:**

# کورد شایەنی وڵاتێکی سەربەخۆن

کوردی عێراق لە ٢٥ی مانگی داهاتوو ڕیفراندۆم دەکەن. چوارچێوەیەکی یاسایی نییە، ئەنجامەکەشی جێبەجێ ناکرێ، وڵاتانی عەرەبی و یەکێتیی ئەورووپا و ئەمەریکا دژی وەستاونەتەوە، لە ناوخۆشدا هەندێك لە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەگەڵ ئەو ڕیفراندۆمە نین و هەندێکی تر دەیانەوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی دوا بخرێ. کوردستان دوای ئەوەی بۆ جاری دووەم بە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران لەلایەن نووری مالیکییەوە ڕازی بوون، بەڵام بە تەواوی فەرامۆشی کردوون، وێڕای هەموو ئەو تەگەرانە، هیچ متمانەیەکیان بە بەڵێنە سیاسییەکان نەماوە، بۆیە پەنا بۆ ڕیفراندۆم دەبەن و من هیوادارم بگەن بە سەربەخۆیی.

ئەمە سەرەتای وتارێکە کە ئەمڕۆ چوارشەم «جیهاد ئەلخازن» گەورە نووسەری عەرەب لە ڕۆژنامەی «ئەلحەیات»ی لەندەنیدا بڵاوی

کردووەتـەوە، تێیـدا ئامـاژە بـە کۆمەڵـی ئیسـلامی دەکات وەك تاکـە نموونە کـە بـە ڕوونـی دژی ڕیفراندۆمـە بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان.

ئـەو نووسـەرە کـە پێشـتر سەرنووسـەری دامـەزراوەی بیـری عەرەبـی بـووە و لـە ئەمەریـکا سـاڵانی حەفتـای سـەدەی ڕابـردوو نامـەی دکتـۆرای بەدەسـت هێنـاوە، لـە وتارەکەیـدا دەڵـێ، پێـم وایـە کـورد شـایەنی دەوڵەتـی سـەربەخۆن، نـەك هـەر لـە عێـراق، بەڵکـو لـە هـەر شـوێنێك هەبـن، ئێـران، عێـراق، تورکیـا و سـووریا، دەیـان سـاڵە دەچەوسـێنرێنەوە و بـە ڕۆحیـان قوربانییـان داوە. مـن نامـەوێ بگەڕێمـەوە بـۆ مێـژوو، تەنیـا دەمـەوێ پرسـیاری کاك مەسعوود بارزانـی بـاس بکـەم کـە لـە کۆنگرەکەی مانگـی ڕابـردووی واشـنتن گوتـی، دوای ئەنفالکردنـی ١٨٢ هـەزار کـورد بـە دەسـتی سـەدام کـە پێنـج هەزاریـان بـە گازی کیمیایـی لـە هەڵەبجـە خنکێـنران، دوای ئـەوە ئەگـەر ئێسـتە کاتـی سـەربەخۆییمان نەبـێ، ئـەی کـەی کاتیەتـی؟

جیهـاد خـازن نووسـیویەتی، بـە تـەواوی پشـتیوانی سـەربەخۆیی کوردسـتان دەکـەم، بەبـێ ئـەوەی چاوپۆشـیش لـە هەمـوو ئەو مەترسـییانە بکـەم کـە ئەگـەری هەیـە بکەوێتـە سـەریان. ئینجـا ئـەو مەترسییانەی ڕیز کـردووە و نووسـیویەتی: کـورد ئەگـەر سـەربەخۆ بێـت، لەبـەر ئـەوەی دەریایـان نییـە، ئەگـەری هەیـە وڵاتانـی دراوسـێ گەمـارۆی ئاسـمانی و وشـکانییان بـدەن، هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی بەمـە ناوەسـتێ، کوردانـی تورکیـا و ئێرانیـش دەیانـەوێ ببنـە بەشـێك لـەو دەوڵەتـە، کێشـەکە گەورەتـر دەبـێ، ئەمـەش واتـە شـەڕ لەگـەڵ دراوسـێ.

وەك ئـەو نووسـەرە ئامـاژەی پـێ دەکات، هەرێمـی کوردسـتان دەیەوێ لـەو ناوچانـەش کـە دوای ئازادکردنەوەیـان لـە دەسـت داعـش کەوتووەتـە دەسـت خۆیـان، ڕیفرانـدۆم بکـەن، ئەمـەش جگـە لـەوەی ڕیفراندۆمەکـە

لەلایەن عێراقەوە ڕەت کراوەتەوە، بە توندی دژی ئەوەن ئەو ناوچانە لە ژێر هێڵی کوردستاندا بێت و ئەمەریکاش پشتیوانیی بەغدا دەکات.

ئەو نووسەرە لبنانییە، بەو پێیەی بە ڕەگەز فەلەستینییە و بە تەواوی لە چەوسانەوەی میلەتان تێ دەگات، وەڵامێکی بارزانی لە وتارەکەیدا باس کردووە، کاتێك ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی دژایەتیی ڕیفراندۆمی بە نامەیەك بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناردووە، ئەویش وەڵامی داوەتەوە، «ئێمە شایەنی سەربەخۆیین» ئەمەش دەستەواژەیەکە ئێستە کوردەکان بەکاری دەهێنن.

منیش بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئێوە شایەنی ئەوەن، بەڵام دەبێ نەکەونە قووڵایی خەون، چونکە دەبێ بزانن دژایەتیی توند لەلایەن تورکیاوە دەکرێتە سەرتان کە هەموو ڕۆژێك شەڕ لەگەڵ پەکەکە دەکات، وەك چۆن ڕازی نین کوردی سووریا لە ناوچەکانیان خۆیان بەڕێوە ببەن کە سنووری بە کوردی عێراقەوەیە و دەترسن ئەم پەتایە ئەوانیش بگرێتەوە. جیهاد خازن وای نووسیوە.

هەروەها نووسیویەتی، دەمەوێ ئەوەش بهێنمەوە بیر کە ئەمەریکا کاتێك ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی سەددامی ڕووخاند، لە جێیدا سیستەمێکی تایفەگەری خراپی دانا، کورد و مەسیحییەکان بە تەواوی کەوتنەوە ژێر چەوسانەوە، بەبێ ئەوەی لە مەیدانی جیهانیدا پشگیرییەکیان هەبێ، هەمووی بەهۆی ئەو هەڵوێستەی ئەمەریکا کە دەیویست عێراقی دوای سەدام بەو شێوەیە بێت.

جیهاد خازن کە ئێستە تەمەنی ٧٨ ساڵە، لە دوا بەشی وتارەکەیدا نووسیویەتی، لەسەر هەموو ئەو ڕووداوانەی بوون و هەن، هیوادارم بژیم تا ئەو کاتەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد ببینم.

# ئەگەرەکانی سەربەخۆیی کوردستان

عەبدوڕەحمان ئەلڕاشید یەکێک لە ناسراوترین نووسەرەکانی عەرەب و سەرنووسەری ڕۆژنامەی «شەرق ئەوسەت»ـە و بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی تەلەڤزیۆنی «ئەلعەرەبییە» بووە، وتارێکی لەژێر ناونیشانی «هواجس چد استقلال الأكراد؟» لە سەروبەندی ڕیفراندۆکم لە ڕۆژنامەکەی بڵاو کردووەتەوە، وەك خۆی گواستوومەتەوە:

نیمچە یەکلا بووەتەوە زۆرینەی عەرەب جگە لە عێراق، سۆزیان بۆ ویستی کورد بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەڵمەت و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکەیدا، بە تەواوی بۆچوونی مرۆڤی کوردی عێراقی خستە ڕوو کە دەیانەوێ سەربەخۆ بن، ئەو خەونەی لە ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردووەوە لە پێناویدا دەجەنگن. خۆم وەك زۆرینەی عەرەب و هەستێکی تاکەکەسی لەگەڵ مافی

کوردی عێراقـم بـۆ ئـەوەی دەوڵەتـی خۆیـان هەبـێ، لـە ڕووی سیاسـەتی عەقڵانیشـەوە پێـم وایـە پێویسـتە ئـەم ویسـتە مەرجـەکان جێبەجـێ بکات پێــش ئــەوەی دابمەزرێــت. تەنیــا لەبــەر ئــەوەی هەرێمــی کوردســتان ئامادەیـە مـەرج نییـە بتوانـن بـبن بـە دەوڵـەت، بەڵکـو پێویسـتە عێراقیـش خـۆی ئامـادە کردبێـت کـە بەبـێ هەرێمـی کوردسـتان بـژی و تووشـی ڕووخـان و شـەڕ و جەنـگ نەبنـەوە.

بـێ گومـان دەرچوونـی کوردسـتان لـە سیسـتەمی دەوڵەتـی عێـراق، یەکسـەر دەبێتـە هەڕەشـە بـۆ هاوکێشـەی دیمۆگرافیـی مـەزەوی و دەبێتـە هـۆکار بـۆ شـەڕێکی ناوخۆیـی نـوێ. وێـڕای سـێبەری ئـەو سـتەمکارییە مەزەوییـە سیاسـییەی دوای ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدامی تاکـڕەوی دروسـت بـووە، عێـراق مەحکـووم بـووە بەسـەر هاوکێشـەیەك کـە نیـوەی شـیعە و نیـوەی سـوننەیە، ئەگەرچـی گفتوگـۆ لەسـەر ئامـارە کۆنـەکان هەیـە. سـوننە نیوەیـان عەرەبـن و نزیکـی نیوەشـیان کـوردن. ئەگـەر چاکسـازیی سیاسـی دروسـت نەبـێ، ئـەوا دەرچوونـی کـورد لـە عێـراق، سەرئێشـەی نـوێ دروسـت دەکات، چونکـە ڕێـژەکان گۆڕانـکاری بەسـەردا دێـت و شـیعە دەبێتـە زۆرینـە. سیسـتەمی حوکـم لـە عێراقـی پەرلەمانـی، لەسـەر نوێنەرایەتیـی توێـژەکان دیـاری کـراوە. دەرچوونـی کـورد هاوکێشـەکە تێـك دەدات و ڕێـڕەوی سیاسـی دەباتـە دۆخێکـی شـێواوەوە. ئەمـەش یـان شـەڕی مـەزەوی دەهێنێتـە کایـەوە یـان داوای جیابوونـەوەی سـوننە دەکـرێ، بـە تایبەتـی لـە ئەنبـار.

ئەگـەر کـوردی عێـراق دابـەش بـن، تورکیـاش بەهـۆی کوردەکانییـەوە ترسـی لـێ دەنیشـێ، ژمـارەی کـورد لـەوێ دوو هێنـدەی ژمـارەی کـوردی عێراقـە، کـوردی ئێرانیـش دوو هێنـدەن. ئـەم پرسـیار و بیرکردنەوانـە، هـۆکاری ترسـن، چونکـە سـەربەخۆیی بەشـەکانی تـری کوردسـتانی لـێ

دەکەوێتـەوە و ترسـیش لـە زیاتـر پارچەبوونـی عێـراق دروسـت دەبـێ.

هەروەهـا نووسـیبووی: ئێمـەی عـەرەب، لـە کاتێکـدا ئـەو ڕابـردووە شـێواوەمان هەیـە، بـەو هەمـوو خوێنـەوە، بۆچـی بینەقاقـەی کـورد بگرین و ناچاریـان بکەیـن تـا سـەر لەگەڵـمان لـەم زیندانییـە بمێننـەوە، وەك بڵێـی خزمەتـکاری مزگـەوت بـن، لەگەڵـمان بـن ئەگـەر نـا خیانەتـکارن!

# دووەم فیشەکی کورد

غەسان شەربل

ئـەم فیشـەکەیان لـە سـاڵی ٢٠٠٥ بـوو، دوای ئـەوەی بەپێـی دەسـتووری عێراقیـی دوای سـەددام، بـە سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان هەڵبژێـردرا، سـەردانێکی «مەسـعوود بارزانـی»م کـرد، ئـەو دیمەنانـە لـە مێـژووی کـورددا وێنـەی نەبـوو، ئاخـر خەونـی «کۆمـاری مەهابـاد» کـە کـوردەکان لـە ئێـران دایانمەزرانـد، هێشـتا مۆمـی یەکەمـی نەکوژابـووەوە، تـا ڕێککـەوت وابـوو کـە بارزانـی لەدایـك بـوو.

لـە سـەردانەکەمدا بـۆ لای بارزانـی، بینیـم لـە نێـوان دوو ئـاڵادا دانیشـتووە. بـە تێگەیشـتنی ڕۆژنامەوانییانـەی خـۆم، وا تێگەیشـتم کـە ئـاڵای عێـراق، میوانـە لەبـەردەم ئـاڵای کوردسـتاندا. کاتێکیـش جێم هێشـت، هەسـتم بـەوە کـرد کـە کوڕەکـەی مـەلا مسـتەفا بارزانـی، فیشـەکێکی ژەهـراوی لـە دڵـی ڕێککەوتننامـەی سـایکس-پیکۆ داوە، ئـەو ڕێککەوتنـەی کـوردی بـە هەتیـوی بەسـەر عێـراق، سـووریا، تورکیـا و ئێرانـدا دابـەش کـرد.

بارزانــی، بەتــەواوی لــە دڵەڕاوكێــی وڵاتانــی دراوســێ تێگەیشــتبوو، بۆیـە بەرزتریـن پلـەی خۆپاراسـتنی ژیرانـە و واقیعـی پێـڕەو کـرد. بـەڵام ئــەو نەخۆشــییەی هەرێمــی کوردســتان، خەریکبــوو دەبــووە پەتــا بــۆ پارچەکانــی تــر. بۆیــە، بەشــار ئەســەد ســەرۆکی ســووریا، ئامــادە نەبــوو وەك ســەرۆکی هەرێــم پێشــوازی لــە بارزانــی بــکات، کاتێکیــش دوای ڕووداوەکانــی ســووریا، بەشــار ڕازی بــوو، ئەمجــارە ســەرکردەکەی کــورد پێــی وابــوو کــە «ئیــتر دۆخەکــە گونجــاو نییــە بــۆ بینینــی ئــەوان».

کـوردی عێـراق توانیـان ئـەو هەلـە مێژووییـە بقۆزنـەوە کـە دوا بەدوای بڕیــاری جــۆرج بــۆش هــات بــە لەناوبردنــی ڕژێمــی ســەددام حســێن. ئەوەتــا کوردانــی ســووریاش هەلــی مێژوویــی خۆیــان بــە هەڵوەشــانی ســووریا دەقۆزنــەوە. کاتێکیش دوێنێ قســەکانی، ساڵح موسـلیم، سـەرۆکی پەیــەدەم خوێنــدەوە لــە لێدوانێکــدا بــۆ ڕۆژنامــەی «ئەلحەیــات» دابــوو، زانیـم ڕێککەوتننامـەی سـایکس-پیکۆ، دووەم فیشـەکی کـوردی بەرکـەوت، بــەڵام ئەمجارەیــان لــە ڕۆژئــاوای کوردســتان. بۆیــە بــەم شــێوەیە ماڵئاوایــی لـەو سـووریایە دەکەیـن کـە پێشـتر ناسـیومانە، وەك چـۆن ماڵئاواییـمان لـە عێراقــی پێشــوو کــرد.

گومانــی گــەورە ئەوەیــە، ئــەم فیشــەکی دووەمــەی کــورد، بــووە هــۆی ئــەوەی ســوڵتان (ئەردۆغــان) جامێــك لــە ژەهــر بــەرەو لێــوی ببــات. ڕاســتە قەیســەری ئێســتا، بەهێــز و هێرشــکەر و شــەڕانگێزە، بــەڵام ئەوەشــیان ڕاسـتە کـە لەویـش و «داعش»یـش بەهێزتر و مەترسـیدارتر هەیـە. ڕەجەب تەیــب ئەردۆغــان، وای دەزانــی کــە ســەرکەوتنی تەواوەتــی نزیکــە، ئــەم دانیشــتنە ناچارییەشــی وەك کەمــال ئەتاتــورك، کاتییــە، ئاخــر ئــەو خــۆی بــە ســوڵتان دەزانــێ و وڵاتەکەشــی جێگــەی دوو کەســی تێــدا نابێتــەوە، بــەڵام فیشــەکەکەی دووەمــی کــورد، بیــری هێنایــەوە کــە کەســی ڕکابــەر

ئەوەتا لە یەکێك لە بەندینخانەکانی ئەو و ناوی عەبدوڵا ئۆجەلانە و قوتابییەکانی ئەو وا خەریکە داهاتووی سووریا وەك داهاتووی عێراق لێ دەکەن.

هەمیشە دەسەڵاتدار، پێی باشترە ملکەچی دوژمنی دەرەکی بێت، تا دوژمنە ناوخۆییەکان لە بندەستی بمێننەوە. جارێکیان سەددام حسێن بە ئیدریس بارزانی گوت: «ناچارم مەکەن سازش بۆ ئێران بکەم» بەڵام ئەوەبوو دواتر لە ڕێککەوتنامەی جەزائیر بۆ تارانی کرد و بزووتنەوەی کورد بەهۆیەوە تووشی نسکۆ بوو. لە ساڵی ١٩٩٨ حوسنی موبارەك، سەردانی دیمەشقی کرد و بە حافز ئەسەدی ڕاگەیاند، ئەگەر بەردەوام بێت لە داڵدەدانی عەبدوڵا ئۆجەلان، ئەوا تانکی تورکیا دەگەنە ناو خاکی سووریا، بۆیە ئامۆژگارییەکەیان وەرگرت و دەستبەرداری ئۆجەلان بوون، تا دواتر کەوتە کەمینی هەواڵگریی تورکیا کرایە گرتووخانەوە.

پێش چەند ساڵێك، مەسعوود بارزانی، ئامۆژگاریی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی کرد کە دەرگەی گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان و لایەنگرانی بکاتەوە، ئەوەبوو دانوستان کرا و لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن، لە ئەنجامیشدا کوردانی تورکیا فراکسیۆنێکی گەورەیان لە پەرلەمان پێك هێنا، بەڵام کوردەکان دەڵێن، ئەردۆغان لە هەموو بەڵێنەکانی پاشگەز بووەوە و گەڕایەوە بۆ شەڕکردن. هەندێکیش پێیان وایە، سوڵتان نایەوێ بەوە ناوی بچێتە مێژووەوە کە تاکە سەرۆکی تورکیا بوو، بەرانبەر هەموو یان بەشێك لە داواکانی کورد سەری نەوی کرد، لە دوژمنێکی تر دەترسێ کە ئەتاتورك و شوێنگرەوەکانییەتی.

پێش ساڵێك لە بڕۆکسل، لێدوانم لە ساڵح موسلم وەرگرت، لە کاتێکدا تۆمەتبار بووە بەوەی بەبایەخەوە باسی نزیکبوونەوەی لە

ڕژێمی سووریا دەکرێ و گوایە لەگەڵ شەپۆلی ئەوان سەما دەکا، بەڵام تووشی شۆك بووم کاتێك گوتی: «حیزبی بەعس، هۆکاری وێرانکاری عێراق و سووریا و ناوچەکەیە» زیاتر گوتی «سووریای عەرەبیی بەعسیمان تاقی کردەوە، بەڵام بەڵای بۆ هێناین، بۆچی سووریایەکی دیموکراتی فیدراڵی تاقی نەکەینەوە کە جێی هەموو پێکهاتەکانی ببێتەوە؟». قسەکانی ئەوم بە ئاگادارییەوە وەرگرت، بەتایبەتی لەم دۆخە شەڵەژاو و خوێناوییەی سووریا. ئێستە کە ساڵێکی بەسەردا ڕۆیشتووە، پێدەچێ وێنەکە گۆڕابێ. کوردانی سووریا دەستیان بەسەر ناوچەکانی خۆیاندا گرتووە، ئەگەرچی هێشتا نەیانتوانیوە لێکی بدەنەوە، هەروەها سێ بنکەی سەربازیی بچووکی ئەمەریکییان لەگەڵدایە، نوێنەرایەتیشیان لە مۆسکۆ هەیە.

دووەم فیشەکی کورد، ئەردۆغانی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە، وەك چۆن ئێرانیش تووشی دڵەڕاوکێ بووە، ئاخر ئەو فیشەکە بۆ ئەوانیشە، ڕەنگە هەر ئەوەش بێت کە سوپای ئێران بە هێزێکی زۆرەوە لەسەر سنووری هەرێمی کوردستاندا جێگیر کرابن. ئێستە یارییەکە لە دەستی یاریکەران دەرچووە و تازە زەحمەتە میلی کاتژمێرەکان بۆ دواوە بچنەوە، بۆیە خنکاندنی خەونی کورد و ڕێگریکردن لە فیشەکی سێیەمی کورد، تەنیا بە ڕێککەوتنێکی جددی لە نێوان تاران، ئەنقەرە، دیمەشق و بەغدا دەکرێ، ئەمەش لە ئێستەدا ئەستەمە. ئەمەریکا ئامادە نییە سەرپەرشتی ئەو خنکاندنە بکات و قەیسەریش پێی خۆشە وەك پاسەوانی کەمە نەتوایەتییەکان دەربکەوێ. گومانیشی تێدا نییە، دیمەنی فیشەکی دووەمی کورد، لە بەردەم بەشار ئەسەد و حەسەن نەسرۆڵادا تەقێندراوە، کە ڕێککەوتنی جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانیم بیر دێنێتەوە کاتێك سۆزییان دا

ئـەم هەلـە مێژووییـەی ئەمجـارە لەدەسـت نـەدەن. ئێسـتە هەسـت بـە گریانـی نەخشـەکان دەکـەم، بۆنـی فرمێسـکی میشـێل عەفلـەق دەکـەم لـە گۆڕەکەیـدا.

# کورد دەبێ دڵ بە چ عێراقێك خۆش بکات؟

حـازم سـاغیه نووسـەری نـاسراوی عـەرەب، لـە وتارێکـدا کـە لـە ڕۆژنامـەی «حەیـات»ی لەندەنـی بـڵاوی کردووەتـەوە وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەداتـەوە و تیشـکی خسـتووەتە سـەر ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان و دەڵـێ، دەبـێ کـورد چ دڵێـك بـە داهاتـووی عێـراق خـۆش بـکات، لـە کاتێکـدا هەمـوو ڕژێمەکانـی ٦٠ سـاڵی ڕابـردوو، یـەك لـە یـەك خراپـتر بـوون بـۆی!

لـە وتارەکەیـدا کـە بـە نـاوی «چ عێراقێـك بـۆ کـورد؟» نووسـیویەتی، دوو جـۆر ڕەخنـە لەسـەر بڕیـاری ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان هەیـە، یەکێکیـان پێـی وایـە دۆخـی ئێسـتە گونجـاو نییـە و پێشـهاتە سـتراتیجییەکان لەبـار نیـن، ئـەوی تریـش هـەر لـە بنەڕەتـدا ئەمـڕۆ بێـت یـان سـبەی و بـۆ هەمیشـە قبووڵـی نییـە کـورد ببێتـە خاوەنـی دەوڵەتـی خـۆی. ڕەخنەگرتنـی یەکـەم پێوەسـتە بـە سیاسـەت و ئـەوی تـر لەسـەر

کرۆکی بابەتەکەیە.

ئەو نووسەرە لوبنانییە کە بە یەکێك لە گرنگترین نووسەرانی سیاسیی عەرەب هەژمار دەکرێ کە هەمیشە جێی مشتومڕ بووە، ئاماژە بەوە دەکات: ئەوانەی لە بنەڕەتەوە دژی سەربەخۆییی کوردن بەوەی عێراق پارچە دەبێ و گوایە ئیسرائیلێکی تری بچووك دروست دەبێ، کۆمەڵێ بیانووی دووبارەن و ئەوانەی باسی لێوە دەکەن، هیچ ئاگەداری ئەوە نین کە ئێستە عێراق خۆی هەڵوەشاوە بەبێ ئەوەی ڕابگەیەنرێ. ئەم کەسانە وەك بڵێی هیچ بەلایانەوە گرنگ نییە کورد خۆیان بۆچوونیان چییە و بەلاشیانەوە گرنگ نییە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن بەڵکو بۆچوونیان بگۆڕن یان دەستکاری بکەن یا بە دانوستان چارەیەکی تری بۆ بدۆزنەوە، وەك چۆن کەسێك بە ویستی خۆی ژووری نوستنی خزمەتکارەکەی هەڵدەبژێرێ، بەبێ ئەوەی هیچ ڕایەکی لێ وەربگرێ و پێی دەڵێ لێرە بنوو لێرە وا بکە.

ئەم خۆ گێلکردنە لەوەی کورد چی دەوێ، عەیبەکەی زیاتر لەوەدایە، لە بەرانبەر دا عێراق هیچی پێ نییە وەك جێگرەوە بیانداتێ، یان هیچ وادەیەك نییە بەوەی وەك ڕابردوویان لێ بەسەر نەهێنن. کورد دەبێ دڵ بە چ عێراقێك خۆش بکات؟ عێراقی عەبدولکەریم قاسم کە دەستی بە شەڕ کرد لەگەڵ باکوور؟ یان عێراقی بەعس کە ساڵی ١٩٦٣ هانای بۆ سووریا برد بۆ ئەوەی بیانخاتە ژێر ڕکێفییەوە؟ یان عێراقی عەبدولسەلام عارف کە ڕێککەوتنی لەگەڵ کردن و دواتر لە ساڵی ١٩٦٤ هەڵی وەشاندەوە؟ یان عێراقی ئەحمەد حەسەن بەکر کە ئەویش ڕێککەوتنی لەگەڵ کردن و ساڵی ١٩٧٠ پاشگەز بووەوە؟ ئەی کورد دڵ بە عێراق سەدام خۆش بکات کە ئەنفال و کیمیایی هەڵەبجەی بەسەردا هێنان؟ یان دڵ بە عێراقی دوای ٢٠٠٣ خۆش

بکات کە لەسەر تێگەیشتنیش لە «فیدراڵیی» لەبارەی بودجە کێشەیان هەبوو کە باڵادەستیی شیعەی عەرەبی وەك تۆڵەیەك لە باڵادەستیی سوننەی عەرەبیی ڕابردوو بەسەردا هێنان؟ ئەمانە بەشێکی نووسین ساغیە بوون.

هەروەها نووسیویەتی: ئەم ڕژێمانە لە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕابردوودا لە نێوان یەکتر جیاوازییان زۆر بوو، جیاوازی سیاسی، ئایدۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و مەزەوی، بەڵام هەموویان لەسەر خاڵێك کۆك بوون، ئەویش ملکەچکردنی کوردە لە باکوور، ئەوەی ڕێککەوتە، دووبارەبوونەوەی هەموو ئەوانەی بەسەریاندا هاتووە، بە یاسا دەکرێ.

درێژەی پێ دەدا: عێراق بە دەستی نیشتمانپەروەریی عێراقی سەردەمی قاسم ناڵاندیان و وەك ژوورێك لە ماڵە گەورەکەی عێراق تەماشایان کرا، بەڵام بە دەستی عرووبەی بەعس زیاتر ناڵاندیان، پێش ئەوەی سەردەمەکە بۆ شیعە ڕاگوزەرێ کە لە نێوان شۆڤێنییەت و مەزەوگەرایی دژیان وەستاونەتەوە.

حازم ساغیە دەڵێ: ئایا دەتوانین بۆ نموونە بڵێین، داهاتوو گرەنتی ئەوە دەدات کە سیستەمێکی نوێ بەرهەم بێت لەسەر بنەمای هاوبەشبوون؟ ئەزموونی ڕابردوو دەڵێ بەپێچەوانەوە هەرگیز دروست نابێ.

لە کۆتاییی وتارەکەیدا نووسیویەتی: لە کاتێکدا ئەو ڕابردووە شێواوەمان هەیە، بەو هەموو خوێنەوە، بۆچی بینەقاقەی کورد بگرین و ناچاریان بکەین تا سەر لەگەڵمان لەم زیندانییە بمێننەوە، وەك بڵێی خزمەتکاری مزگەوت بن، لەگەڵمان بن ئەگەر نا خیانەتکارن!

# لە بەرشەلۆنەوە بۆ هەولێر

غەسان شەربل

دراوسێ بەریتانییەکەم چەند ڕۆژێکە شڵەژاوە. لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەکاتەوە و لە تیڤی و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانەوە سەیری هەواڵەکان دەکات و بۆنی ڕووداوێکی مەترسیداری نزیك دەکات. «بریکست» ئازارەکانی خۆی لە عەزرەت ئەو هەواڵانە لەبیر کردووە، تەنانەت کۆنگرەی پارێزگارانی وڵاتەکەشی فەرامۆش کردووە کە لەودیو پێکەنینەکانیانەوە، خەنجەر لەیەکدان شاراوەتەوە. لە هەموو ئەوانە گەورەتر بەلایەوە، ئەگەر ڕیفراندۆمەکەی دوێنێی کەتەلۆنیا، بە سەربەخۆیی کۆتایی هات، چی بەسەر یانەی بەرشەلۆنە دێت؟ بەڕاستی ئەمە کارەساتە، ئاخر ئەو یانە دێرینە لە خولی ئیسپانی نامێنێ و خولەکانی ئەورووپا ش ئەو تامەی جارانیان نامێنێ.

ئەم دراوسێیەم کە لە هەموو شتێکدا زۆر ڕژدە، پێی وایە نابێ کۆمەڵێ سیاسیی کەتەلۆنی، قومار بە داهاتووی یانەیەکەوە بکەن

کـە هێمایەکـی مێـژووی هاوچەرخـە. تەنانـەت ئەوانـەش کـە دەنـگ بـە سـەربەخۆیی دەدەن، پێیـان وا نییـە کـە داهاتوویەکـی سـەرکەوتوویان هەبـێ. ویسـتم کۆمەڵـێ بابەتـی مەترسـیدارتر لەبـارەی کەتەلۆنیاتـان پـێ بڵێـم کـە زۆر لـە داهاتـووی یانەیەکـی وەرزشـی گرنگـترە. ئـەو گوتـی، مـن لـەو ڕووەوە هیـچ ترسـێکم نییـە، چونکـە ئەوروپییـەکان شـەڕی ناوخـۆی نێوانیـان بـۆ هەمیشـەیی تـەڵاق داوە، ئـەوەش کـە لـە یۆگسـلافیا ڕووی دا، تەنیـا ڕووداوێکـی کاتـی و دۆخێکـی تایبـەت بـوون. دامـەزراوە و دەوڵەتەکانـی هەسـارەی ئەورووپـا جەنگـی جیهانییـان لەبیـر مـاوە و تـازە تەنیـا لـە مۆزەخانەکانـدا تۆزەکـەی دەبینـن، پاشـان دۆخـی ئابـووری جارێکـی تـر دواناکـەوێ تـا جارێکـی تـر لەبـەر چەنـد نەتەوەپەرسـتێك بیدەنـەوە دەسـت ڕووسـیا.

دراوسـێکەم نازانـێ کەتەلۆنیا کە پێنج سـەدەیە سـواری شـەمەندەفەری ئیسـپانیا بـووە و لـە تـەواوی ئـەو ماوەیـەدا ویسـتوویەتی لێی جیـا بێتەوە، بـەڵام هەوڵەکانـی سـەرکەوتوو نەبـووە، ئێسـتە ئەگـەر جیـا بێتـەوە، هـی ئەوەیـە ئیرەیـی پـێ ببرێـت، چونکـە لـە هەمـوو هەرێمەکانـی تـری ئیسـپانیا، لـە هەرچـی ڕووە بـاس بکـرێ، باشـترە. تەنانـەت لـە هەمـوو هەرێمێکـی تـری ئەورووپـا باشـترە، شـوێنێکی پێشـکەوتووی پیشەسـازی و سـەرمایەداری و گەشـتیارییە، کولتوورەکـەی جێـی هەڕەشـە نییـە، پایتەختەکـەی کـە بەرشـەلۆنەیە، بـە گەوهـەری ئەورووپـا دەنـاسرێ و باشـترین تێکەڵـەی ئابـووری و ڕۆشـنبیری تێدایـە.

چیرۆکـی کەتەلۆنیـا کەمـێ سـەیرە، ئایـا لای خەڵکەکـەی، ئـەو ئازارانەیـان بیـر دێتـەوە کـە لەسـەردەمانی پێشـوودا تووشـیان بـووە و ئێسـتە ناسیۆنالیسـتەکان لـە ڕێـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە دەیخەنـەوە

هزریـان؟ یـان ئایـا عەولەمـە ناسـنامە تایبەتەکـەی بەئـاگا هێناونەتـەوە، یـان ئـەو شـەپۆلەیە کـە کیبیـك و سکۆتلەنداشـی گرتووەتـەوە و سـەرەی هەرێمـی باسـکیش دێ تـا ئەوانیـش خۆیـان لـە ئیسـپانیا جیـا بکەنـەوە؟

کەتەلۆنییـەکان دەتوانـن مافەکەیـان لـە ژێـر ئـەو بڕیـارەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـاس بکـەن کـە هەمـوو گەلێـك مافی چارەی خۆنووسـینی هەیـە، بـەڵام ئـەو مافـە کاتێـك دەبـێ، ئـەو گەلـە داگیـر کرابێـت و هەڕەشـەی لەناوبردنـی لەلایـەن دەسـەڵاتێکی خوێناوییـەوە لەسـەر بێـت، هەمـوو ئەمانـەش لەگـەڵ کەتەلۆنیـا جێیـان نابێتـەوە، چونکـە تووشـی ئـەو دۆخانـە بەدەسـت ئیسـپانیاوە نەبـوون. هەڵبـەت بیرمـان ناچـێ کـە ئیسـپانیای سـەردەمی فڕەنکـۆ، کەتەلۆنییەکانـی لاواز کـرد و زمـان و کولتوورەکەیانـی کـۆت کـرد، بـەڵام ئێسـتە سـەردەمی فڕەنکـۆ نییـە و ئـەو ئێسـتە لـە ژێـر گـۆڕی مێژوودایـە.

هەمـوو گەلێـك کۆمەڵـێ ئـازاری لـە ژێـر پێسـتیدا جێهێڵـراوە، بـەڵام کەتەلۆنیا ناتوانـی باسـی ئەشـکەنجەیەکی تایبـەت بـکات کـە لـە مـاوەی چەنـد سـەدەی ڕابـردوو تووشـی هاتبـێ، بـۆ نموونـە ناتوانـێ وەك هەرێمی کوردسـتان، باسـی ١٨٠ هـەزار کـەس ئەنفال بـکات، یان ڕووخانـی هەزاران گونـد. یـان چیرۆکێکـی نییـە وەك ئـەوەی هەڵەبجـە کـە لـە ژێـر ڕێنوێنیـی عەلـی کیمیایـی ڕووی دا، تـا بیگێڕێتـەوە. هەرگیـز مەدریـد مووچـەی کارمەندانـی هەرێمـی کەتەلۆنیـای نەبڕیـوە و ناشـیکات، ئـەوە بەختێکـە هەیەتـی کـە هیـچ یەکـێ لـەم ئازارانـەی نەچەشـتووە.

ئەورووپـا شـتێکە و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی تۆقێنـەر شـتێکی تـرە. ئێمـە لـە بەشـە هـەرە هەڵوەشـاوەکەی دونیایـن. لـە کانیـاوی تـرس دەخۆینـەوە و منداڵەکانمانـی پـێ تێـر ئـاو دەکەیـن. نەخشـەکانمان شـیتەڵن. دەوڵەتەکانمـان هەمـووی شـیتەڵە. دەسـتوورەکانمان کارتۆنیـن.

ئەگەر ڕەشەبایەك بێت زۆرداری پاسەوانی سەر نەخشەكان هەڵكێشێ، وڵاتەكانمان پڕ دەبێ لە میلیشیا.

هەر جارێكی سەركردەی كورد وشەی دەوڵەتی سەربەخۆی لە زاری بێتە دەر، بوومەلەرزە ڕوو دەدات، مانۆڕی سەربازی لە سنوورەكەی دروست دەكرێ، ترسی ڕووداونەكانی پێشوویان دەهێننەوە بەرچاو و تەپڵ لێ دەدرێ و بۆنی جەنگ بەرز دەبێتەوە.

دوێنێ هەر لە كاتی ڕیفراندۆمەكەدا، هەموو ئەورووپا سەیریان دەكرد و بە ڕوونی گوتیان، هەرگیز نابێتە هۆی وڵاتێكی سەربەخۆ. مەدرید ڕیفراندۆمەكە بە نایاسایی دەزانێ و وڵاتانی ئەورووپا دانی پێدا نانێن، بەڵام هێزیش لەگەڵ چەندان ملیۆن كەس بەكار ناهێنن، هێز لەگەڵ ئەوانە بەكار دەهێنن كە ئەو تەپڵەیان لێ داوە. هەندێك توێژەر پێیان وایە، باشترین ڕێ بۆ پاراستنی یەكێتیی ئیسپانیا، كۆنفیدراڵییە.

بە دڵنیاییەوە دوێنێ هەریەك لە مەسعوود بارزانی و حەیدەر عەبادی، تەماشای ڕیفراندۆمەكەی كەتەلۆنیایان كردووە، بەڵام هەردووكیشیان باش دەزانن، كولتووری ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، زۆر باوەڕی بە سەمای تانگۆ نییە، لەو سەمایەدا دەبێ هەریەك لە دوو سەماكەرەكە، ئاگای لە جووڵەكانی ئەوی تر بێت. دەزانن كە لە كولتووری ئێمەدا، هاوسەرگیرییەكان هاوسەنگ و شیاو نەبوون، بۆیە تەڵاقەكەش بە شێوەیەكی ئاسایی كۆتایی نایەت. لەگەڵ ئەوانەشدا دەزانن كە لێدانی تەپڵی شەڕ و هێما بۆ خەنجەر، سوودی نییە. ئەوەی عێراق بەسەریدا هاتووە، بەسێتی، ئەوەی كورد بەسەریاندا هاتووە، ئیتر بەسیانە. پێویستە مێزێك هەبێ بۆ ئەوەی بە ڕاشكاوی و بوێرانە بۆچوونەكانی نێوانیانی تێدا باس بكەن. عێراق دەشێ بۆ

کۆمەڵێ ڕێگەچارە بگەڕێ، ئەگەر دەیەوێ خۆی ڕزگار بکات، بەلایەنی کەمەوە دەبێ دوو دەوڵەتی کۆنفیدڕاڵی لە نێوان خۆی و کوردستان دروست بکات.

چیرۆکەکەی کەتەلۆنیا، لە یاریی کلاسیکۆی نێوان بەرشەلۆنە و ڕیال مەدرید دوورترە. چیرۆکەکەی کوردستانیش لە پەنجەگەزینی نێوان هەولێر و بەغدا دوورترە. داننان بە شکستهێنانی پێکەوەژیان، هەنگاوێکی بکوژە، بەڵام بۆ ئەوەی پێکەوەژیان بەردەوام بێت، پێویستە بڕیاری ئازایانە بدەن، چەندە ئازاریشی زۆر بێت. هێشتا کات لەبەردەم مەدرید و بەرشەلۆنە ماوە، کاتیش لە نێوان بەغدا و هەولێر ماوە، تا بە ڕێی ئاشتییانە، چارەسەری خۆیان بکەن و هەموو لایەکیش ڕازی بن.

### ئێران شکستی بە کورد هێنا

## ئایا واشنتن بارزانی کۆ دەکاتەوە؟

جۆرج سەمعان

لەمڕۆدا بەرزکردنەوەی چەقۆکان بە ڕووی مەسعوود بارزانیدا هیچ سوودێکی نییە. ئەوەش سوودی نییە کە عێراقییەکان ڕۆڵی سەرکردە تاڵەبانییەکان بەرز دەنرخێنن کە بڕیاریان دا بکەونە ژێر ڕکێفی قاسم سلێمانی و کەرکووك بەبێ شەڕ بەدەستەوە بدەن. بە گشتی کورد تووشی کۆستێکی گەورە بوون کە هەرگیز لەبیری ناکەن، قووڵیی تاڵاوەکەشی لەبەر ئەوەی کە بە دەستی ئێران بەسەریان هات. کورد واز لە «خەونی سەربەخۆیی» ناهێنێ. ئەمە تاقیکردنەوەی یەکەم نەبوو، دوایەمینیش نابێ. ئێستە لۆمە و گلەییەکانیان لەسەر سەرکردەکانیانە و لەسەر هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی کە پێیان وایە بەزەییان پێیاندا نەهاتەوە و ڕێگر نەبوون لە بەردەم ئەم هێرشەدا. کەس لە بەردەم بەرپرسیارییەتی ئەم دۆخەی بەسەریاندا هات ناتوانێ ڕا بکات.

براوەی یەکەم تاران بوو، حەیدەر عەبادیش بردییەوە، ئەنکەرە و هەموو ئەوانەش کە دژی ڕیفراندۆم بوون. دوو حیزبە کوردییە گەورەکەش ئەم گەڕەیان دۆڕاند. ئەوەی ڕووی دا لێدانێکی بە ئازار بوو بە ڕووی هەموو حیزب و هێزە هەرێمییەکان، هیچ حیزبێکیان براوە نین. ئێستە لاپەڕەی ڕیفراندۆم هەڵراوەتەوە، ئەگەرچی ئەنجامەکەی هەر لە بەردەم ویژدانی زۆرینەی کوردا ماوەتەوە. بەڵام بوو بە ڕابردوو. ئێستە ڕیفراندۆم مەرجێك نییە لە گفتوگۆی نێوان هەولێر یان کورد بە گشتی لەگەڵ بەغدا. لاپەڕەیەکی نوێ کراوەتەوە، بگرە نەخشەیەکی نوێ لە هەرێم و عێراق بە گشتی نەخشێنراوە.

نەخشەی کوردستان لە بەردەم بەرپرسیاریەتی دەبێ، ڕەنگە دوای ئەم نسکۆیە بە تەواوی گۆڕابێت. بەغدا پێی وایە، ئەوەی سیستەم و ڕژێمەکانی پێشوو پێیان نەکرا، ئەم کردی. ئەوەتا بە لێشاویش دابەشبوون لەناو ڕیزەکانی کورد دروست دەبێ کە لە بەردەم هەڕەشەیەکی گەورەیە و دەیەوێ خۆی لە شەڕێکی تری ناوخۆ لە نێوان هێزەکان بپارێزێ. ئەوەی عەرەبی عێراق ئاهەنگی بۆ دەگێڕن، ئەوەیە کورد هیچی لەوان زیاتر نییە. گەورەترین بەڵگە، بەدەستەوەدانی هەموو ئەو خاکەی دوو ساڵ زیاترە وەریان گرتووەتەوە، تا دەگاتە تۆمەتەکانی خراپیی ئیدارە و کەڵەکەبوونی گەندەڵی و خراپیی سیستەم و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کێشمەکێشی خێڵەکی و ناوچەیی و تەنانەت خانەوادەییش. ململانێکانی نێوان هەولێر و سلێمانی و دەستێوەردانە دەرەکییەکان لە کۆن و نوێدا، ئەمانە هەموو کێشەن و زیندوو بوونەوە.

بە دڵنیاییەوە بارزانی گرەوی لەسەر ئەو پێوەندییە مێژووییە کردبوو کە لەگەڵ ئەمەریکادا هەیەتی کە بنکەی سەربازیی خۆیان

لـە نزیکـی کەرکـووك دانـاوە و نایەڵـن هەرگیـز شـەڕ لـە دژی هەرێمـی کوردسـتان بکـرێ، چونکـە پشـکدارێکی گـەورەی شـەڕی داعـش بـووە. بـەڵام دواتـر دەرکـەوت، لەکاتێکـدا وا جووڵـەی سـوپای عێـراق و میلیشـیاکان دەبینـن، هیـچ جووڵەیـەك ناکـەن. دۆناڵـد ترەمـپ پابەنـد بـوو بـە قسـەکەیەوە، بێلایەنـی لـە کێشـەکان هەڵبـژارد. تەنانـەت چاوپۆشـی لـە ڕۆڵـی قاسـم سـلێمانی کـرد و سـەرۆکی هەرێمـی بـە تەنیـا هێشـتەوە، وەك بڵێـی دەیانـەوێ تۆڵە لە کـورد بکەنەوە چونکـە گوێبیسـتی ئامۆژگارییەکانی واشـنتن نەبـوو. یـان ڕەنگـە نەیویسـتبێ ڕێگـر بێـت لـە بـەردەم حەشـدی شـەعبیدا لـە شـەڕی لەناوبردنـی داعـش، چونکـە دەیـەوێ پێگـەی عەبـادی لـە بەرانبـەر ڕکابەرەکانـی بەهێـز بێـت.

لـە سـاتی نزیکبوونـەوەی ڕیفرانـدۆم، بارزانـی هەسـتی بـە مەترسـیی دۆخەکـە کـرد، بـە تایبەتـی کاتێـك زمانـی هەڕەشـەی تـاران و ئەنکـەرە بەرزتـر بوونـەوە. دەشـیزانی ئەگـەری هەیـە پێشـبینییەکانی هەڵـە بـن، بـەڵام هیـچ کاتێك بـۆ پاشـگەزبوونەوە نەمابـوو. کاتەکـە تەواو بووبـوو، ئیتر نەیدەتوانـی پاشـگەز ببێتـەوە، چونکـە داهاتـووی سیاسـیی خـۆی پێوەسـت کردبـوو بـەو ڕیفراندۆمـەوە، هەروەهـا هەڵوێسـتەی ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفراندۆمیـش بـە هەمـان شـێوە. پاشەکشـە شکسـتێکی گـەورە دەبـوو.

کێشـەکە ئێسـتە لـە گفتوگـۆ و دانوسـتانی نێـوان بەغدا و سـەرکردەکانی کـوردە، پرسـیارە گەورەکـە ئەوەیـە، کـێ نوێنەرایەتـی کـورد لـەو دانیشـتنانەی لەگـەڵ بەغـدا دەکات؟ ئایـا بارزانـی دەبـێ، یـان پرۆژەکـەی گـۆڕان کار دەکات؟ خـۆ ناشـکرێ ئـەو سـەرکردانە بێـت کـە کەرکووکیـان بەدەسـتەوە دا و کەوتنـە ژێـر ترسـی قاسـم سـلێمانییەوە؟ ئـەی ئایـا دەستپێشـخەرییەکەی بەرهـەم سـاڵح قبـووڵ دەکـرێ؟

پرسـیارێکی تـر، ئایـا لـە دانوسـتانەکان باسـی چـی دەکـەن؟ ئـەو

کێشـانەی لەسـەر جیابوونـەوە هەیانبـوو، تـازە نەمـان و کۆتایـی پـێ هـات، بیـرە نەوتـەکان ئێسـتە بـە دەسـتی بەغـداوەن، عەبادیـش پێشـوەختە ڕای گەیانـد مووچـەی کارمەنـدان ڕاسـتەوخۆ لـە ناوەنـدەوە دەدرێ. مـادەی ١٤٠یـش کـە پێوەسـتە بـە کەرکووکـەوە، دوای گرتـەوەی شـارەکە، هیـچ نرخێکـی ئەوتـۆی نەمـاوە. شـارەکە وەك پێشـتر دەبـێ، نەوتەکـەی بـۆ عێراقـە و پارێزگارەکەشـی بـۆ یەکێتـی دەبـێ لەژێـر ئیـدارەی بەغـدا.

بـە حوکمـی ئـەو پێوەندییـەی یەکێتـی بـە بەغـداوە هەیەتـی، باسـی هەرێمێکـی نـوێ دەکـرێ لـە نێـوان کەرکـووك و سـلێمانی و هەڵەبجـە، بـەڵام هەرگیـز ئەمـە لۆجیـك نییـە، دوای ئـەوەی عێـراق شـارەکەی گـرت، جارێکـی تـر بیخاتـەوە ژێـر ڕکێفـی هەرێمێکـەوە.

هاوپەیمانەکانـی بارزانـی و دژەکانیشـی هیـوای نسـکۆیەکی گەورەیـان لـەو و حیزبەکـەی دەخواسـت، بـۆ ئـەوەی خۆیـان بەهێـز بکـەن، ئـەم ڕووداوانـەی دواییـش کاتێکـی دەوێ بـۆ ئـەوە، ئـاوا بـە ئاسـانی بەبـێ ئـازار تـەواو نابـێ. قاسـم سـلێمانی و هاوپەیمانەکانـی لـە هێـزە شـیعە عێراقییـەکان لـە سـەرروویانەوە نـووری مالیکـی بردیانـەوە، بـەڵام عەبادیـش توانـی شـەڕی دووەم بباتـەوە و دەبێتـە ڕێگـر لـە بـەردەم ڕکابەرەکانـی بـۆ ئـەوەی لـە هەڵبژاردنـی داهاتـوو کورسـییەکەی لـێ نەسـتێننەوە، چونکـە دوو ئامانجـی سـەرەکی پێـکا، ئـەو شـارەی مالیکـی بەدەسـتییەوە دا، ئـەم لـە دەسـتی داعشـی سـەندەوە، عێراقیشـی لـە دابەشـبوون بەبـێ شـەڕ پاراسـت و زۆرتریـن خاکـی گرتـەوە.

بیرمـان نەچـێ، مالیکـی پەسـتانێکی زۆری دروسـت کـرد دوای ئـەوەی داعـش عێراقـی گـرت و هەڕەشـەی دەکـرد و حەشـدی خسـتە نـاو شـەڕەکانەوە و لـە ڕووداوەکانـی کەرکووکیـش بـە تـەواوی بەشـداریی پـێ کـردن، ئایـا تـاران ئـەم جـارەش دەسـتبەرداری مالیکـی دەبـێ وەك

چـۆن ٢٠١٤ دەسـتبەرداری بـوو، چونکـە نەیویسـت دژی مەرجەعـی بـاڵای شـیعەی عێـراق بوەسـتێتەوە.

ئایـا دۆناڵـد ترەمـپ دوای ئـەوەی لـە سـتراتیجییە نوێیەکەیـدا پاسـداری خسـتە لیسـتی تیـرۆرەوە و بەڵێنـی دا نابـێ لـە وڵاتـە عەرەبییـەکان پێگەیان هەبـێ و دەیـەوێ ڕۆڵـی هاوبەشـەکانی لـە ناوچەکـە بزانـێ، ئایـا ترەمـپ واز لـەو پێوەندییـە مێژووییـە لەگـەڵ بارزانـی دەهێنـێ کـە سـەرۆکایەتی کـورد دەکات؟ ئایـا کار دەکات بـۆ بەهێزکردنـەوەی یـان بـە تەنیـا جێـی دەهێڵـێ بەرەنـگاری کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران ببێتـەوە؟ ئەگـەر وا بـکات، ئیـتر چ مانایـەك بـۆ سـتراتیجییەکەی واشـنتن دەمێنێتـەوە؟

ئەنکـەرەش کـە سـوودمەند بـوو لـە گەڕانـەوەی کەرکـووك و سـەندنەوەی لـە دەسـتی کـورد، ئایـا لاپەڕەیەکـی نـوێ لەگـەڵ بارزانـی هەڵدەداتـەوە، بـۆ ئـەوەی پێکـەوە بەرەنـگاری پەکەکـە ببنـەوە؟ تورکیا پێی وایـە شـاری کەرکـووك تورکمانییـە، بۆیـە هۆشـداری بەغـدای دا ئەوانیـش نەبنـە هـۆکاری گۆڕینـی دیمۆگرافیـای شـارەکە. نازانیـن تـا چەنـد ئـەم هەڕەشـەیە دەبێتـە ڕاسـتی لـە کاتێکـدا میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی نزیـك لـە ئێـران لەوێـن؟

ڕووداوەکانـی کوردسـتان سـەلماندی کـە هێشـتا کاتی گۆڕینی نەخشـەی ناوچەکـە نەهاتـووە کـە کاتـی خـۆی جـۆرج پیکـۆ و مارك سـایکس دروسـتیان کـرد. کۆدەنگییەکـی نێودەوڵەتـی وڵاتـە زلهێـزەکان و وڵاتـە کاریگەرەکانـی ناوچەکـە لـە عـەرەب و تـورك و ئێرانییـەکان بـۆ مانـەوەی ئـەم سـنوورانە وەك خـۆی هەیـە. دوورتریـن خـەون کـە پێکهاتەکانـی ناوچەکـە ببینـن، بریتییـە لـە فیدراڵییـە و دونیـا کاتـی نییـە بـۆ ئـەو شـەپۆلی جیابوونـەوەی ڕووی لـە ئەورووپـا و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـردووە، چونکـە دەیخاتـە شـەڕێکەوە کۆتایـی نایـەت.

# بگرە خەونی کورد نزیکتر بووەتەوە

عەدنان حوسێن

وای نابینـم دەرئەنجامەکانـی ڕیفرانـدۆم بـۆ مافـی چـارەی خۆنووسـینی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق و ناوچـە جێناکۆکـی لەسـەرەکان، خەونـی سـەربەخۆیی کـوردی دوور خسـتبێتەوە، وەك چـۆن بەشـێك لە شـیکارەکان دەینووسـن و دەیڵێـن.

خـۆی پێـش ڕیفراندۆمـی ٢٥ی ئەیلوولـی ڕابـردوو، خەونـی کـورد بـۆ ئـەوەی ببـێ بـە ڕاسـتی، لـە بنەڕەتـدا نزیـك نەبـوو تـا ئێسـتە دووری خسـتبێتەوە، بەڵکـو دوای ڕێککەوتنـی ڕژێمەکانـی عێـراق و ئێـران و تورکیـا لەسـەر سـزادانی کـورد تەنیـا لەبـەر ئـەوەی مومارەسـەی ئازادیـی ڕادەربڕینیـان کـردووە کـە لەبـارەی داهاتوویانـە، وەك گەمـارۆ و بڵاوکردنـەوەی هێـز بەسـەر تـەواوی ناوچـە جێناکۆکـی لەسـەرەکان و ناوچـە سـنوورییەکان نزیکـی کـردەوە.

لـە مـاوەی سـەدەیەکی تـەواوە، لەوەتەی جەنگـی یەکەمـی جیهانییەوە

کـراوە و دواتـر ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دابـەش کـران، ئـەم خەونـەی کـورد، لـە بـەردەم هاوکێشـە نێودەوڵەتییەکانـدا دیـل کـراوە و ڕێیـان پـێ نـەدراوە لـە نێـوان ئەو چـوار وڵاتـەی دابەش کـراون، کۆ ببنەوە. تاکـە جیاوازیـی نێـوان پارچـەکان، ئـەو پارچەیەیانـە کـە بـە عێراقـەوە لکێـنراوە، چونکـە ئەنجامـی خەباتـی ئاشـتییانە و خەباتـە چەکدارییەکانیـان توانـی حوکمـی زاتـی لـێ دروسـت ببـێ و هـەر لـە سـەردەمی سـەدام حوسـێنیش کەمێـك مافەکانیـان دەسـت بکـەوێ، بـەڵام عێـراق بـەوەش ڕازی نەبـوو، بـە چەکـی کیمیایـی لێـی دان و ژێـر خاکەکـەی پـڕ کـردن لـە گـۆڕی بـە کۆمـەڵ، دوای ڕووخانـی ئـەو ڕژێمـەش، نیمچـە فیدراڵییەتێکیـان وەرگـرت، بـەڵام هەرگیـز سـەقامگیر و گرێنتـی نەبـوو، ئەویـش هـەر لـە دۆخێکـی شـڵەژاو هێشـتنییەوە.

جگـە لـەوەی ڕیفراندۆمەکـە بـووە هـۆی کۆسـتێکی تـر بـۆ کـورد، بـەڵام هەڵسـوکەوتە بـێ پلانەکانـی حکوومەتـی عێـراق لـە دژیـدا ئەنجامـی دا، ڕەنگـە ئەنجامەکـەی ببێتـە پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەوەی بۆچـی کورد ویسـتی ڕیفرانـدۆم بـکات. عێـراق بـە بیانـووی پاراسـتنی یەکێتیـی عێـراق، ئـەم هەڵسـوکەوتانەی کـرد، بـەڵام یەکێتیـی هـەر وڵاتێـك دروسـت نابـێ، ئەگـەر یەکێتـی لـە نـاو پێکهاتـە نەتەوەیـی، ئایینـی، مـەزەوی و سیاسـییەکانی گەلەکەیـدا دروسـت نەبێـت. وا دیـارە ئـەوەی ڕێوشـوێنانەی عێـراق گرتنییە بـەر، پاڵیـان پێـوە دەنێـت سـوور بـن لەسـەر دۆزەکەیـان، بەتایبەتـی لەنـاو نـەوە تازەکەیـان کـە پێشـتر دەسـەڵاتی عێراقیـان نەبینیـوە و ئامـادە نیـن ئـەو دۆخـە ببینـن کـە لـە پـڕ بەسـەریاندا دەسـەپێنرێ، ئـەوان چارەکـە سـەدەیەکە خۆیـان بەڕێـوە دەبـەن، هیـچ هەڵوێسـتێکی توندیـان نەبینیـوە، بۆیـە ناتوانـن ئەمـەی ئێسـتەی بەغـدا قبـووڵ بکـەن.

پێشـتر بژاردەیەکـی ڕۆشـنبیر و سیاسـیی کـورد بـە باشـی عەرەبییـان

دەزانــی، خەڵکەکــەش بــە گشــتی ئاشــنای زمــان و ئەدەبەکــە بــوون و دەیانخوێنـد و ژمارەیـەك نووسـەری نـاسراو بوونـە بەشـێك لـە بزووتنـەوەی ڕۆشـنبیریی عێراقـی و لەژێـر کارێکـی سیاسـیی نیشـتمانیی فراوانـدا لـە حیزبـی شـیوعی و جگـە لـەو حیزبـەش کاریـان دەکـرد، تەنانـەت پارتـە کوردییـە نەتەوەیییەکانیـش لـە دوا شـارە عەرەبییـەکان کاریـان دەکـرد و بەشـێك بـوون لـە خەباتـی نیشـتمانیی عێـراق دژی ڕژێمـی پێشـوو، بـەڵام ئێسـتە بەدەگمـەن کوردێکـی ئـەم نەوەیـە ببینـیٚ عەرەبـی بزانـیٚ یـان هـەر سـەردانی بەغـدا و بەسـڕە و شـارەکانی تـری کردبـیٚ، ئەمـەش تەنیـا لەبـەر ئـەوە نییـە کـە ئـەو شـارانە بـاری تەناهییـان سـەقامگیر نییـە، بەڵکو لەبـەر ئەوەیـە هیـچ کوردێـك بـە پێویسـتی نازانـیٚ فێـری زمانەکـە بێـت یـان سـەردانی ئـەو شـوێنانە بـکات، بـە تـەواوی لێـك دابـڕاون، ئەمـەش هۆکارێکـی سـەرەکییە کـە کـورد بـە زۆرینەیەکـی فـراوان دەنگـی بـە جیابوونـەوە لـە عێـراق دا، ئاخـر ئـەوان بـە هیـچ شـێوەیەك خۆیـان بـە بەشـێك لـەو شـوێنە نازانـن کـە پێـوەی لـکاون.

ڕژێمـی عێـراق، هەرگیـز بیـری لـەوە نەکـردەوە گەلـی کـورد لـە خـۆی نزیـك بکاتـەوە، بۆیـە ئـەو هەڵسـوکەوتانەی دوای ڕیفرانـدۆم ئەنجامیـان دا، بـەلای کـوردەوە لـە سـزای بەکۆمـەڵ زیاتـر هیچـی تـر نییـە، ئەمـەش وا دەکات بزووتنـەوەی تـری نەتەوەیـی لـە کوردسـتان دروسـت بێـت کـە زۆر تونـد بـن لـە دژی عێـراق و هەرگیـز نـە سـەرۆك مەسـعوود بارزانـی و نـە هیـچ سـەرکردەیەکی تـر بتوانـیٚ هێوریـان بکاتـەوە.

ئـەو کارانـەی عێـراق بـۆ پاراسـتنی یەکێتییەکـی کردوویەتـی، وەك هەمـوو کات هێزێکـی شـۆڤێنیی عەرەبـی لـە پشـتە، ئـەم جـارە هێزەکـە ئیسـلامییە، بـە شـیعە و سـوننەوە، ئەمـە جگـە لـە پاشـماوەی بەعسـییەکان کـە هەلێکـی زێڕیـن خراوەتـە بەردەمیـان بـۆ ئـەوەی هەڵمەتێکـی ڕق

و تووڕەیــی بەرانبــەر کــورد دروســت بکــەن و بــە شــێوەیەکی ئاشــکرا لــە هــۆکارە جیاوازەکانــی ڕاگەیانــدن بــڵاوی بکەنــەوە و لــە دەرئەنجامــی داگیرکردنــی ناوچەکانیــان، ســووکایەتییان پــێ بکــەن و ســنووری ســەرکردەکانیان ببەزێنــن.

سیاســیی ســەرکەوتوو ئــەوە نییــە شــوێن فیکــەی جەمــارەر بکــەوێ وەك چــۆن دەســەڵاتی عێــراق بەرانبــەر کــورد شــوێن جەمــاوەری شــۆڤێنی کــەوت، دەتوانــم بــە دڵنیاییــەوە بڵێــم، گوتــاری حکوومــی و سیاســیی بــە گشــتی لــە عێــراق دژی کــورد لــە پــاش ڕیفرانــدۆم، نەیتوانــی چەنــد هــەزار کوردێکیــش لەبــارەی هەڵوێســتی عێــراق ڕازی بــکات، چونکــە هەڵوێســتەکە بــە شــەڕخوازی و لووتبــەرزی و جنێوفرۆشــی دەســتی پــێ کــرد.

ئــەوە گەمژەییــە وا بزانیــن ئــەو گوتــارەی عێــراق و ئــەو ڕێوشــوێنانەی گرتوویانەتــە بــەر بــۆ ئــەوەی کــورد واز لــە خەونــە مێژووییەکــەی بینــێ، بتوانــێ وازیــان پــێ لــێ بێنێــت. ئــەم جــۆرە گوتــار و سیاســەتە، زیاتــر کــوردی دوور خســتەوە، ئێمــە زیاتــر وامــان لــێ کــردن دەســت بــە خەونــە ڕەواکەیانــەوە بگــرن و بــە دڵنیاییــەوە پێویســتیان بــە ١٠٠ ســاڵی تــر نییــە بــۆ ئــەوەی جێبەجــێ ببــێ.

# ڕووخاین.. هەڵدەستینەوە

- بـۆ کـورد، سـاڵی ٢٠١٧ هەرگیـز لەبیـر ناکـرێ. لـە باشـوور ڕیفراندۆمـمان کـرد و بـە جیهانمـان گـوت ناخوازیـن چیـتر بەشـێك بیـن لـە عێـراق، ئەگەرچـی لـەو ڕۆژەوەی پێـوەی لکاویـن، هـەر نەمـان خواسـتووە. لـە ڕۆژئـاوا، کـورد توانـی زۆرێـك لـە سـنووری خاکـی کوردسـتان بگرێتـە دەسـت. ئەگـەر ئێسـتە ڕیفرانـدۆم بکرێتـەوە، بزانـم چیـمان بەسـەر هـات، زیاتریشـی دەچێتـە سـەر، دەنـگ دەدەمـەوە. دەزانـم زۆرینـەی کـورد بـە هەمـان شـێوەن.

- ناپاکیـی ١٦ی ئۆکتۆبـەر، هەرگیـز لـە یـادی مـن ناچـێ، هیـوادارم هیچ کوردێکیـش لەیـادی نـەکات. خـۆ دڵنیـام زۆر بەئاسـانی تێپـەڕ دەبێـت و سـەربەخۆخوازانیش پێشـوازی لـە خیانەتـکاران دەکەنـەوە و ڕەنگـە دیسـان پێکـەوە بـە یـەك لیسـتی هاوبـەش لـە هەڵبژاردنـی پەرلەمانیـی عێـراق بەشـداری بکەنـەوە.

- باشـووری کوردسـتان لـە دوای ٢٠١٧ هەرگیـز ناگەڕێتـەوە دۆخـی جارانـی خـۆی، هەڵبـەت سـەرەتا زۆر خراپـتر دەبـێ و ڕەنگـە تـەواوی ٢٠١٨ بـەو شـێوەیە بێـت، بـەڵام بـۆ داهاتوویەکـی دوورتـر بـە تـەواوی لـە بەرژەوەندیـی کوردسـتان دەبـێ. هەنـگاوی ڕیفرانـدۆم، زۆر لـەوە گەورەتـرە بـە کاردانـەوە ڕاستەوخۆکانی ئێـران و عێـراق و تورکیـا بتوێتەوە، سـەربەخۆیی کوردسـتانی کـردە شـتێکی حەتمـی.

- ڕاسـتە کوردسـتان لـە ڕووی گەندەڵییـەوە، دەعبایەکـی ناشرینـە و لـە لیسـتی وڵاتـە بـێ سـومعەکانە، بـەڵام لـە ڕووی دیموکراتییـەوە لـە لیسـتی وڵاتـە بـاش یـان نیمچـە باشـەکان هەژمـار دەکـرێ و نموونەیەکـی جیـاوازە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. کۆتـی لاچوونـی کەسـی یەکـەم لـە دەسـەڵات لەلایـەن بارزانییـەوە شـکا، ئەمـەش نموونەیەکـی تـری دیموکراتی پێشـکەش کـرد و گرنـگ بـوو.

- بـە گشـتی ناخـی تاکـی کـورد ڕووخـا، ئـەوە گەورەتریـن کۆسـتە بەسـەرمان هاتبـێ. کـورد نەهامەتـی زۆری بینیـوە، بـەڵام هەمیشـە بـە ورە بـووە، ئـەم بـێ ورەییـەی ئێسـتە، ڕەنگـە کاتـی بوێ تـا دەگەڕێتـەوە دۆخی خـۆی، ئاسـانیش نییـە، بـەڵام وەك عەبـدوڵا پەشـێو دەڵـێ: «دەگەڕێیتـەوە سـوێند دەخـۆم» منیـش دەزانـم ئـەم دۆخـە زۆر باشـتر دەبـێ، سـوێند دەخـۆم. هـەر واز لـە قسـەی شـاعیرانەش بهێنیـن، کەمێـك شـیکردنەوە بـۆ ئـەوەی ئێسـتە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەگـوزەرێ، بـە ڕوونـی ئـەو گۆڕانکارییـە ئاشـکرا دەکات.

- هـەر لـەم سـاڵەدا، سەرکەوتنیشـی تێـدا بـوو: توانیـم بـە خوێـن دەنـگ بـە سـەربەخۆیی کوردسـتان بـدەم. ئـەو ڕیفراندۆمـەی سـنووری کوردسـتانی تاپـۆ کـرد. موڵکێـك تاپـۆی خاوەنەکـەی بەسـەرەوە بێـت، هەرچەنـد داگیـر بکـرێ، هـەر دەبـێ بگەڕێتـەوە بـۆ خاوەنەکـەی.

# خەونی سەربەخۆیی کورد لەجێی خۆیەتی

لـە وتارێکـدا کـە ئیلیـاس حەرفووش نووسـەری نـاسراوی عەرەبـی، دوای ڕووداوەکانـی شـانزەی ئۆکتۆبـەر، لـە ڕۆژنامەی»ئەلحەیـات»ی لەندەنـی بـڵاوی کردووەتـەوە، ئامـاژە بـەوە دەکات، ئـەوە تێگەیشـتنێکی هەڵەیـە وا بزانیـن بـە گرتنـەوەی شـاری کەرکـووك، خەونـی سـەربەخۆیی کـورد کۆتایـی پـێ هاتـووە، ئاهەنگـی عێـراق و شـیوەنی هەرێمـی کوردسـتان زێدەڕۆییـان تێدایـە.

ئـەو نووسـەرە ئاماژە بـەوە دەکات، تەنگـژەی نێوان هەرێمی کوردسـتان و عێـراق، ئەمڕۆ نییـە دروسـت بـووە و شـتێکی بـێ وێنـەش نییـە، چونکـە نزیکـی هەمـوو ئـەو وڵاتانـەی وەك عێـراق بـە شـێوەی فیدراڵـی نەتـەوە و پێکهاتـە جیـاکان بەیەکـەوە بەسـتراونەتەوە، لـە تەنگـژەدان و لـە مـاوەی سـاڵانی دواییـش، زۆربەیـان حـەزی جیابوونەوەیـان لـە وڵاتـە ناوەنـدەی پێـوەی لـکاون نەشـاردووەتەوە و هەندێکیشـیان وەك هەرێمـی کوردسـتان

ڕوویان لە سندووقەکان کردووە بۆ ئەوەی لە ڕێی ڕیفراندۆمەوە ئەو بڕیارە بدەن، بۆ نموونە سکۆتلەندا لە بەریتانیا، کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا و ڤینیسیا لە ئیتاڵیا.

خەباتی کورد لەپێناو ناسنامەکەیان نوێ نییە، تەنانەت هەوڵیشیان بۆ دروستبوونی قەوارەیەکی لە ژێر پڕۆژەیەکی سیاسیی ئایندەدا دەمێکە هەیە، بۆیە ئەوە زێدەڕۆییە بڵێین ئەم پڕۆژەیە بە گرتنی شاری کەرکووك لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە ئیتر دۆڕا و ڕووخا، بیرمان نەچێ تا داعش نەهاتبوو واتە تا ساڵی ٢٠١٤ حکوومەتی عێراق شارەکەی دەپاراست، بەڵام کاتێك ئەو سوپایە نەیانتوانی بەرگری لە مووسڵ بکەن و لە کەرکووکیش کشانەوە، پێشمەرگە بۆ ئەوەی بە هەمان دەردی مووسڵی لێ نەیەت، چوونە شارەکەوە و پاراستیان.

گرتنەوەی کەرکووك لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، بە تایبەتی بەم شێوەیە کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی خۆیان پێدا کرد و لە دۆخێکی ئاهەنگگێڕاندا، سووکایەتییان بە ناسنامەی کوردی شارەکە دەکرد و سنووریان بەزاندن، زیاتر هەستی کورد دەگەیەنێتە ئەو بڕیارەی ئینتیمای بۆ عێراق نەمێنێ و بۆی دەرکەوێ ئەوە وڵاتی ئەو نییە، ئەی ئەوە نییە بە چوونی ئەو هێزانە بۆ شارەکە، بە دەیان هەزار خانەوادەی کورد چۆڵیان کرد! ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کورد عێراقی ناوێ و عێراقیش بە سووکایەتی تەماشای کورد دەکات، باشترین بەڵگەش پەیامی عەلی سیستانی مەرجەعی شیعە بوو، داوای کرد پارێزگاری لە دۆخی تەناهیی کوردەکان بکەن.

زۆر کەس پێی وایە، مادەم سوپای عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کەرکووکیان گرت، ئیتر مەسعوود بارزانی دۆڕاوە، چونکە بە هەڵە شارەکەی خستە ناو پرۆسەی ڕیفراندۆمەوە، بەڵام ئەمەش

زێدەڕۆییـیـە و خوێندنەوەیەکـی تـەواو نییــە، چونکــە لــە ســەردەمی سـەدامەوە هـەوڵ دەدرێـت بـە چەنـدان ڕێ وەك تەعریبکردنـی شـارەکە، دەسـتکاری دیمۆگرافیـای بکـرێ، بـەڵام ئـەوان هـەر بـەرەو ئـەو خەونـە دەڕۆن کـە بارزانـی هەوڵـی بـۆ دا. ئێسـتەیش ئەو شـارە ناگاتە سـەقامگیری تـا بـە بڕیـاری خەڵکەکـەی خـۆی نەبـێ.

ڕەنگــە دوای کەرکــووك، ئــەم جــارە بــە شــێوەیەکی لۆجیکیانەتــر و سیاسـەتێکی ژیرانەتـر کـورد هـەوڵ بـۆ ئامانجەکانـی بـدات و خوێندنـەوەی هەڵـە بـۆ پێشـبینییەکان نـەکات، بـەڵام هەرگیـز لـە خەونەکـەی ڕای ناگرێ. بــەلای منــەوە ئــەم گرتنەوەیــەی کەرکــووك، پێویســتە زیاتــر حکوومەتــی ناوەنـد هۆشـیار بکاتـەوە، ئـەو خەونـەی هەیەتـی کـە لـە ڕێـی هێـزەوە دەسـەڵاتی بەسـەر هەمـوو عێراقـدا بسـەپێنێ، ئـەوا سـەر ناگـرێ، چونکـە ئینتیـمای خەڵـك بـۆ وڵاتەکەیـان بـە زۆر دروسـت ناکـرێ، کوردیـش هیـچ ئینتیمایەکـی بـۆ عێـراق نییـە.

پێویستیشــە ئــەوە بزانیــن عێــراق لــە ڕێــی ســوپایەکی نیشــتمانییەوە هەوڵـی گەڕانـەوەی ئـەو خاکانـەی بـۆ ژێـر ڕکێفـی خـۆی نـەداوە، بەڵکـو ئـەوەی کارەکـەی کـردووە، هێزێکـی میلیشـیای مەزەوییـە و بە ئـاڵا ئایینییە مەزەوییەکانییــەوە خــۆی بــەو ناوچانــەدا کــردووە و لــە شــەقامەکانی کەرکووکـدا بـەرزی کردوونەتـەوە. هێزێکـی لـەم شـێوەیە هەرگیـز هیـوا و دڵدانـەوە بـە هاووڵاتییـان نابەخشـێ، بەڵکـو تووشـی تـرس و دڵەڕاوکێیـان دەکات، هــەر ئەمەشــە وای لــێ کــردن شــارەکەیان جــێ بهێڵــن.

خسـتنەوە کەرکـووك بـۆ سـەر دەسـەڵاتی عێـراق، خەونـی کـورد لەبـار نابـات. ئـەو کاتـە ئـەو خەونـە لەنـاو دەچـێ، کاتێـك کـوردەکان هەسـت بکــەن لــەو وڵاتــەی تێیــدان، هــی خۆیانــە و ئینتیمایــان بــۆی هەیــە و بەرژەوەندییەکانیـان دەپارێـزێ و جیاوازیـی لـە نێـوان نەتـەوە و ئاییـن و

تویـێـژەکان نـاکات. بـەڵام کاتێـك گرتنـی شـارەکە بـە سەرپەرشـیی قاسـم سـلێمانی دەبـێ، ئەوەنـدەی تـر هەسـتی کـورد بـەرز دەکاتـەوە و لەسـەر دۆزەکـەی توندتـری دەکات، وەك چـۆن هەسـتی هەمـوو خەڵکـی دونیـای بـۆ ئـەوە ڕاکێشـا کـە تـاران هاوبەشـێکی کاریگـەرە لـە سـەرکردایەتیکردنی بەغـدا و هەرگیـز بەبـێ ئـەوان بڕیـاری پـێ نـادرێ.

# مارشی سەربەخۆیی

حەمەسەعید حەسەن

وەکوو کێو ڕەمزی بەرگرین
وەکوو هەڵۆ
بەدەم فڕینەوە دەمرین

خوێنمان بڕژێ
دەبێ بە گوڵ بۆ سینگی شاخ
لەشمان بڕزێ
دەبێ بە فەڕ بۆ کێڵگە و باخ

بە خوێن سنوورمان کێشاوە
بستێ ناگەڕێینە دواوە

دێوی مەحاڵ کەوی دەکەین
سەر بە نەیار نەوی دەکەین
لە دڵمانەوە هەڵدەقوڵێ
عیشقی وەڵات
هەر دەبوو ڕۆژێ بەر بگرێ
داری خەبات

وەکوو کێو ڕەمزی بەرگرین
وەکوو هەڵۆ
بەدەم فڕینەوە دەمرین